ژمارە: ٤٠٥
٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٣
١٩ی ژانویة ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پیــرۆزبایی



ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" لەگەڵ هاتنی جێژنی پیرۆزی قوربانو، لە بەرەبەری پەنجاونۆیەمین ساڵرۆژی ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستان دا، دەگاتە دەستی خوێنەران. پیرۆزبایی جێژنی قوربان لە موسوڵمانەکانی کوردستان، ئێرانو جیهان دەکەینو لە پێشوازی بیرەوەریی ڕووداوی مێژوویی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، سەرکەوتنی خەباتو تێکۆشانی داواکارانی ڕزگاریی گەلی کورد بەتایبەتی درێژەدەرانی ڕێگای سەرکۆماری شەهید پێشەوا قازی محەممەدو هەڵگرانی ئاڵای کۆماری کوردستان بە ئاوات دەخوازین.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

کۆماری کوردستان بەشێك لە یادەوەریی کوردانەمان ٢
کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراقو چەند قسەیەك ٢
کۆماری کوردستان لە بیرەوەریی سەعید هومایون دا ٤
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٥
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨
فێدرالیزمو دژایەتیی شۆڤینیستانە ٩

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز مەحموود عەبباس، سەرۆکی حکوومەتی فەلەستین



**بەڕێز جەنابی مەحموود عەبباس**
**سەرۆکی حکوومەتی فەلەستین**

بە سڵاوێکی گەرم،

بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێزتان بە سەرۆکی حکوومەتی فەلەستین بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی پیرۆزباییت لێدەکەم.

بەو هیوایەی گەلی فەلەستین لە ژێر ڕێبەرایەتیی بەڕێزتاندا بە مافی ڕەوای خۆی کە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆیە بگاو ژیانێکی خۆشو ئەمنییەتو ئاسایشێکی بەردەوام بە خۆیەوە ببینێ.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری** ٢٠٠٥/١/١٢

## سەرکەوتنی دیموکراسی لە فەلەستین



کەرتی ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن، باریکەی غەززەو بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری قودس، هەڵبژاردن لە نێو فەلەستینییەکان بە مەبەستی دیاریکردنی جێنشینێك بۆ یاسر عەرەفات بەڕێوە چوو. مەحموود عەبباس سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بە وەدەستهێنانی سەدی ٦٣ی سەرجەمی ئەو دەنگانەی خرابوونە سندووقەکان، بەسەر کاندیداکانی دیکەدا سەرکەوت. عەبباس لە یەکەم ئاخاوتنی بە دوای ڕوونبوونەوەی سەرکەوتنی لەم هەڵبژاردنەدا گوتی: من ئەو سەرکەوتنە پێشکەشی گیانی یاسر عەرەفات، خەڵکی خۆمانو هەروەها شەهیدانو یازدەهەزار زیندانیی فەلەستینی (لە بەندیخانەکانی ئیسرائیل دا) دەکەم. مستەفا بەرغوتی کاندیدای سەربە حیزبی هەنگاوی نەتەوەییو ڕقەبەری جیددیی مەحموود عەبباس، وێڕای داننان بە شکستی خۆی، ئەم هەڵبژاردنەی بە "سەرکەوتنێکی دیموکراسی لە فەلەستین دا، ناوبرد.

هەڵبژاردنی ٩ی ژانویە لە لایەن چەندین گرووپی توندڕەوی فەلەستینییەوە، یەك لەوان بزووتنەوەی حەماس، تەحریم کرابوو، بەوحاڵەش یەك میلیونو ٨٠٠/٠٠٠ کەس (نزیکەی سەدی ٦٦ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە)، تێیدا بەشدار بوون.

ئەمریکا خۆشحاڵیی خۆی لە سەرکەوتنی مەحموود عەبباس دەربڕیو سەرۆك وەزیری ئیسرائیلیش پیرۆزبایی بە ناوبراو گوت. چاوەڕوان دەکرێ بە دوای هەڵبژێرانی مەحموود عەبباس بە سەرۆکی فەلەستین، وتووێژی نێوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکان لە کەشوهەواو هەلومەرجێکی باشتر لە پێشوودا، دەست پێبکاتەوەو ئاکامی باشیشی لێبکەوێتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی ژانویەی ٢٠٠٥، لە

## هێرش کرایە سەر فڕۆکەخانەی شاری سنە

شەوی سێشەممە ڕێکەوتی ١٤ی بەفرانباری ١٣٨٣ (ژانویەی ٢٠٠٥) چەند چەکدارێکی نەناسراو بە چەکی کلاشینکۆف هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەی شاری سنەو چەند فیشەکێکیان پێوە ناوو دەرچوون. هێزەکانی ئێران نەیانتوانی هیچ دژکردەوەیەك لە خۆیان نیشان بدەن.

مالپەری "کوردستانی ڕۆژهەڵات"

## بە نیشانەی هاوپێوەندی لەگەڵ کرێکارانی مانگرتووی سنە

سەرۆکی کۆنگرەی کاری کانادا، "کێنێت ئۆ. جۆرجتی" ڕۆژی ٧ی ژانویە لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی نەسساجیی کوردستان لە شاری سنەدا، نامەیەکی بۆ محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نارد. لەو نامەیەدا، کە وێنەشی بۆ وەزیرانی دەرەوە، کارو هاوکاریی نێونەتەوەیی کاناداو سەفارەتی ئێران لەو وڵاتە ناردراوە، هاتوە:

" بە نوێنەرایەتی لە لایەن ٣ میلیون کرێکاری کانادایییەوە، هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ ٣٥٠ کرێکاری مانگرتووی کارخانەی نەسساجیی کوردستان لە شاری سنە ڕادەگەیەنین. ئەم مانگرتنە کە لە ڕۆژی ٢٢ی دیسامبری ٢٠٠٤ەوە دەستی پێکردوە، دوا نموونە لە مانگرتنەکانی ئەم دوو مانگەی دوایییە. ئەم مانگرتنە بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە دەرکرانی ئەو کرێکارە خاوەن ڕابردووانەیە کە بە شێوەی کاتیو کۆنتراتی کاریان دەکردو قانوونی کار، نەیدەگرتنەوە. ساڵی ڕابردوو ١٧٥ کرێکار کە لەو هەلومەرجە دابوون، بێکار کران. کرێکارانی مانگرتوو داواکاری مافو هەقدەستی باشتر بۆ کرێکارانی وەدەرنراو یا گەڕانەوەی ئەوان بۆ سەر کارو کۆتایی هێنان بە دامەزراندن بە شێوەی کۆنتراتیو هەلومەرجێکی باشتری لەشساغیو کاری لە شوێنی کاریان دا دەوێ".

کۆنگرەی کاری کانادا، پاش ئاماژە بە هەڕەشەو فشاری هێزە ئەمنییەتییەکانو خاوەن کارەکانو گرتنی نوێنەری کرێکارانی مانگرتوو لە لایەن ڕێژیمەوە، ئاماژەی بە دەست پێکرانەوەی موحاکەمەی کرێکاران لە سەقز لە ڕۆژی ٢٩ی دیسامبری ڕابردوودا کردووە بە خاتەمیی ڕاگەیاندوە کە کرێکارانی سنەو سەقز لە لایەن بزووتنەوەی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کریکارییەکان پشتیوانییان لێدەکرێ.

## ئەیاد عەللاوی: پێوەندیی تیرۆریستەکانو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە بەغدادا، ئەیاد عەللاوی سەرۆك وەزیری دەوڵەتی کاتیی عێراق، لەسەر پێوەندیی گرووپە بەرهەڵستکارو تیرۆریستییەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران پێی داگرت. عەللاوی، لە تازەترین کۆنفرانسی چاپەمەنیی خۆیدا، کە تەوەری سەرەکیی قسەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان بوو، چەندین تیرۆریستی بەناوبانگی ناو برد کە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیراون. سەرۆك وەزیری عێراق باسی گرتنی ڕێبەرانی گرووپێکی تیرۆریستی بە ناوی "جەیشی محەممەد" کرد کە بەرپرسایەتیی کوشتنو لەملدانی عێراقییەکانو ناعێراقییەکانیان لە ئەستۆیە. یەکێك لەو تیرۆریستانە عەللاوی ناوی بردن، "حەمید زنگەنە"یە کە ئەڵقەی پێوەندیی گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراق لەگەڵ هێندێك گرووپی نێو ئێرانە. عەللاوی هەروەها "ثمن عبدالشیخ"ی ناوبرد کە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراقو ئێرانەو ئێستا گیراوە.

## پارلمانی ئورووپا ڕێژیمی ئێرانی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کرد



پارلمان ئورووپا لە بڕیارنامەیەك دا کە بە زۆرایەتیی دەنگەوە پەسند کرا، وێڕای مەحکووم کردنی حوکمی ئیعدام داوای لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران کرد تا بەڵگەو نیشانەی پێویست لە بارەی هەڵ پەساردنی حوکمی بەردباران و پێشگرتن لە ئەشکەنجە کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمەوە پێشتر بەڵێنی درابوو، پیشان بدەن.

ئەو بڕیارنامەیە ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی ژانویە لە لایەن ئەندامانی پارلمانی ئورووپاوە کە بنکەکەی لە بروکسێلە،پەسند کرا.

لە بڕیارنامەکەدا هەروەها حوکمی ئێعدامی مێرمندالان، ژنانی دووگیان و مرۆڤە پاشکەوتووەکان(لە باری عەقلییەوە) بە توندی مەحکوم کراوە. نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا لە بڕیارنامەکەیان دا"پەروەندە سازیی دادستانی لە دژی ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگنووسان و ڕۆژنامە نووسانی ئینترنێتییان کە بووە بە هۆی داخرانی چاپەمەنییەکان و بەندکرانی ڕۆژنامەنووسان "مەحکووم کردوە.

B.B.C

## نارەزایەتیی دەربڕینی ڕۆژنامەنووسانی ئێران لە سیاسەتی تەواب دروستکردن



١٢٧ ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری بواری چاپەمەنی لە نامەیەك دا بۆ محەممەدی خاتەمی نیگەرانی و نارەزایەتیی خۆیان لە ڕەفتاری ئەم دوایییانەی کاربەدەستان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و تێکۆشەرانی بواری چاپەمەنی ڕاگەیاند. لەو نامەیەدا هاتوە:

"ڕووداوەکانی چەن حەوتووی ڕابردوو، گیرانی ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی بواری چاپەمەنی و نووسەرانی ئیتێرنیتی خولێکی تازەی تەواب دروستکردن و هەڕەشەو ترساندنی ئەوان، ڕووکارێکی دیکەی سیکلی نەخۆشو عەیبداری سیاسییە، سیکلێك کە نێوە نێوەو ماوە بەگژ ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی وڵات دا دێتەوە و ئەوان بە تاوانی قسە کردن و بیرکردنەوەی جیاواز لە چوار چێوەی پێناسە تایبەتیو جیناحییەکان، تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و بنەماڵەیی دەکا.

ئێمە ئەو کەسانەی کە ئەم نامەیەمان ئیمزا کردوە، وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی دزێوی تەواب سازی، نارەزایەتیی خۆمان لە وێرانکردنو خەوشدارکردنی ئابرووی کەلتووریو هزرخولقێنیی ئێرانی ڕادەگەیەنینو شێلگیرانە جارێکی دیکە ڕادەگەیەننەوە ناچارکردنی کۆمەڵگا بە ملدان بۆ ڕەوتێکی تاقدەنگی و سەپاندنی بێدەنگیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە سەر کۆمەڵگا دا، سەرنجام ئێران دەکا بە گۆڕستانێکی حەفتا میلیونیی زیندووەکان. دڵنیاین ئەمە داخوازێکی گەورەی بەدەر لە توانای ئێوە نیە کە لە دوا مانگەکانی سەرکۆماریی خۆتان دا بە کێشەیەك ڕابگەی کە زۆر لەوە پێش چاوەڕوان دەکرا پێی ڕابگەی".

## پێشێلکردنی مافە بنچینەیییەکانی مرۆڤ، بەرەو خراپتر بوون چووە

**ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی ژانویەی ئەمساڵ، گرووپی "هیومن ڕایتس واچ" (چاوەدێری مافی مرۆڤ) کە ناوەندەکەی لە ئەمریکایە، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە بارەی وەزعی مافی مرۆڤ لە جیهان دا بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتی هیومن ڕایتس واچ زانیاری جۆراوجۆر لە بارەی گۆڕانەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە زیاتر لە ٦٠ وڵاتی تێدایە. یەکێك لەو وڵاتانە ئێرانە.**

### ئێران

لە بەشی تایبەت بە ئێران دا، ڕاپۆرت باسی ئەوەی کردوە کە ڕێزنان لە مافە بنچینەیییەکانی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەتی ئازادیی بیروڕاو دەربڕین لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەرەو خراپتر بوون چوو. ڕاپۆرت دەنووسێ:

"ئەشکەنجەو بەدڕەفتاری لە ماوەی گیران دا، بۆ نموونە بەندکرانی ماوە نادیارو تاکەکەسی، بە ڕێکوپێکی بۆ تەمبێکردنی نارازییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دەسەڵاتی قەزایی کە لە جیاتی وەڵامدەر بوون لە بەرامبەر سەرکۆماری هەڵبژێردراودا بەرامبەر بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەڵامدەرە، ناوەندو سەرچاوەی زۆر لە نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە".

پێشیلکردنی مافی مرۆڤ بە هۆی ئەو دامودەزگایانەوە بەڕێوە دەچێ. ئێرانییەکان بە دامەزراوە هاوشانەکان (نهادهای موازی) ناویان دەبەن. مەئموورانی دەزگای زانیاری لە جلوبەرگی شەخسیدا تاقمە شێوە نیزامییەکان کە بە توندو تیژییەوە، هێرش دەکەنە سەر کۆبوونەوە هێمنانەکانی نارازییەکان، بەندیخانە نهێنیو ناقانوونییەکانو ناوەندەکانی لێپرسینەوە کە لە لایەن دەزگا ئیتیلاعاتییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، لەو دامەزراوە هاوشانانەن.

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کردوە کە دوای دەست پێکردنی سەرکوتی بەربڵاوی چاپەمەنییەکان لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئەمرۆ تەنیا ژمارەیەکی کەم ڕۆژنامەی سەربەخۆ ماونەوەو ڕۆژنامەکان ڕێگای خۆسانسۆرکردنیان گرتۆتە بەر. بە گوتەی ئەم ڕێکخراوە، کاربەدەستانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤ هەروا درێژەیان بە بەستنی ئەو ماڵپەرە ئینتێرنێتیانەدا کە ڕاپۆرتو هەواڵو لێکدانەوەی سەربەخۆ لە بارەی ئێرانەوە بڵاو دەکەنەوە. ئەو نووسەرانەش کە بە هۆی ئەو ماڵپەرانەوە زانیارییان دەدا بە خەڵك، ڕەخنەیان لە حکوومەت دەگرت، ڕەوانەی زیندانیان کردن.

### ئەشکەنجەو بەدرەفتاری لە ماوەی بەندکران دا

بە پێی ڕاپۆرتی هیومن ڕایتس واچ لە گەڵ داخرانی ڕۆژنامەو گۆڤارە سەربەخۆیەکان، ڕەفتار لە گەڵ گیراوەکان لە بەندیخانەی ئێوینو گرتووخانەکانی دیکەدا کە بە شێوەی نهێنیو لە لایەن دەزگای قەزاییو سوپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەبرێن، خراپتر بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "ئەشکەنجەی توندی جیسمی بە تایبەتی دژی خوێندکارە تێکۆشەرەکانو ئەو کەسانەی ناوو ناوبانگی ڕووناکبیرانو نووسەرە ناسراوو بەتەمەنەکانیان نە، بەکار دەهێنرێ".

### پارێزراو لە لێپرسینەوە

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە هیچ میکانیزمێك بۆ چاوەدێریو لێکۆڵینەوە لە بارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن مەئموورانی حکوومەتەوە لە گۆڕێدا نیە. داخستنی ڕاگەیەنە سەربەخۆکان ئەو هەستەی لە پێشێلکەرانی مافی مرۆڤدا پێك هێناوە کە هەمیشە لە لێپرسینەوە پارێزراو بن. ڕاپۆرت ئاماژە بە هەنگاوە کۆنترۆڵ نەکراوەکانی شووڕای نیگابان لە ڕەتکردنەوەی لایحەکانی مەجلیس دا دەکاو دەنووسێ: ئەم شووڕایە لەم ساڵانەی دوایییدا زۆر لایحەی پارلمانی بۆ وێنە لە بووارەکانی مافی ژن، قانوونەکانی بنەماڵە، قەدەغە کردنی ئەشکەنجەو گۆڕینی قانوونی هەڵبژاردن دا ڕەت کردۆتەوە.

"ئەو شووڕایە لە ڕەوتی هەڵبژاردنی پارلمانی ساڵی ٢٠٠٤دا بە ڕەتکردنەوەی سەڵاحیەتی زیاتر لە ٣٦٠٠کەس لە کاندیدا ڕیفۆرمخوازو سەربەخۆکان، دەسەڵاتی بێئەملاو ئەولای خۆی بە شێوەیەکی تەواو جیناحیو بێپردە بەکار هێناو دەرەتانی بۆ کاندیدا کۆنەپارێزەکان پێك هێنا تا لە هەڵبژاردن دا سەربکەون".

### کەمایەتییەکان

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەنووسێ: کەمایەتییی قەومیو ئایینییەکانی ئێران هەروا لە گەڵ جیاوازیدانان بەرەوروونو زۆرجاریش ئازارو ئەزیەت دەدرێن. ١٨ئەندامی سوننی مەزهەبی مەجلیسی ئێران لە مانگی ژووئیەی ٢٠٠٣دا لە نارەزایی دەربرینێکی ئاشکرای زۆر کەموێنەدا، بە نامەیەك ڕەخنەی لە ڕەفتاری حکوومەت لە گەڵ کەمایەتی سوننیو ڕەتکردنەوەی داوای ئەوان بۆ دروست کردنی مزگەوتێك بۆ سوننییەکان لە تاران گرت.

### یاریکەرە سەرەکییەکانی نێونەتەوەیی

ڕێکخراوی هیومن ڕایتس واچ لە دوابەشی ڕاپۆرتی خۆی لە بارەی ئێران دا دەنووسێ کە یەکیەتیی ئورووپا پێوەندیی ئابووریو هەروەها دیپلۆماتیکی خۆی لە گەڵ ئێران دا پەرە پێداوە. ئەم ڕێکخراوە دەنووسێ: یەکیەتی ئورووپا بەڵێنی داوە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ بەم ڕەوتە ببەستێتەوە، بەڵام ئاکامەکانی تا ئێستا نەبینراون. ئوستڕالیاو سویسیش دەست پێشخەرییان کردوە بۆ زنجیرەیەك وتووێژی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە گەڵ ئێراندا، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئەو پێوانانە ئاشکرا نەکراون، هیچ وێناچێ کاریگەرییەکی پتر لە وتووێژەکانی یەکیەتیی ئورووپایان هەبێ.

"ایران امروز"

# کۆماری کوردستان بەشێك یادەوەریی کوردانەمان

عەولا بەهرامی



٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦) نەك هەر ڕۆژێکی مێژوویی‌یە (وەك زۆر ڕۆژی مێژوویی لە مێژووی کورددا)، بەڵکوو زیاتر لەوەش ڕۆژێکە کە شوێنێکی تایبەتی لە بیرەوەریی زۆربەی تاکەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی‌یانەی کە ڕووداوی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و دیاردەی کۆماری کوردستان لە ڕووداوو دیاردەکانی پێش خۆی‌و تەنانەت بەشی زۆری ڕووداوە گرینگەکانی دوای خۆیشی جیادەکاتەوە. ڕەنگە لە ڕوانگە ڕێنانی‌یەکەی ناسیۆنالیزمەوە گرنگترین ڕەنگدانەوەی درێژخایەنی کۆماری کوردستان لەسەر تاکەکانی کوردو بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی تا ئێستای کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، جۆرێك یادەوەریی هاوبەشی مێژوویی بێ لە کۆمار وەك نموونەیەك لە دەسەڵاتی کوردی کە لە سەردەمێکی تایبەتدا شکڵی گرت‌و دوای ماوەیەکی کاتیی کورتیش بەشێوەیەکی تراژیك کۆتایی بە تەمەنی هات. کەواتە دەتوانین کۆماری کوردستان لە یادەوەریی کۆیی کورداندا بە شێوە سکەیەك بشۆبهێنین کە ڕوویەکی هەڵکشان‌و هەستانەوەیەو ڕوویەکەی دیکەشی دووبارەبوونەوەی نسکۆو شکست‌و تراژیدی‌یەکانە، کە دیارە هەرکام لە ڕووەکان ڕەنگ‌و جێگەی تایبەت بەخۆی لە بیرەوەریی کۆیی کورداندا هەیە.

**دامەزرانی کۆماری کوردستان:**

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی (کە لەودا کوردستان بۆ جارێکی دیکەش پارچە پارچە کرا) تا شەڕی دووهەمی جیهانی تووشی نسکۆو پاشەکشە ببوون بۆ خەڵکی کورد لەو سەردەمەداو بۆ ئەوانەش کە دواتر مێژووی ئەو سەردەمەی نیشتمانەکەیان دەخوێننەوە، ڕووداوێکی دڵخۆشکەرو ورەبەخش‌و یادەوەری‌یەکی مێژوویی شیرین بوو. پێکهاتنی کۆماری کوردستان وەك نموونەیەك لە دەسەڵاتی نەتەوەیی بۆ خەڵکی کورد لەو سەردەمەدا پێشەوا گوتەنی ئەو ڕۆژە بوو کە "پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون".[*] چونکە ئەگەر دەسەڵاتداری‌یە کورت ماوەکەی شێخ مەحموودی لێ دەرکەین، ماوەیەکی دوورودرێژ بوو کە کورد نەی‌توانیبوو خۆی لە چوارچێوەو لەژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیی‌دا ببینێتەوە. سەرەڕای ئەوەش هەر لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی (١٩٤٥) تووشی شکست هاتبووو لە باکووری کوردستانیش ڕاپەڕینی دێرسیم بە ڕێبەرایەتیی شێخ ڕەزا (١٩٣٨) بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لەلایەن ڕێژیمی تورکە ڕەگەزپەرستەکانەوە سەرکوت کرابوو، بە چەشنێك بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیە بەرەو بێدەنگبوون دەچوو.

کەواتە دامەزرانی کۆماری کوردستان وەك شێوەیەك لە دەسەڵاتی نەتەوەیی لە گۆشەیەکی هەرچەند بچووکیش لە کیانە بەرینە پارچەپارچەکراوەکەی کورددا و لەو سەردەمەدا کە هەرەس‌و ناهومێدی تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی بارودۆخی سیاسیی کوردستان بوو، بۆ کوردان لەو سەردەمەدا خاڵێکی زۆر دڵخۆشکەرو هیوابەخش بووو لە نێوەڕۆك‌و واتاش‌دا خۆ دۆزینەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری‌یەکی خۆیی ـ هەرچەند بەشی هەرە زۆریشیانی نەدەگرتەوە ـ بوو.

**ڕووخانی کۆماری کوردستان:** بە پێچەوانەی ڕووداوی دامەزرانی کۆمارو دەسەڵاتدارێتیی کۆماری کوردستان، ڕووخانی ئەو کۆمارە بەهۆی هۆکارە دەرەکی‌و نێوخۆیی‌یەکان، تراژیدی‌یەك بوو تاڵترو بەسوێ‌تر لە شکانی بزووتنەوکانی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان. چونکە لەلایەك کۆماری کوردستان وەك دەسکەوتێکی نەتەوەیی بە بەری خەباتی خوێناویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەژمێردراو پێکهاتن‌و دامەزرانەکەی‌و هەموو ماوەی دەسەڵاتداری‌یەکەی بە "ڕۆژی هاتی کوردان" لە بەرانبەر ڕۆژو ساڵە زۆرو زەوەندەکانی "نەهات"ی کوردان دەژمێردرا.

ڕووخانی کۆماری کوردستان لە یادەوەریی کورداندا (چ بۆ خەڵکی کورد لە سەردەمی کۆمارداو چ بۆ ئەوانەش کە لە ڕێگای خوێندنەوەی مێژووەوە کۆمار بۆتە بەشێك لە بیرەوەریی کوردانەیان) بەو پێیە کە تراژیك‌ترە جێگەیەکی جیاوازی‌تر لە تراژیدیی نسکۆی شۆڕشەکانی کوردی بۆ خۆی تەرخان کردوە.

تراژیك‌تر لەو بارەیەوە کە" یەکەم ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی‌یەی لە چوارچێوەی کۆماردا خەڵکی کورد خۆی پێ پێناسە دەکردو لە بیری پتەوکردن‌و فرەگرکردنی‌دا بوو، دوای ماوەیەکی زۆر کورت تووشی هەرەس هات‌و بەم چەشنە کورد لەو سەردەمەدا لەو قیبلەگای هیوایەی کە چاوەڕوان بوو ئاواتی گەورەتریشی بۆ وەدی بێنێ، بێبەش بوو. جگە لەوەش هەرەسی کۆمار بە واتای گەڕاندنەوە بوو بۆ سەردەمی پێش کۆمار، سەردەمێك کە پڕ بوو لە نەهاتی‌و ڕۆژەڕەشی بۆ کوردان. دووهەم، شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرێك کە نەخشی پلە یەکەم‌و ژیرانەی لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان‌دا بینیبووو بەم پێیەش کە ببوو بەو ڕێبەرە نەتەوەیی‌یەی خەڵك لەو سەردەمەدا پێویستیی پێی بوو، دوژمنیش بەشێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە لێی ئەستاندبوون، ڕووداوێکی هێندە تاڵ‌و پڕ ئازار بوو کە تەنانەت ئێستاش دوای نزیکەی شەست ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوەدا بەشێك لە تراژیدی‌یە هاوبەشەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد پێك دێنێ.

(*) نوتقی پێشەوا قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا ــ کوردستان ژمارە ١٠، دووشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی

# کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق‌و چەند قسەیەك

هەژیر

ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠٠٥/١/٦) لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی پاشایەتیی ئوردۆن، حەوتەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە "ئەمان" پێتەختی ئەو وڵاتەدا بەڕێوە چوو. بەرپرسانی ئوردۆنی ئامانج لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیەیان ڕاگەیاندنی پشتیوانیی تەواوی ئەم وڵاتە لە دەوڵەتی کاتیی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕەوا ڕاگەیاند. ئەم دانیشتنە دوای ڕۆژێك باس‌و ڕاوێژ لەمەڕ وەزعییەتی عێراق‌و باندۆرەکانی لەسەر ناوچە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێك کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا وڵاتانی دراوسێی عێراق داوایان لە گشت هاووڵاتیان‌و هێزو گرووپە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە کرد تا بەشداری لە هەڵبژاردنی سێی ژانویەدا بکەن‌و ڕایانسپارد کە چارەنووس‌و داهاتووی خۆیان لە ڕێگەگەلی دیموکراتیکەوە دیاری بکەن. "وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق داوا لە گشت خەڵکی عێراق دەکەن کە خۆیان لە هەمبەر هەڵبژاردنی داهاتووی وڵاتەکەیان دا بەبەرپرس بزانن‌و بەمجۆرە لە دروست کردنی داهاتووی خۆیان دا بەشداری بکەن، چونکە لە ڕەوتی دیموکراسی‌و ئازادی‌دا، هەڵبژاردن وەك تاقە دەرفەتی مومکین لە داهاتووی نزیك دا دەژمێردرێ". گەرچی لەم ڕاگەیاندراوەدا هیچکام لە گرووپ‌و ڕێکخراوەکانی عێراقی ناویان نەهاتوە، بەڵام ڕاگەیاندراوەکە بە شێوەی نافەرمی کەمایەتی سوننی [عەرەبی سوننی] ی بۆ بەشداران لە هەڵبژاردن دا هان دەدا. هێندێك لە گرووپە سوننی‌یەکانی عێراق بە هۆی چوونەسەری توندوتیژی‌و نائەمنی، خوازیاری تەحریمی هەڵبژاردن بوون. شتێك کە بە هۆی بەشداری نەکردنی کەمایەتیی عەرەبی سوننی، چۆنیەتی هەڵبژاردن‌و ئاکامەکانی لەگەڵ ناتەواوی‌و کێشەگەلێکی جیددی بەرەوروو دەکاو سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەخاتە ژێر پرسیارەوەو لەوانەیە بە زیادبوونی توندوتیژی‌و ناسەقامگیری‌یەکان، ئەم وڵاتە بەرەو شەڕی نێوخۆیی ببا. لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی دانیشتنەکەی "ئەمان" تەئکید لەسەر دەستێوەرنەدانی وڵاتانی دیکە لە کاروباری نێوخۆی عێراق، پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەیی‌و یەکپارچەیی ئەو وڵاتە، جێگیرکردنی ئازادی‌و دیموکراسی‌و هەروەها بەردەوام بوونی سەربەخۆیی عێراق کرایەوە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئەمریکاو عێراق لەم چەند ساڵەی دوایی دا بەردەوام وڵاتانی ئێران‌و سووریەیان بە لایەنگری لە تاقمە چەکدارو بەرهەڵستکارەکانی عێراق تاوانبار کردوەو تەنانەت بەرپرسێکی پایەبەرزی عێراقی (حازم شەعلان) وەزیری بەرەڤانی حکوومەتی ئێرانی وەك دوژمنی ژمارە یەکی وڵاتەکەی ناوبرد. هەر ئێستا دەیان هاووڵاتیی ئێرانی بە تۆمەت گەلی وەك تێکدانی باری ئاسایشی عێراق، سیخوڕی‌و یارمەتی‌و ڕێنمایی گرووپە تیرۆریستی‌یەکان‌و... لە زیندانەکانی ئەمریکاو عێراق پەستێوراون.

هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی دەوڵەتیی کاتیی عێراق لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەی "ئەمان" بە هەواڵنێرانی گوت کە ئێران نفووزێکی زۆری لە عێراق دا هەیە، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری هەڵبژاردنی عێراق وەربدا. ناوبراو هەروەها گوتوویەتی، تەواوی وڵاتانی عەرەبی کە نیگەرانی بوونی هێزە دەرەکی‌یەکان لە عێراقن، دەبێ پشتیوانی لە هەڵبژاردنی ئەم وڵاتە بکەن. زێباری هەروەها گوتی: "ئەمە تەنیا ڕێگەی چوونە دەری خێرای هێزی دەرەکی لە عێراقە".

لەم کۆبوونەوەیەدا وڵاتانی بەحرەین، ئوردۆن، کوێت، عەرەبستان، سووریە، تورکیە، عێراق‌و کۆماری عەرەبیی میسر لە ئاستی وەزیرانی دەرەوەیان دا بەشدار بوون‌و ئەشرەف غازیش، وەك نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشداریی کردبوو. بەڵام لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەیئەتێکی پایە نزم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نێردرابوو. لە ڕاستی‌دا، ئێران تەنیا وڵاتی دراوسێی عێراق بوو کە لە ئاستی وەزیری دەرەوە لە کۆبوونەوەیەدا بەشداریی نەکردبووو نوێنەری ڕێژیمی ئێران لەو دانیشتنانەدا، "غولامعەلی خوشروو" جێگری کاروباری نێونەتەوەیی وەزارەتی دەرەوە بوو.

بەشداریی ئێران لە وەها ئاستێك دا نارەزایەتی دەربڕین لە وتەکانی "مەلەك عەبدوڵڵا" پاشای ئوردۆن بوو کە ماوەیەك لەوە پێش لە وتووێژێك دا ئێرانی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق تاوانبار کردبووو ئەو ئیددیعای ئەوەشی کردبوو کە ئێران کەسانێکی زۆری بۆ ناو خاکی عێراق ناردوە تا لە هەڵبژاردن دا بە قازانجی شیعەکان بەشداری یان دەستێوەردان بکەن.

ناوبراو گوتبووی کە "ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە نیازی هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی شیعە لە عێراق‌و پێکهێنانی "هیلالی شیعە"ن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا". بەڵام ڕۆژنامەیەکی کوێتی "ئەلرأی العام" هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی کۆبوونەوەی دراوسێکانی عێراق لە ئەمان، لە وتووێژێك لەگەڵ "مەلەك عەبدوڵڵا" دا نووسیبووی کە ناوبراو گوتوویەتی کە ئاماژەی بە بابەتی "هیلالی شیعە" بۆ تاوانبار کردنی ئێران نەبووەو قسەکانی لە ڕاگەیاندنەکان دا بە دروستی لێك نەدراونەتەوە. ناوبراو هەروەها گوتبووی کە پێوەندیی حکوومەتی ئوردۆن دەگەڵ زۆربەی کاربەدەستانی ئێران باشە، بەڵام گرووپێکی تایبەتی دەیانەوێ ئەم پێوەندی تێك بدەن، کە بابەتی دەستێوەردان لە عێراق بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعە ئەو گرووپە تایبەتی‌یە دەگرێتەوە.

شایانی گوتنە هەرکام لە دراوسێکانی عێراق لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە دەڕواننە ڕووداوەکان‌و پرۆسەی هەڵبژاردن‌و هێنانەسەرکاری حکوومەتی نوێی عێراق‌و هەر بەم پێیە نیگەرانی‌و دڵەڕاوکێیان لێ‌پەیدا بووە. حکوومەتەکانی عەرەبی سوننی هاوسێی عێراق لەوە دەترسن کە دابەشکردنی دەسەڵات بە هەرجۆرێك دەبێتە هۆی لە پەراوێز خستنی سوننی‌یەکان‌و لەم سۆنگەیەوە ئەو دەوڵەتانە خوازیاری دانی دەسەڵاتی زیاتر بە کەمایەتی عەرەبی سوننی عێراقن. ئەوان هەروەها نیگەرانن کە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبێتە هۆی هاتنەسەرکاری زۆربەی شیعەو بە هۆی نزیکی‌و دۆستایەتی ئەوان لەگەڵ حکوومەتی ئێران، ئیزن بەم وڵاتە دەدەن کە نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێبدا. ئێرانیش کە دەستێوەردان‌و پیلانەکانی بە ئامانجی تێك شکاندنی بەرنامەکانی ئەمریکاو دەوڵەتی کاتیی عێراق‌و پەکخستنی ئەمریکا لەم وڵاتەیە، دەیهەوێ بە دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکان‌و تێرکردن‌و ڕازی کردنی گرووپەکانی لایەنگری خۆی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی خۆی بگۆڕێ‌و لە ئاکام دا بە پێکهێنانی بە وتەی مەلەك عەبدوڵڵا "هیلالی شیعە" بواری نفووزی خۆی لەو ناوچەیە پەرە پێبدا، شتێك کە ئەگەر وەدی بێ‌و پێکەوەلکاندنی سێ وڵاتی ئێران، عێراق‌و سووریەی لە داهاتوودا (وەك وڵاتانێك کە شیعەکان دەسەڵاتداری سەرەکی بن)، لێ‌بکەوێتەوە بە دڵنیایی‌یەوە لەگەڵ پەرچەکردارو دژکردەوەی وڵاتانی ناوچەو بەتایبەتی ئەمریکا بەرەوروو دەبێ‌و ڕەهەندێکی دیکە بە سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە لە ناوچە دەبەخشێ. بەهەرحاڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکان‌و سەرکەوتنی هەرکام لە گرووپ‌و لایەنەکانی عێراقی دەبێتە هۆی زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەو ئەگەرانە.

❋

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هـــەواڵـــەکـــانی کـــوردستان

## سنە

### فەرماندەری هێزی بەناوئینتیزامیی شاری سنە : هەر کەلانتەرییەك دەبێ ڕۆژی لانیکەم ٥ کەس دەستگیر بکا

هێزە دژیگەلی‌یەکانی ڕێژیم ماوەیەکە فشارێکی لەرادەبەدەریان بۆ لاوانی شاری سنە هێناوە. "خورشیدی"، فەرماندەری تازەی هێزە بەناوئینتیزامیەکانی شاری سنە، فەرمانی بە گەشتو کەلانتەرییەکانی ئەو شارە داوە کە دەبێ هەر کەلانتەرییەك ڕۆژانە لانیکەم ٥ کەس لە شاری سنەدا دەستگیر بکاو هەر کەلانتەرییەك سەرپێچی لەو فەرمانە بکا سزا دەدرێ. هەربۆیە ماوەیەکە بەکرێگیراوانی ڕێژیم فشارێکی لەرادەبەدەریان خستۆتە سەر لاوەکانی ئەو شارەو تەنانەت هەندێجار کە بیانوویان بۆ دەستگیرکردنی لاوەکانی ئەم شارە دەست ناکەوێ، بە زۆر "مەوادی موخەدیر" دەخەنە گیرفانی لاوەکانەوە تا بەوهۆیەوە ئازاریان بدەن.

### پۆلیسی تایبەتی ڕێژیم لە شاری سنە گوشارێکی لەرادەبەدەریان خستۆتە سەر لاوانی ئەم شارە

هێزێکی تایبەت بە ناوی پۆلیسی ویژە کە لە بەکرێگیراوانی سپای پاسدارانی ڕێژیم پێك هاتوونو جلوبەرگی هێزە ئینتیزامی‌یەکان لەبەر دەکەن، بە ماشینی جۆری "ئێلیگانس" لە شاری سنەدا دەسووڕێنەوەو لەخۆڕا گیر بە کچانو کوڕانی لاوی ئەو شارە دەدەنو هەر کەسێ لەو کارە ناشایستەیەیان ڕەخنە بگرێ لە لایەن ئەو هێزە دژیگەلی‌یەوە دەکەوێتە بەر پەلامارو زیندانی دەکرێ. کردەوەی دژیگەلییانەی ئەم هێزە بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی شارو بەتایبەت توێژی لاوی ئەم شارە.

### چەند کەسێکی نەناسراو کوکتول ملۆتۆفیان هاویشتە چەند ماڵەجاشی گوندی "سەڵواتئاوا"ی سنە

شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٢، چەند کەسێکی نەناسراو بە کوکتۆل ملۆتۆف هێرشیان کردە سەر چەند ماڵە جاشو خۆفرۆش لە گوندی "سەڵوات ئاوا"ی شاری سنەو ئەو ڕووداوە دەنگێکی زۆری دایەوەو بووە هۆی ترسی لەرادەبەردەری ئەو جاشانە.

### خەڵکی گوندی "تەوریوەر"ی سەر بە شاری سنە، بە توندی داخوازیی ڕێژیم بۆ ناونووسیکردن لە "بەسیج"دا ڕەت دەکەنەوە

دوو کەس لە ئەندامانی شووراى گوندی "تەوریوەر"، بە ناوەکانی "عەباس عەلیرەزایی"و "عەبدولخالق ئاقارمخانی" داوا لە خەڵکی ئەو گوندە دەکەن کە لە هێزی دژەگەلیی بەسیجدا ناونووسی بکەنو ببنە ئەندامی ئەو هێزە سەرکوتکەرەو لەو پێوەندی‌یەدا هەندێ بەڵێنی بە خەڵکی ئەو گوندە دەدەن، بەڵام خەڵکی گوندی "تەوریوەر" زۆر بە توندی بەگژ ڕاسپێردراوەکانی ڕێژیمدا دەچنەوەو بەهیچ جۆر ئامادە نابن ببنە ئەندامی هێزی دژەگەلیی بەسیج.

## بانە

### خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی دژی ڕێژیمو ڕەشەکوژییەکانی

ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/١٢، هێزە دژیگەلی‌یەکانی "میرساد" لەسەر پردی گوندی "بۆیەن"ی ناوچەی بانە، هاوڵاتی‌یەکی بێتاوان بە ناوی "ئیبراهیم حەسەنزادە"، کوڕی "نەسروڵڵا"، خەڵکی شاری بانە دەستگیر دەکەنو دەستبەجێ بە شێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن. کاتێك تەرمی ئەو مرۆڤە بێتاوانە دێننەوە بۆ شاری بانە، خەڵکی ئەو شارە بە شێوەیەکی بەرین دەڕژێنە سەرشەقامەکانو بەرەو ئیدارەی فەرمانداری وەڕێ دەکەونو ناڕەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە کوژرانی ئەو هاوڵاتی‌یە دەردەبڕنو داوای بەسزاگەیاندنی بکوژانی ناوبراو دەکەن. بەڵام ئیدارەی فەرمانداری وەڵامی داوای خەڵکەکە ناداتەوەو لە ئاکامدا خەڵکی ئەو شارە ئیدارەی فەرمانداری بەردباران دەکەنو دەرگاو پەنجەرەکانی دەشکێنن. ڕادەی بەشداریو ناڕەزایەتی خەڵك لەو کردەوە نائینسانییەی ڕێژیم بە چەشنێك دەبێ کە کاربەدەستانی ڕێژیم ناچار دەبن داوای هێزی یارمەتیدەر لە شاری سنە بکەن. ڕێژیم کە لەو حەرەکەتە ئیعتیرازییە ترسی لێ دەنیشێ، هێزێکی زۆری یەگانی ویژە بە چەندین هیلی‌کوپتێر دێنێتە سەقزو لەوێشەوە لە ڕێگای ماشینەوە بۆ سەرکوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی بانە بەڕێ دەکرێو ئەو هێزانە بە هاوکاری هێزی سەرکوتکەری سوپای پاسداران بە شێوەیەکی توندوتیژ بڵاوە بە خەڵك دەکەنو چەندین هاوڵاتی لەو پێوەندییەدا دەستگیر دەکەن. تا ئێستا ژمارەی تەواوی دەستگیرکراوەکان نەزانراوە.

## سەڵماس

### لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵەی خەڵکی ناوچەی سەڵماس لە لایەن دژیگەلی‌یەکانەوە تەقەی لێکرا

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/١٧، کاسبکارێك بە ناوی "جامی حەمزادە"، تەمەن ١٨ ساڵ، کوڕی بێجان، خەڵکی گوندی "برووشخوران"ی سەڵماس کە بۆ کاروکاسبی دەچێتە سنووری وڵاتی تورکیە لە لایەن هێزە سنوورییەکانی تورکیەوە دەستگیر دەکرێو دەدرێتەوە بە هێزەکانی ئێران لە سنووری ئێران ـ تورکیەدا. ناوبراو لە لایەن هێزە دژیگەلی‌یەکانی ئێرانەوە دەکەوێتە بەر پەلامارو داوای جەریمەیەکی زۆری لێدەکەن. هەر بۆیە ئەو لاوە هەوڵ دەدا، کە لە دەستی دژیگەلی‌یەکان دەرباز ببێو لە کاتی هەڵاتندا دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەی بەکرێگیراوانو بە توندی بریندار دەبێ. دوایی دەبرێتە نەخۆشخانەی شاری "خۆی" بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانیو بڕیارە کە نەشتەرگەری بکرێو پلاتینی بۆ دابنرێ، بەرپرسانی نەخۆشخانەی "خۆی" بۆ ئەو نەشتەرگەرییە داوای پارەیەکیان بە بری ٦٥٠٠٠٠ تمەن کردوە.

### تەرمی بێگیانی هاووڵاتی‌یەك لە نزیك گوندی "قەڵات" لەسەر ڕێگای نەغەدە دۆزرایەوە

دوو کەس، خەڵکی گوندی "بەمزورتا"ی سەر بە شاری شنۆ دەچنە شاری کەرەجو بە بەهانەی مامەڵەکردنەوە پیاوێك لەگەڵ خۆیان دێننە ئەو گوندەو دەگوترێ کە ئەو پیاوە ماشینێکی جۆری "ماگزیما"ی پێبووە، ئەو دوو پیاوە جینایەتکارە خاوەنی ماشینەکە دەکوژنو تەرمەکەی لە نزیك گوندی "قەڵات" لەسەر ڕێگای نەغەدەدا دەکەن بە ژێر خاکەوەو ماشینی کوژراوەکە دەفرۆشن. ئەم جینایەتە دزێوە کاتێ دەردەکەوێ کە منداڵاتی قوتابخانە تەرمی مرۆڤە کوژراوەکە دەدۆزنەوەو خەڵکی ناوچە لەو مرۆڤکوژییە ئاگادار دەبنەوە. دوو پیاوە جینایەتکارەکەش لە کاتی فرۆشتنی ماشینەکەدا دەستگیر دەکرێن. ئەم ڕووداوە دزێوە بۆتە هۆی بێزاری خەڵکی ناوچەی شنۆو دەوروبەریو ئێمەش وێڕای خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەو جینایەتە سامناکە بە توندی مەحکووم دەکەین.

## سەردەشت

### هەڵمەتێکی تەبلیغیی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی

ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢١، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سەردەشتیان بە دروشمی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی ڕازاندەوەو پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی پێشڕەوی خەڵکی کوردستان سەرلەنوێ دووپات کردەوە. ئەو گەڕەکانەی کە کاری تەبلیغییان لێکرا بریتی بوون لە: گەڕەکی سەرچاوێ، گەڕەکی سوێی بەردەقووچ، شەقامی کەمەربەندی، دەوروبەری پارکی شار، گەڕەکی مزگەوتی سوور.

دروشمەکان بریتی بوون لە:

- پێشمەرگە ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە
- پێشمەرگەی دێموکرات ڕەمزی خۆڕاگریو خەبات دژی کۆنەپەرستی‌یە
- پێشمەرگایەتی بۆ لاوی کورد شانازییە
- پێشمەرگە هەڵۆی بەرزی وڵات، هیوای گەلو ئاگری خەباتە

شایانی باسە چەندین فیلمی کۆتایی‌هاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە شێوەی CDدا بڵاو کرایەوە.

### گوندی "نەڵاس" بە دروشمی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی ڕازایەوە

ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٠ی هەتاوی، هەڵمەتێکی تەبلیغییان لە گوندی "نەڵاس" بەڕێوەبرد. لەو هەڵمەتە تەبلیغی‌یەدا بڵاوکراوە حیزبی‌یەکانو CDی کۆتایی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب بڵاو کرایەوەو دروشمەکانی "پێشمەرگەی دێموکرات پارێزەری مافی زەحمەتکێشانو چەوساوەکانی کوردستانە"و "با هەموومان پێشمەرگە بین"، لە شوێنە گشتی‌یەکاندا نووسران. ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان لێکرا بریتی بوون لە: جادەی ئەسڵیی سەردەشت ـ پیرانشار، دەوروبەری نزیك ڕێگای وەرگێڵ، گەڕەکی نزیك ڕێگای شاتانێ.

### کوژرانی ٣ کەس لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداریدا

شەوی ١٣٨٣/١٠/٢١ی هەتاوی، لە نزیك گوندی "کانی زەرد"ی ناوچەی سەردەشت، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانە لە نێوان چەند چەکدارێکی نەناسراوو پاسدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕوویدا کە لە ئاکامدا ٣ پاسداری ڕێژیمی ئێران کوژرانو دوو کەس لە چەکدارەکانیش بریندار بوون.

## سەقز

### دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی ڕاهێنەرانی هەیئەتی زۆرانی شاری سەقز

ڕاهێنەرانو ئەندامانی هەیئەتی زۆرانی شاری سەقز بە کۆمەڵو لە دژی "بایەخنەدانی ئیدارەی تەربییەت بەدەنیی ئەم شارە بە زۆرانو نەبوونی "بودجە"و ئیمکاناتی بەکەڵك دەستیان لەکار کێشایەوە. سەرۆکی هەیئەتەکە وێڕای دەربڕینی ئەم وتانەی سەرەوە، گوتی: ئەمساڵ، تەنانەت یەك "ڕیال"یش وەکوو "بودجە" لە لایەن هیچ بەرپرسێکی ئوستانی کوردستانەوە بەم هەیئەتە نەدراوەو ئێمە دەبێ بۆ ڕاهێنانی زۆرانبازەکان لە ساڵۆندا، نرخی کرێی ساڵۆنەکەش خۆمان بیدەین.

عەبدوڵڵا موورادخانی، ڕۆژی سێشەممەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئێرنا ڕایگەیاند کە: بەکرێگرتنو شێوەی درانی ساڵۆنە وەرزشی‌یە تایبەتی‌یەکان، یەکێك لە گرفتە بنەمایی‌یەکانەو هەیئەتی زۆران دەبێ لەمەڕ پێکهێنانی کێبەرکێشدا، نرخی کرێی شوێنەکە بدا. هەروەها لە درێژەی وتەکانی‌دا، دەڵێ: زۆرانی شاری سەقز وەکوو ناسێنەری گەورە زۆرانبازانی فەرهەنگیی ئێران، وەك برایانی چەمەنگولیو پاشاییو ئەندامەتییان لە تیمی میللیدا، سەردەمانێك یەکێك لە تەوەرەکانی زۆرانی فەرهەنگی بووەو ئێستایش لەگەڵ ئاوڕ لێ نەدانەوەی لێپرسراوەکان بەرەوڕوویە.

سەرۆکی هەیئەتی زۆرانی ئوستانی کوردستانیش، وتی: تا ئێستا هەیئەتی زۆرانی شاری سەقز، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان بە هەیئەتی ئوستان ڕانەگەیاندوە. عەبدوڵڵا عەزیزی لە درێژەی باسەکەدا، وتی: من دژی دەست لەکارکێشانەوەی هەیئەتی زۆرانی ئەم شارەمو تێدەکۆشم کە بیروڕایان سەبارەت بەم مەسەلەیە بگۆڕم. هەروەها تیشکی خستە سەر، کەمیی "بودجە"و ئیمکاناتو هاوکاری‌نەکردنی تەربییەت بەدەنیی ئوستان کە وەکوو یەکێك لە گرنگترین گرفتەکانی هەیئەتی زۆرانی شاری سەقز خۆی نواندوە. هەروەها وتی: ئەندامانی هەیئەتی زۆرانی شاری سەقز لە باشترین ڕاهێنەرانی ئوستانو بۆ زۆرانی ئوستان، پێویستو بەکەڵکن. لە درێژەیشدا، عەزیزی ڕایگەیاند کە: لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی ئەرکە وەرزشی‌یەکان لە ئەستۆی هەیئەتەکان دایە، بەڵام بەداخەوە لە هێندێ مەسەلەدا، تەربییەت بەدەنیش خۆی لە کاروباری هەیئەتەکان هەڵدەقورتێنێ کە لە ئاکامدا گرفتگەلێکی زۆری لێ‌دەکەوێتەوە.

❋

---

## دیداری هەیئەتێکی پایەبەرزی "پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستانی باکوور" لە دەفتەری پێوەندی‌یەکانی حیزب لە شاری هەولێر

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، کاتژمێر ٢/٣٠، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢١ی هەتاوی ـ ٢٠٠٥/١/١٠ی زایینی ـ هەیئەتێکی دامەزرێنەری کۆنگرەی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستانی باکوور، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان کاک عوسمان ئۆجەلانو کاک کانی یەڵمازو کاک بۆتان، سەردانی بنکەی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزبیان لە شاری هەولێر کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان، کاک عەلی مێهرپەروەرو کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کاک کەماڵ کەریمیو کاک محەممەدساڵح قادری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا هەیئەتی پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات مەبەست لە سەردانەکەیان بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر دامەزراندنی پارتی ناوبراوو بەرنامەو کاری خۆیان لە داهاتوودا دەستنیشان کردو جەختیان لەسەر پتەوکردنی پێوەندی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان لەسەر بنەمای دەست تێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر کردەوەو ڕایانگەیاند حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی مێژوویيو ڕەسەنی کوردستانەو لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا سیاسەتەکانی لە خزمەت بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورددا بووەو هەربۆیەش دۆستایەتیو هاوخەباتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویست دەزانینو ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمو بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانیش ئەوە دەخوازێ پارتە سیاسی‌یەکانی کوردستان پێکەوە هاوکاری بکەنو پێوەندیو دۆستایەتی‌یەکانیان بەهێزتر بکەن.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە تەئکیدیان لەسەر پرنسیپەکانی هاوکاریو هاوخەباتیی حیزب لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان کردەوەو ئەو چاوپێکەوتنو پێوەندی‌یانەی بە پێویست زانی.

## سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

سەعات ١١/٥ی بەیانیی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/١٩ی هەتاوی (٢٠٠٥/١/٨ی زایینی) هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرشتیی بەڕێز کاك قادر عەزیز، سکرتێری گشتیو بە هاوڕێیەتی کاك بەهمەن حسێن، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کاك دڵسۆز حسێن، بەرپرسی ناوەندی کۆیەو کاك عەدنان عوسمان لە لیستی زەحمەتکێشانو سەربەخۆکان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن بەڕێزان کاك حەسەن شەڕەفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کاك حەسەن ڕەستگارو کاك محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لەسەر بارودۆخی ناوچەو عێراقو مەسەلە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی کوردەوە هاتەگۆڕو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## کۆچی‌دوایی کاك نەسرەدین مەکی، ئەندامو دڵسۆزی لەمێژینەی حیزب لە شاری نۆدشە

بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادارکراین کە کاك نەسرەدین مەکی، ئەندامی بەئەمەكو دڵسۆزی بەوەفاو لەمێژینەی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نۆدشە سەر بە ئوستانی کرماشان کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە گەلو حیزبەکەی کرد.

کاك نەسرەدین مەکی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧، واتە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا پەیوەندی بە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرتو لەو سەردەمەدا لە لایەن دەزگای "ساواك"ی ڕێژیمەوە کەوتە ژێر چاوەدێری، بەڵام ئەو لەو سەردەمەدا تێدەکۆشا کە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکداو بەتایبەت لە نێو شارەکانی نۆدشەو کامیاراندا پەرە پێبدا. ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە لە سەرخستنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا چالاکانە دەوری گێڕاو دواتر کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی لە ئێراندا پاوان کرد، کاك نەسرەدین چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی لەشان کردو چالاکانەتر لە رابردوو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەی تەرخان کرد.

لە ساڵی ٥٨دا وەك بەرپرسێکی حیزبی ڕەوانەی ناوچەی کامیاران کراو لە شەڕە داسەپاوەکانی ئەو ساڵانەی ڕێژیم بەسەر خەڵکی کوردستاندا چالاکانە بەشداری کردو بەرەنگاری پاسدارانی ستەمو تاریکی بۆوەو هەر لەو ساڵانەدا لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بە توندی بریندار کراو بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانی بەڕێکرایە نەخۆشخانەی ئەوکاتی حیزب لە شاری مەهاباد. کاك نەسرەدین داوی سارێژبوونەوەی برینەکانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی هەورامانو چەند جارێکیش لە لایەن حیزبەوە بەرپرسایەتیی کادری سیاسیی ناوچەی نۆدشەی پێ‌ئەسپێردرا. ناوبراو سەرەڕای ئەو خزمەتانە لە زۆربەی حەماسەکانی هێزی شاهۆی ژمارە دوودا بەشداریی چالاکانەی کردو هەر بەو بۆنەیەوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی هەورامانو ژاوەڕۆی مەریوانو سنەدا بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکراو وەك کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەر ڕێزی بۆ دادەنرا.

کاك نەسرەدین تا ساڵی ٦٧و داگیرکردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە هێزی شاهۆدا مایەوەو لە کارەساتی شیمیاییبارانی شاری هەڵەبجەدا بەداخەوە هەردوو چاوی شیمیایی بوو و وەك دیلی شەڕ بە برینداری کەوتە دەست پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانو بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەشکەنجەو ئازاری دڕندانە درا. دوای ڕزگاربوونی لە زیندان بۆ ساتێکیش ڕێبازی دێموکراتی لەبیر نەکردو وەك کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەر جێگای ڕێزی خەڵکی ناوچەکەی بوو. هەربۆیە لە کاتی بەخاك سپاردنی تەرمەکەیو مەراسمی سەرەخۆشیی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەدا، جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەی هەورامانو کامیارانو نۆدشەو دەوروبەری بەشدار بوونو ڕێزیان لە تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە گرت. ئێمەش وێڕای ناوەندی ١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشیی لە بنەماڵەو کەسوکاری کاك نەسرەدین مەکیو هەموو خەڵکی بەئەمەکی نۆدشەو دەوروبەری دەکەینو خۆمان لە خەمی لەدەستدانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو دڵسۆزەدا بە شەریكو بەشدار دەزانین.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ

# کۆماری کوردستان

## بەشێك لە بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون

سەعید هومایوون

**ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە ئاوایی یەکشەوەی بۆکان لەدایک بووە. ناوبراو خۆشکەزای پێشەوا قازی محەممەدە. قۆناخەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی لە شاری مەهاباد تێپەڕ کردوە. ساڵی ١٣٢٢ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك و سوێندی وەفاداریی بە کوردستان خواردوە. دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە دەفتەری تایبەتی پێشەوادا خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی بووە. هەروەک بۆخۆی لە بیرەوەرییەکانیدا هێناویەتی: "لە زۆربەی سەفەرەکانی قازی محەممەد بۆ تەورێزو ناوچەکانی باکووری کوردستان (ورمێ، شاپوور، خۆی و ماکۆ) و تاران لە خزمەتیان دا بووم و کاری نووسین و بەڕێوەبردنی دەستوورەکانی ئەوم لە ئەستۆ بوو."**

**لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٤٧ تا ١٣٥٥ بە ئەندامەتیی شووڕای شاری مەهاباد هەڵبژێراوە. لە جۆزەردانی ١٣٦٠دا دەسبەسەر کراوەو بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ شاری دامەغان دوور خراوەتەوە. سەرەنجام جۆزەردانی ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد.**

**ئەوەی لە خوارەوە خراوەتە بەر چاو بیرەوەریی سەعید هومایونە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە کتێبی "پیشوای بیداری" وەرگیراوە.**



گرنگترین و بێوێنەترین رووداو لە مێژووی میللەتی کورددا رۆژی ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) واتە رۆژی راگەیاندن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە دەستی بەتوانای پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دابوو.

لە بەشێکی مەیدانی چوارچرا ٣٠٠ پێشمەرگە وێڕای دەستەی موسیقیی نیزامی کە لە پێشەوەی ئەوان بوون، لە چەند سەدمیتریی ماڵی پێشەوا جێگیر ببوون خەڵك بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هاتنی بەرێزیان بوون. دواتر لە کاتێك دا کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە جلوبەرگی فەرمییەوە لە پشت سەری پێشەوا راوەستابوون بە هەنگاوی لەسەرەخۆو پتەو هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە.

هۆتاف کێشان و چەپڵەی قایم و رێکوپێکی بەشداران و هاواری شادی وێڕای دەنگی مووزیك لە شاردا دەنگی دەدایەوە. لەو کاتەدا سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد بە هەنگاوی پتەو بەرەوپیلی پێشەوا قازی محەممەد چوو. پاش دانەواندنی سەری رێزو حورمەت گوتی:

ئەمن غەنیی خوسرەوی رێز لەم سەرکەوتنە دەگرم کە بە دانی شەهیدگەلێکی بێئەژمارو خۆڕاگری لەهەمبەر ژێرچەپۆکیدا، لە سایەی وشیاریی و لێزانیی بەڕێزتان وەدەست میللەتی کورد کەوتووە. هەروەها بە دڵێکی پاك و پڕ لە خۆشەویستی پیرۆزبایی لە پێشەوای میللەتی رەسەن، بە حورمەت و لەخۆبوردووی کورد دەکەم.

تکاتان لێ دەکەم لەم کاتە چارەنووسساز و مێژووییەدا رێورەسمی ئازادی و سەرکەوتنی گەلی کورد بە ناوی خودای پاکەوە بکەنەوە.

بەو ئامادەکاری و جموجوڵانەی کە لە چەند رۆژ لەوە پێشەوە لە مەهاباددا دەبینران، چاوەڕوانیی پێشهات و رووداوگەلێکی گرنگ دەکرا. سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچە رزگارکراوەکان بۆ مەهاباد بانگ کرابوون. بە هاتنی نوێنەری ناوچە جیاجیاکان بۆ شاری مەهاباد و دەربڕینی پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد، رۆژی ٢ی رێبەندانیش گەیشت. سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی شارو دێهاتەکانی دوورو نزیك و هەروەها ئەو نوێنەرانەی کە لە هەموو شوێن و پارچەکانی کوردستانەوە هاتبوون لە گۆڕەپانی چوارچرا لە بەرامبەر کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و نووسینگەی تایبەتی قازی محەممەددا کۆبوونەوە.

لەم کۆبوونەوە پڕشکۆو دەیان هەزار کەسییەدا کە بە ئامادەبوونی بەڕێزان، حاجی سەید عەبدوڵڵا گیلانیزادە، مەلامستەفا بارزانی، حاجی باباشێخ، مەلا حسێن مەجدی و مامۆستایانی ئایینی و هەمووو سەرۆك عەشیرەتەکان و نوێنەرانی عەشیرەتەکان حیزب لە سەرتاسەری ناوچە ئازادبووەکان پێکهاتبوو، هەموان بەوپەڕی تامەزرۆیی و بێئۆقرەیی چاوەڕوانی هاتنی پێشەوا قازی محەممەد بوون. پێشەوا بە جلوبەرگی نیزامییەوە لە نێو چەپڵەرێزان و دەربڕینی هەستی ئامادەبوان دا هاتە گۆڕەپانی چوارچرا. پێشەوا قازی محەممەد دوای سڵاو و بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگ لە شوێنی تایبەتی کە لە نێوەڕاستی گۆڕەپان دیاری کرابوو، راوەستا. لەم رێورەسمە پڕشکۆیەدا پێشمەرگەکان لە ریزگەلێکی رێکوپێك و قوتابیانی قوتابخانەکانیش بە هۆتاف و چەپڵەرێزان پێشوازییان لێ کرد.

قازی محەممەد لە شوێنە تایبەتییەکەیەوە رووی لە بەشداران کردو گوتی: "بە ناوی خوا، کوردستان یەك هەڵکەوتی جوغرافیایی هەیە، بێ ئەوەی وڵاتێکی دیکە لە نێوان پارچەکانی دابێ و میللەتی کورد لێك جیا بکاتەوە نیشتمانێکی یەکپارچەو خەڵکی ئێمە لە یەك کوردستان و یەك نیشتمان دا دەژین و میللەتی ئێمە چارەنووس و رابردوویەکی لەمێژینەی هەیە کە هەموو میللەتی کورد تێیدا هاوبەشن، خاوەنی دابونەریت و رێورەسمی نەتەوایەتیی تایبەت بە خۆیەتی. بەخۆشییەوە تا ئێستا رووداوگەلی رۆژگار هیچ چەشنە شوێنێکی ئەوتۆیان لەسەر بنەما سەرەکی و بنەڕەتییەکانی نەتەوەی کورد دانەناوە. گەلی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی دەسەڵات و حکوومەت بووەو هەمیشە میرو پاشاو حوکمڕانەکانی لە خۆی بووە. لەم کوردستانە ئازادەی ئێستادا میرانی موکریان لە میرسەیفەدینەوە دەست پێ دەکاو سارم بەگو شێخ حەیدەر بەگو ئەمیر پاشا، تا ئەم دوایانە قوباد خانی موکری خاوەن هێزو دەسەڵاتدار بوون.

میللەتی ئازادو قارەمانی کورد لە هەر کات و ساتێك دا لە بەرامبەر هەر هێزێك دا ویستبێتی دەست بەسەر زێدو نیشتمانەکەی داگرێ، راوەستاوەو لە دژی خەباتی کردوەو لە هیچ چەشنە فیداکاری و گیانبازییەك چاوپۆشی نەکردوە.

ئەم میللەتە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بە هەزاران قوربانیی داوەو بەردەوام خەریکی خەبات و بەرەنگاری بووەو هیچ ئەزموونێکی تاڵ نیە کە تاقیی نەکردبێتەوە. بەو حاڵەش لە بەرامبەر هەموو جۆرە پیلان و فرتوفێڵی دوژمنەکانی دا وەستاوەو هیچ کات لە داخوازییە رەواکانی پاشگەز نەبۆتەوەو لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیدا بەردەوام بووەو بە دڵێکی پڕ لە هیواو خۆزیاو ئیمانێکی پتەوەوە لە تێکۆشان وازی نەهێناوە.

محەممەد (میرە کورە)یان کوشت، میرەکانی بابان سەریان هەڵ دا، بابانەکانیان سەرکوت کرد، ئەردەڵانەکان راستەوە بوون، ئەردەڵانەکانیان تێك شکاند بدلیسیەکان راپەڕین، بەڵام لەم دوایانەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرگەلێك لە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە زمان و کولتوورو دابونەریت و مەزهەب و تایبەتمەندییەکانی دیکەی نەتەوەی کورد کەوتە بەرسووکایەتی و ژێر فشارەوە. دوژمنانمان لە هیچ چەشنە وەحشیگەری و دڕندایەتییەك دژی ئێمە نەپرینگاونەتەوە، هەروەها نەیانهێشت لە هیچ جۆرە مافێکی مرۆڤایەتی بەهرەمەند بین. ئەوان رێگای خوێندن و وەدەستهێنانی زانست و سەنعەتیان لێ گرتبووین و هەر رۆژەو بە بیانوویەك و هەر ساتێك بە تۆمەتێك پۆل پۆل و دەستە دەستە کوردی هەژارو بێئەنوایان دەخستە گرتووخانەو ئەشکەنجەیان دەکردن و دووریان دەخستنەوەو دەیانکوشتن و بێسەروشوێنیان دەکردن، بەرهەمی کارو ماندوو بوونی ئەو میللەتەیان بە تاڵان دەبردو ئەوانیان برسی و بێئەنوا رادەگرت. تا وای لێهات لە خەرمانانی ١٣٢٠دا دادپەروەری خودایی و فریشتەی ئازادی دامودەزگاکانی دیکتاتۆری و فاشیستی رەزا شای تێکەوە پێچاو کوردەکان لەو هەمووە ئێش و ئازارە رزگاریان بوو، ئەوان زانیان کە چۆن لەم هەلە کەڵك وەربگرن و رێگەی ئازادی و پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو میللەتە کامەیەو دەبێ چ بکەن؟

جوامێرانی بەرپرسیارو بە شەرەف و نیشتمانپەروەر کە لەمێژ بوو زووخاویان دەچێشت و لە خەمی چارەنووسی خەمگین و دڵقرچێنی ئەم میللەتەدا بوون هەر زوو زانیان کات کاتی هەنگاوی کردەییەو دەبێ ئەم هەلە باشە بقۆزنەوە، ئێستا ئەو رۆژەیە کەوا باپیرانمان لە مێژبوو چاوەڕوانی بوون، ئەو تێکۆشەرانە بەبێ بەفیڕۆدانی کات وەخۆکەوتن و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراندو بوێرانەو ماندوویینەناسانە کەوتنە وەرێخستنی کارەکان لە بەشە جیاجیاکان داو بە چاوێکی روون و ئاواڵەوە داخوازییەکانی خەڵکیان گەڵاڵە کردو بۆ جێبەجێ کردن کەوتنەخۆ. بەر لە هەموو شتێك ناکۆکی عەشیرەیی کە وڵاتە ئیستعمارییەکان بە یارمەتی دەسەڵاتی سەرەڕۆی نێوخۆو بە پێی دروشمی "پەرت کەو زاڵ بە" ئەو برایانەی لە یەك دایك و باوك بوون لەنێو بردبوو هەموویانیان هێناوە باوەشی دایکی نیشتمان. ئێستا کە لە سایەی خوداو ئیرادەی میللەتەوە چارەنووسی خۆمان بە دەستەوە گرتوە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك خوێندنگەی کچان و کوڕانمان دامەزراندوەو خوێندنگەی شەوانەشمان کردۆتەوە. کتێبەکان بە زمانی کوردی وەرگێڕدراونەتەوە. کوڕان و کچان و گەورەکان لە قوتابخانەی شەوانەدا بە زمانی کوردی دەخوێنن و بە جێی ئەوەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی غەیرە زگماك بن، پاش دوو سێ مانگ دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننەوەو بنووسن. بۆ ناساندنی توانا و لێهاتوویی میللەت و سەرهەڵدان و گەشەی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی کوردو بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان بە گوێی جیهانی شارستانی و یەکسانخواز پێویستیمان بە کەرەسەی چاپ و ناوەندی بڵاوکردنەوە بوو کە بە دامەزراندنی چاپخانە لەمەودوا بە زمانی خۆمان گۆڤارو رۆژنامە دەردەکەین کە ئەم بڵاوکراوانە داخوازییەکانمان دەخەنە روو و دەیانگەیەنێتە بیروڕای جیهان.

داهات و بەرهەمە نەتەوەییە بەرچاوو بەنرخەکانی ئێمەیان لە چنگ دەرهێنان و تاڵانیان دەکرد. وڵاتە کۆلۆنیاییەکان و دەستوپێوەندەکانیان ببوونە لەمپەر لە نێوان ئێمەو بازاڕی جیهانیدا، رێگاچارەی ئەوەشمان دۆزیوەتەوەو لەمەوبەدوا بازرگانی و ئابووریی کوردستان بەباشی برەو پێ دەدەین و بۆ بوژاندنەوەی تێ دەکۆشین. لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی رەزاشادا سەرەڕای ئەستاندنی مالیات و باجی جۆراوجۆر دیسانەکەش لەشساغی و دەرمان و دوکتورو نەخۆشخانە بێبەش بووین. خودا حەز بکا بەم زووانە نەخۆشخانەیەکی تەواو دەکەینەوەو باری لەشساغی و دەرمان لە ناوچەکە باش دەکەین هەروەها ئەرتەشێکی نەتەوەیی سازکراوە کە بە بوێریی و قارەمانەتییەوە وڵات و نیشتمانەکەیان دەپارێزێ. ئاشکرایە کە سەرکەتنەکانمان بە پشت بەستن بە خەڵك، جێگیرکردنی دێموکراسی، پشتیوانیی دنیای پێشکەوتوو وەدەست هاتوون. کەوابوو تێکڕا دەڵێین بژی دیموکراسی.

میللەتی کورد بە سەدان بەربەست و لەمپەری لەسەر رێ بوو. دارو دەستەی دیکتاتۆری بێوچان تێکدەرییان دەکردو لە ئاست ئێمە هەرچەشنە کارێکی نامرۆڤانەیان بەرەوا دەزانی. ناکۆکییە عەشیرەییەکان کێشەیەکی گەورەیان بۆ ئێمە خولقاندبوو، بەڵام هیچکام لەم کۆسپانە نەیانتوانی لەو رێیەی گرتوومانەتە پێش سستمان بکەنەوە، بە ورەیەکی بەرزو باوەڕێکی پتەوەوە بەرگری و خۆڕاگریمان کردوەو هەوڵ و تێکوشانی خۆمان درێژە پێ داوە، تاکوو سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کوردمان وەدەست هێناوە. دیارە هێشتاش شوێنەوارگەلێك لەم مەترسی و کۆسپ دروست کردن لە نێوخۆو دەرەوەدا ماونەتەوە. بۆیە خەباتی خۆمان دژی ئەوان درێژە پێ دەدەین و بە پشتیوانیی خودا سەردەکەوین. ئەمڕۆکە نوێنەرانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئاغاو جووتیارو گەورەو چووکە لە دەوری یەك کۆبوونەتەوەو یەك دڵ و یەك زمان دروشمی دیموکراسی و ئازادی بەرز دەکەینەوەو بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو ئاوەدان دەچینە پێشەوە."

وتەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو هۆتاف و چەپڵەرێزانی بەشداران و تەقەی خۆشیی پێشمەرگەکاندا کۆتاییان هات و دواتر محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی فەرماندەری هێزە نیزامییەکانی کوردستان و هێندێك لە بەرپرسانی حیزب و سەرۆك عەشیرەتەکان و نوێنەری ژنان پەیامی خۆیان خوێندنەوە پاشان رێورەسمی رێژەو سانی قوتابیان و هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشەواو میوانان دا بەڕێوە چوو کە لە نێو هەلهەلەی خۆشی، چەپڵەی توندی بەشداران درێژەی کێشاو دواتر شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران لە شوێنی میتینگەکەدا بە چەند سەعات پاشتریش بەردەوام بوو. بەم جۆرە رێورەسمی خۆشی دەیان رۆژ لە سەرتاسەری کوردستان بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی خەڵك درێژەی هەبوو.

هەر لەو رۆژەدا بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە دەنگ و پەسندکردنی هەموو بەشداربووان لەم کۆبوونەوە مەزن و مێژووییەدا قازی محەممەد بە سەرۆکی کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا.

❋

# ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# و

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری

**ناسر ساڵحی‌ئەسڵ**




زەینی مرۆڤ وا ڕاهاتووە حەز بەوە دەکا کە لە کەمترین کاتدا باشترین وەڵام بدۆزێتەوە. بەڵام کۆمەڵگاکان بۆ پەیداکردنی باشترین وەڵامەکان دەبێ خاوەنی ئەزموونێکی درێژخایەنو گەلێ جاریش نرخێکی زۆر بدەن. لە سەر ئورووپای ئێستادا ئەو بۆچوونە هاوبەشە هەیە کە ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان قەرزداری بلەوەزە مەزهەبیەکانی سەدەگەلی نێوەڕاست دەزانن. هەروەها نابێ بە دامەزراو بوونو ڕەگ داکوتانی دیمۆکراسی لە ئەڵمان، ئەزموونی کۆمەڵگای ئەڵمان لە سەردەمی نازیسمی هیتلێرمان لە بیر بچێتەوە. ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕەوتی پەرینەوە بۆ دیموکراسی ئەزموونی دوو شۆرشی مەشرووتییەتو ڕێبەندانی ١٣٥٧و سەردەمی کورت خایەنی دەسەڵاتی د. موسەددیقی هەیە.

بە سەرکەوتنی شۆرشی ڕێبەندانی ١٣٥٧، بە دابڕانی شۆرشی گەلی لە ڕێبازە سەرەکییەکەیو هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم لە ماوەی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتی پڕ لە شەرمەزاریی خۆیدا بووە هۆی گەشەنەکردنو پێش نەکەوتنی هەمە لایەنەی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیی ئێران. ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتیدا هەشت خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی بەڕێوە بردوە. بڕیارە لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٤ لە کەشێکی پڕ لە زەبروزەنگو نەبوونی ئازادی دەربڕینو قەڵەمو نەبوونی مەشرووعییەتی خەڵکیدا خولی نۆهەمیش بەڕێوەبەرێ. ئەگەر ئاوڕێك لە شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ڕابردوودا بدەینەوە دەبینین کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن دا دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە هێشتا نەی‌توانیبوو دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی جێگیر بکا. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك ئاریشەی نێوخۆیی وەك شەڕی داسەپاو بەسەر خەڵکی کوردستان داو ڕاپەڕینو بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکان لە تورکمەن سەحراو خووزستانو بەلووچستان کە خوازیاری وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بوون، ڕووبەڕوو بوو. دەگەڵ دەسپێکردنی شەڕی ئێرانو عێراق لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩داو قەیرانی بە بارمتەگرتنی فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی ئەمریکاو لە ئاکام دا بە هەڵاتنی سەرکۆمار ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، ئاخوندەکان توانییان بە بەرتەسك کردنەوەی بازنەی تێکۆشانی حیزبە سیاسی‌یەکان هێزگەلی دەسەڵات بگرنە دەست. لە ماوەی سێ خولی هەڵبژاردنی سەرکۆمارو پێکهێنانی کابینەی جەنگ، بەگشتی بە بەربەست کرانی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی وردەوردە کەلێنی نێوان دەسەڵاتو خەڵك دەرکەوت. پاش کۆتایی شەڕو کوشتاری زیندانیانی سیاسیو مەرگی خومەینیو بەردەوامیی جەنگ لە کوردستان، دوو خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی بەڕێوەچوون. لە دوای لابردنی پۆستی سەرۆك وەزیری لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیو زیادبوونی دەسەڵاتی سەرکۆماریی کابینەی بە ناو ئاوەدان کردنەوە پێك هات کە هاوکات بوو لەگەڵ نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك. زیادبوونی گەندەڵی، ئیعتیاد، ئاوسان، چوونەسەری نرخەکان، بەرتیل خواردن، فرۆشتنی شیرکەتە دەوڵەتی‌یەکانو کارخانەکان بە خزموکەسوکاری ئاخوندەکان لە ژێر ناوی هاندانی خاوەندارێتیو دەیان ناوی دیکە. سەرباری ئەمانەش، تیرۆری نەیارانی ڕێژیم لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران لە دەسکەوتەکانی کابینەی ئاوەدان کردنەوەی ڕەفسەنجانی بوون!!

عالی جەناب (سوورپۆش) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی لە هەموو سەردەمی دەسەڵاتدارێتی‌دا دەنگی سەرجەم خەڵکی پێشێل دەکرد کە لە کردەوەیەکی ئەوتۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا شتێکی ئاسایی‌یەو تەنانەت دەستێوەردان لە دەنگدانی گشتی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسیی شورای ئیسلامیو خوبرەگان دەبینرێ.

ڕێژیم دەیویست بۆ هەڵبژاردنی حەوتەمین خولی سەرۆك کۆماری، کاندیداتۆرە دەستنیشانکراوەکانی خۆی بەسەر خەڵك دا بسەپێنێ، بەڵام خەڵکی ئێران لە هەنگاوێکی پێچەوانەدا لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ لە جێی کاندیداتۆری ڕێژیم کەسێکی دییان بە ناوی محەممەد خاتەمی هەڵبژارد. ئەگەرچی محەممەدی خاتەمی ئەوکات لە نێو زۆربەی خەڵك دا کەسێکی نەناسیاو بوو، بەڵام خەڵك بە هەڵبژاردنی خاتەمی "نا"یەکی گەورەیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گوت. محەممەدی خاتەمی کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی کۆمەڵگای مەدەنیو ڕیفۆرمخوازی هاتبوە مەیدان بەڵام خەڵك کە خوازیاری چاکسازی بنەڕەتی لە نێو ڕێژیم داو مافی ئازادی بیروڕا دەربڕینو قەڵەم بوون بەرەوڕوو بووە، لە محەممەدی خاتەمی جگە لە درۆو قسەی پڕوپووچو پشت گوێخستنی ئەم بەرنامانەی کە بەڵێنی دابوو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هیچ بەرهەمێکی دیکەیان نەدی.

لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٨٣دا کۆمەڵێك خوێندکار لە زانکۆی تاران دا بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان لە خاتەمی پێیان گوت: خاتەمی ئیدی درۆ بەسە. کە بەڕاستی ئەم ڕستەیە پڕبە پێستی ئەم بەڕواڵەت ریفۆرمخوازە بووە. محەممەدی خاتەمی نەك هەر داکۆکیی لە ریفۆرمو کۆمەڵگای مەدەنی نەکرد، بەڵکوو پارێزەری نیزامی ویلایەتی فەقیە بوو. کە بەم کارەشی توانی بۆ ماوەیەك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەتی خەڵك دەباز بکا!

لە نیزامی ویلایەتی فەقیهی ئێستای ئێران دا کەسێك بە ناوی ڕێبەر لە سەرووی قووچەکی دەسەڵات دایە دەنگی خەڵکی تێی‌دا تەنیا سەرپۆشێکە بۆ نیشاندانی مەشرووعییەتی خەڵك. تەنانەت شێوەی داڕشتنی قانوون لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا نیشان دەدا کە دەسەڵاتخوازەکان لەم ڕەوتەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕنو دەنگی خەڵك وەبەرچاو ناکەوێ. بۆیە لە ڕاستی‌دا قانوونی بنەڕەتیو قانوونەکانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەشرووعییەتی خەڵکیان نیە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بە بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی هەڵبژاردنەکان وەك یەکێك لە مەرجەکانی دیموکراسی دەتوانێ سیمایەکی ڕەوا لە دەسەڵاتەکەی خۆی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا نیشان بداو سەرنجی بیروڕای گشتی خەڵکی جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لە حاڵێك دا دیموکراسی پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن نیە. بەڵام ڕێژیم لە دیموکراسی تەنیا وەك کەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵك وەردەگرێو بایەخێك بۆ دیموکراسی دانانێ. لوتکەی قووچکەی دەسەڵات واتە ویلایەتی فەقیە ئەگەر لە لایەن خەڵکەوە هەست بە مەترسی ڕووخاندن بکا لە ترسی ئەوەی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی وەدەردەکەوێ دێتە مەیدانەوە. هەوەك ڕاپەڕینو خۆپیشاندانی خەڵكو خوێندکاران کە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمیان وەلەرزە خستن، تەنانەت دیاریکردنی هێڵی سوور بۆ ریفۆرمخوازەکانی نێو دەسەڵات لە ترسی ویلایەتی فەقیە سەرچاوە دەگرێ. لە ئاکام دا ڕێژیم دەبێ بە بەربەستێك لە بەرامبەر پێکهاتی بوارگەلی گونجاوی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، تەنانەت ئابووریو سیاسی پێویست لە کۆمەڵگا بۆ تێپەڕین بەرەو دیموکراسی.

هەروەك دەزانین بڕیارە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٤ هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بەڕێوە بچێ کە دەتوانین مافیای دەسەڵات بە سەر دوو گرووپ دا دابەش بکەین. ١ـ کۆنەپارێزانی حکوومەتی ٢ـ ریفورمخوازانی حکوومەتی. گرنگترین گرووپەکانی ریفورمخواز بریتین لە: ب: کۆڕی رووحانی‌یەکانی تێکۆشەری تاران ب: حیزبی موشاریکەتو موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ج: دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، ئەنجومەنی سەربەخۆی خوێندکاریو ڕۆژنامەڤانیو پارێزەرانی مافی مرۆڤ. س: حیزبی کارگوزارانو حیزبی ئیسلامیی کار. لە بەرەی بە رواڵەت ڕیفۆرمخوازانیش، ناکۆکیو لێك بڵاوبوونو ڕێك نەکەوتن لەسەر کاندیداتۆرێك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری هاتۆتە ڕوو. کۆڕی رووحانیگەلی تێکۆشەری تاران کە لە لایەن ڕۆژنامەڤانانەوە وەك کەشتیی نووح ناویان لێ‌دەبرێ، میهدی کەڕووبی سەرۆکی کۆڕەکەیان بەرەسمی وەك کاندیدای هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری دیاری کردوە، شانسی سەرکەوتنی کەڕووبی زۆر لاوازە. لە کاتێك دا بەرەی موشاریکەتو موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی، مستەفا موعین، وەزیری پێشووی وەزارەتی زانستو تیکنۆلۆژی‌یان کردۆتە کاندیدای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری کە شیمانەی ڕەدی سەلاحییەتی لەلایەن شورای نیگابانەوە گەلێك زۆرە. حیزبی "کارگوزارانی سازەندەگی" کە لە تیکنۆکراتەکانی سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانین، بە سەر دوو دەستەی: کرمانیو ئیسفەهانی‌دا دابەش دەکرێن کە دەگەڵ حیزبی ئیسلامیی کارو سەربە (خانەی کارگەر) کە پشتیوانی لە کاندیداتۆریی هاشمی ڕەفسەنجانی دەکەن. بەڵام لە هەموو گرنگتر دەفتەری تەحکیمی وەحدەتەو ریفۆرمخوازە سەربەخۆکان تا هەنووکە سەبارەت بە بەشداریکردن یان پێچەوانەی ئەوە لە هەڵبژاردنی فەرمایشی‌دا هیچ ڕایەکیان دەرنەبڕیوە. بەڵام ڕۆژنامەی ئێران (سەر بە دەوڵەت) ڕای‌گەیاند کە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت وێڕای ١٤ گرووپی دیکەی سەر بە ریفۆرمخوازان پشتیوانی لە کاندیداتۆری شیرین عیبادی وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبیل دەکەن. ئەوە لە کاتێك دا ڕوو دەدا کە شورای نیگابان لە لێکدانەوەی خۆی سەبارەت بە وشەی "رجال" لە قانوونی بنچینەیی دەبێ پیاو بوون یەکێك لە مەرجەکانی بەربژاریی هەڵبژاردن بێ. دیارە شیرین عیبادییش کاندیداتۆریی خۆی سەبارەت بەم دەورەیە وەدرۆ خستۆتەوە.

### ٢ـ کۆنەپارێزەکان

کۆنەپارێزەکان پێشتر کە بە رواڵەت بەرەی یەکگرتوویان لە بەرامبەر ڕێفۆرمخوازەکان پێك هێنا بوو ئێستا ناکۆکیو ناتەبایی‌یەکی وایان لە ژێر زەختی دەنگەکان کەوتۆتە نێوەوە کە شیمانەی دەسپێکردنی شەڕی مافیای دەسەڵاتو سەروەت لە کورت خایەن دا دەکرێ.

دەتوانین کۆنەپارێزەکان بە سێ گرووپ دابەش بکەین:

ئا: کۆنەپارێزانی نەرم ڕۆ ب: دەستەی کۆنەپارێزانی کردەوەگەر ج: کردەوەگەرە کۆنەپارێزەکانی تەواوە لە ویلایەتی فەقیە

کۆنەپارێزانی نەرمڕۆ خوازیاری بەشداریکردنی ڕەفسەنجانی لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دان. چونکە هەست بەوە دەکەن کە بۆ دەرباز بوونی ڕێژیم لە قەیرانی نەبوونی مەشروعییەتی خەڵکیو پاراستنی نیزامو شیمانەی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا، ببێتە گەمێوانی گەمیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هاشمیی ڕەفسەنجانی لە لایەن دادگای میکونووسەوە بە یەکێك لە دارێژەرانی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێکانی ناسراوەو حوکمی گرتنی لەلایەن دادگای ناوبراوەوە دەرچووەو هەروەها ئەو ئابڕووچوونەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم‌دا تووشی بوو شانسێکی دووبارەی بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بۆ نەهێشتۆتەوە. بەڵام دەستەی کردەوە خوازە کۆنەپارێزەکانی بۆ وەرگیرانی نوێنەرانی کەسانی وەك عەلی ئەکبەری ویلایەتیی وەزیری دەرەوەی پێشوو، ئەحمەدی تەوەکولی نوێنەری مەجلیسی شورای ئیسلامیو عەلی لاریجانی بەرپرسی پێشووی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا. لە ناو ئەم سێ کەسەی کە ناویان هاتوە، شانسی عەلی ئەکبەری ویلایەتی زیاترە. سەبارەت بەوە کە هەم پێشتر وەزیر بووە بەو بۆنەیەوە کەسێکی ناسراوەو هەم ئەوەی کە خامەنەیی پشتگیریی لێ‌دەکا. ئەگەر عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەك نۆهەمین سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرێ، ئەویش هەر وەك ڕەفسەنجانی لەلایەن دادگای میکونووسەوە وەك دەستووردەری تیرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری گرتنو دەستبەسەرکردنی لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە. ئەگەر بڕیارەکە لە سەر جێی خۆی بێ ئەوە دەبێ لە خولی سەرکۆماری‌یەکەی‌دا بە ئینترنێتو فاکس لەگەڵ ئورووپا پێوەندی بگرێ.

گرووپێکی دیکە لە لاوانی کۆنەپارێزو تەواوە لە ویلایەتی فەقیە دەیانەوێ مەحموود ئەحمەدنژاد شارەداری نەرمڕۆی تارانو ئوستانداری پێشووی ئەردەبیل کاندیدا بکەن. مەحموود ئەحمەدنژاد هەر ئەو کەسەیە کە لە بەهەشتی زارادا بۆ نێونووسی بەسیجیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆکوژانە لە ئێران دژی هێزەکانی ئامریکاو هەروەها هاوپەیمانان کاری کرد.

بەڵام گرنگتر لەمانە ئەم تۆمەتانەن کە لەم ڕۆژانەی دوایی‌دا کۆنەپارێزان لە یەکتری دەدەن کە ئابڕووچوونێکی گەورەیان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدواوەیە. بەتایبەت دەبێ لەبیرمان نەچێ کە هەر دوو لایەنی ململانێکە لە دەستەی کۆنەپارێزەکانن. لەم شەڕە قسەیەدا دوو لایەنی کۆنەپارێزو ئەو لەقاودانەی کە تا ئێستا ڕووی داوە کۆمەڵێك کێشەی نێوخۆیی حکوومەت ئاشکرا دەکەن کە پێشتر شتی وا نەبووە.

"ئەبولحەسەنی بەنی سەدر" یەکەمین سەرۆك کۆماری ڕێژم لە وتووێژی ڕۆژی ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٨٣ لەگەڵ ڕادیۆ فەرانسەدا دەڵێ: ئەوانە مافیای دەسەڵاتنو تەواوی ئەم کێشەو ململانێیانە بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆك کۆمارییە. ئەگەر ئاخوندێکی بێ ناونیشانی وەك ئایەتوڵڵا "عەلی فرووغیان" خاوەنی مۆدێرنترین ئەمرازە گەیەنەرەکان بێو تا ئێستا ٤٠٠ بڕیاری بە دژی خەڵك دەرکردبێ سەیر نیە ئەگەر بپرسین دەفتەرەکەی ڕەزای مەدحی کە ناوی کەوتۆتە ناوانەوەو بە ئاغای حوسێنی ناسراوە. دەتوانی بڕیاری دەستبەسەر کردنی پەرستاری نەخۆشخانە لەبەر ڕەدکردنەوەی پێشنیاری هاوسەرێتی بدا. کەوابێ دەبێ ئاخوندەکانی‌تر خاوەنی چ ئامرازگەلێکی مافیای دەسەڵاتو کۆکردنەوەی سامان بن.

بەڵام لە بواری ئاسایشی‌یەوە گیروگرفت گەلێکی وەك خۆهەڵقوتاند لە کاروباری نێوخۆیی دراوسێکانو یارمەتیی ماڵی بە گرووپگەلی تیرۆریستی لە سەراسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەم پرۆسانە نەك هەر ئاکامێکی خراپیان بۆ ڕێژیم بەدواوە دەبێ، بەڵکوو دەبنە هۆی ئاڵۆزیی نێوخۆو نارەزایەتیی پتریش لە نێو خەڵکی‌دا پێك دێنن.

بەڵام گرنگتر لە هەموو، سەرۆك کۆماری دوارۆژی ڕێژیم لە گەڵ دوو ئاستەنگی گەورەی نێونەتەوەیی‌دا ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

١ـ فایلی ناوکیی ئێران لە ڕێکخراوی ئاژانسی نێونەتەوەییو وزەی ناوکی

٢ـ فایلی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە.

دوایین شت ئەوەیە کە هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری هەروەك خولەکانی پێشوو بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەوەی کە ڕاستە ئەوەیە کە چیتر خەڵك فریوی فرتو فێڵەکانی ڕێژیم ناخۆن.

❋

# عەقڵی غەزەلی

**مەحموود شێرزاد**

تاك و كۆمەڵگای سوننەتی ئەگەر بە داخراوی بمێننەوە بەردەوام لە بازنەی بەرهەمهێنانەوەی خۆیاندا دەخولێنەوە، واتە خۆیانێکی سوننەتی. بەرهەمی تاکی سوننەتی کۆمەڵگای سوننەتی‌یە، بەو مانایە شوناس و تایبەتمەندی کۆمەڵگا شتێکی ئەبستراکت نیە لە دەرەوەی شوناس و تایبەتمەندی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك. واتە ئەوە شوناس و تایبەتمەندی تاکە شوناس و تایبەتمەندی بە کۆمەڵگا دەبەخشێ. نەسەن (فرم) لە کۆمەڵگای سوننەتی‌دا، چ لە شێوە تاکەکەی دا چ لە شێوە گشتی‌یەکەی‌دا نەسەنێکی وێکچوو، تەواو وەك یەك و هاوشێوە و رێك و پێك و نەگۆڕە، بۆ وێنە تاك و کۆمەڵگا زیاتر لە غەزەل یا مەسنەوی و هەر قالبێکی شێعری یا هەر شتێکی دیکەی کلاسیك دەچن. مرۆڤی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە لەهەر بوارێك دا کار بکەن، هونەری بن یا ناهونەری، سیاسەتوان بن یا پێچەوانەکەی، وەرزێربن یا حیکایەتخوان بەهۆی ئەوە کە غەزەلین بەرهەمەکانشیان بە هەمان شێوە غەزەلین. بۆ وێنە زۆرجار **لە پشت مایەکانی ئەو نیشتمانەوە وتارێکی بەناو سیاسیی پیاوێکی سیاسی لەگەڵ پەخشانێکی غەزەل ئامێزیانەی عاشقێکی دۆڕاو یا قسەی نەخوێندەوارانەی ژێر دیوارەپیرەکانی کوردستان جیاوازێکی ئەوتۆی نەبووە تا بتوانی سنوورەکانی نێوانیان دەست نیشان بکەی.** لێرەوە دەبینی هەموو هەوڵەکان لە یەکگرتوویەکی میکانیکیەوە بەدەوری "نەریت"دا دەخولێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دووجۆر کۆمەڵگای دیکەشمان هەیە، کۆمەڵگای مۆدێڕن و کۆمەڵگایەك کە سەنتێزی کۆمەڵگای سوننەتی و کۆمەڵگای مۆدێڕنە. لێرەوە باسی کۆمەڵگای سەنتێز ناکەین بەڵام کۆمەڵگای مۆدێڕن بە پێی لێکۆڵینەوەکانی دوو کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەمریکایی بە ناوەکانی" انکلز" و "ئیسمیت" بەرهەمی تاکی مۆدێڕنە، واتە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن پێویستیمان بە تاکی مۆدێڕنە. نەسەن لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا رێك بە پێچەوانەی ئەو نەسەنە غەزەلینەیە کە لەسەروە باسمان کرد. بۆ وێنە تاکی ئەو جارەمان تاکێکی مەعریفیو دەروون ئاڵۆزە کە ئەو مەعیف و دەروون ئاڵۆزی‌یە لە هەنگاوی یەکەمدا رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر ئاستی نەسەنی خۆیی پاشانیش کۆمەڵگا، هەربۆیەش بکەری بەرهەمێنی ئەو جۆرە لە کۆمەڵگا ناتوانی لە چەمك و فۆرمێکی هاوشێوە و مەییوو وبە تایبەت رێك و پێك نەگۆڕدا تەعبیر لە خەون و خولیاکانی خۆی و کۆمەڵگا بکا. کەواتە بکەری مۆدێڕن و سەردەمی‌یانە بە پێچەوانەی ئەو بکەرەی کە لە خەونێکی دێهاتی‌یانەوە جیهان پێناسە دەکا لە بەرهەمێکی نوێی هاوچەرخانەدا پێمان دەڵێ کە ئەوە تۆ و پێناسەی واقیعی تۆیە لەو سەردەمەدا، لەو کۆمەڵگایەدا پێوەندێکی ئۆرگانیکی ئامادەگی هەیە، لە پێوەندی ئۆرگانیکی دا بیرکردنەوە و بەرهەمهێنان بەدەوری تەوەری پسپۆری‌دا خول دەخۆن. لێرەوە پسپۆری شتێکە لە ژێر زەختی پێداویستی‌یە ئێستایی‌یەکان دا بەردەوام خەریکی نوێ بوونەوەیە، بەڵام لای تاکی غەزەلی و لە کۆمەڵگای غەزەلین دا پسپۆری شتێك نیە بە مانای مۆدێڕنەکەی بەڵکوو بنەمایەکی نەگۆڕی پیرە کە بەردەوام لە گەشەیەکی پێچەوانەدا دووپات دەبێتەوە، واتە پسپۆری لەسەر بناغەی ئەقڵێکی غەزەلیو نەگۆڕ دامەزراوە. بۆ وێنە هەر ئێستاش کۆمەڵێك بکەری خاوەن شەمی ئەدەبی و سیاسی و... هتدمان هەیە کە لەسەر بنەمای هەمان پسپۆری خەریکی بەهەمهێنانی غەزەل و قەسیدەو وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ...هتدن کە نالی و مەحووی و یا پیاوانی سیاسی بەرهەمهێنان لەسەر بەرهەمهێنانەوە، بەڵام بەرهەمی ئەوان لە کوێ و ئەویان لە کوێ. کەواتە لێرەوە بە ئاکامێك دەگەین ئەویش رەنگە ئەوەبێ کە پسپۆری سەردەمی بۆ وێنە نالی دەتوانێ ببێ بە بەشێکی یەکجار بچووکی کۆی ئەو بنەما پسپۆری‌یە بەربڵاوەی ئێستا بەڵام بێ گومان ناتوانێ هەمووی یا لانی‌کەم بەشێکی هەرە زۆریشی پێك بێنێ، چونکە ئەو پسپۆری‌یە ناتونێ دەروەستی من و ئەمرۆی ئاڵۆزی منی ئێستا بێ، کەواتە ئەزموون کردنیشی هەڵەیە، کەخۆم رۆژێك لە رۆژان تووشی ئەو هەڵەیە بوومە. بەڵام لەو پرۆسە بەهێزە جیهانی‌یەی ئێستادا کە بە گلۆبالیزیشن ناسراوە کوردیش خەریکە بەرەبەرە لەفرە پسپۆری نزیك بێتەوە، کە هەر ئێستا دەرکەوتەکانی لە ئاوەز و بەرهەمی کوردی بژاردەکان دا دەبینن، بەجۆرێك هێمایە بۆ ئەوەکە یەکیەتیی میکانیکی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی غەزەلی جێگەی خۆی بدا بە پێوەندی ئۆرگانیکی، هەربۆیەش رەنگە سەردەمی ئێستاو پڕۆسەی گلۆبالیزیشن لە تەعبیرێکی دیکەدا بە مانای پڕۆسەی کۆتایهێنان بە عەقڵ و کۆمەڵگای غەزەلی بێ.

# قوباد جەلی‌زادە:

## لە رۆژهەڵاتی کوردستان حەرەکەیەکی نوێ دەستی پێکردووە

هەظظەیطین: شەریف

باس کردن لە جەلی‌زادەی شاعیر، باس کردن لەو پیاوە شاعیرە نیە کە بە شێوەیەکی زۆر سواو دووپاتەیەکی سواوتری شاعیرانی پێش خۆی بێ، بەڵکوو باس کردن لەو دەنگەیە کە دەیهەوێ فەرامۆش کراوترین فەرامۆش کراوی جیهان بەتایبەت کۆمەڵگای کوردمان وەبیر بێنێتەوە، واتە "ژن" ئەو مرۆڤەی کە سەرچاوە و تەوەری هەموو وێنە سێحراوی‌یەکانی جەلی‌زادەیە ، هەر بۆیەش جەلی‌زادە ئەو دەنگەیە دەکرێ بە نەزارقەببانی کورد ناوزەد بکرێ، واتە شاعیری ژن، بەو هیوایە لە داهاتوودا لەسەر روانگەی ئەو بۆ ژن و ژن لە شێعرەکانی‌دا هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵی‌دا هەبێ.

**پ: بەرێز جەلی‌زادە لە سەرەتادا هێندێکمان باسی خۆتان بۆبکەن.**

و: من قوبادی جەلی‌زادەی شاعیرم لە کۆیە لەدایك بووم هەرلەوێش خوێندنی سەرتایی و ناوەندی و دواناوەندیم تەواو کردوە، پاشان چوومەتە زانکۆی بەغدا لەوێ کولێژی یاسام تەواو کردوە. ساڵانی شێعر نووسینم زیاتر دەگەرێتەوە بۆ سەرەتا و ناوەراستی هەشتاکان، ساڵی ١٩٨٨ یەکەم کۆمەڵە شێعرم بەناوی "قەڵەمێکی ردێن سپی" چاپ کرد. لە ساڵی ١٩٩١ دا کۆمەڵە شێعرێکی ترم بەناوی "تەمتومان" و پاشان لە ساڵی ١٩٩٨دا "سێدارەکانی بەهەشت"م چاپ کرد، دواتر یەکەم دیوانم کە چاپ کرا وەکوو سەرجەمی شێعرەکانم لە ساڵی ٢٠٠٢دا هەمیشە روو لە خودا هەمیشە مەست" بوو. دووهەم چاپ کراوە بە ناونیشانی "شەهید بە تەنها پیاسە دەکات" بەو هیوایە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بتوانم بڵاوی بکەمەوە.

**پ: وەك دەزانین لە هەمبەر شێعرەوە بیرورای جیاواز هەیە، پێناسەی جەنابت بۆ شێعر چی‌یە؟**

و: لەراستی‌دا ئەوە پرسیارێکی یەکجار قورسە. چونکە شێعر وەکوو تیشك وایە، ناگیرێ. کە شتێکیش بەرجەستە نەبێ و نەگیرێ، رەنگە زۆر قورس بێ بتوانی تاریفێك یان پێناسەیەکی بۆ دەست نیشان بکەین، بەڵام پێم وایە شێعر بریتی‌یە لە وێنەکێشان بە وشە بەرلەوەی کە ئەدەب بێ، هونەرە بەلای منەوە.

**پ: شێعری نوێی کوردی بەتایبەتی شێعری رۆژهەڵاتی کوردستان چون دەبینی، سەرکەوتووەکان کامانەن؟**

و: من بەگشتی وای دەبینم کە شێعر لە قەیران دایە، ئەم قەیرانەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەکە نەوەی نوێ کەم خۆی هیلاك دەکا و کەم خۆی ماندوو دەکا. نەوەیەك کە بووە بە کۆرسی دەنگێکی نەناسراو. ئەگەر لە مێهرجانێکی وەکوو ئەوڕۆدا کە ئێستا ئێمە تیایدا ئامادە بووین. ئەگەر لە رۆژێك دا لە دە شاعیری گەنج گوێت لە دە قەسیدە بێ، هەست دەکەی هەمووی یەك کەس نووسیویەتی، زمانەکەی یەك زمانە، ئاو و هەواکەی یەك ئاو و هەوایە لە شێعری ئێستای لەلای گەنجەکان بابەت نەماوە. یانی بریتی‌یە لە تۆپەڵێ وشەی جوان جوان، کۆمەڵێ وێنەی جوان جوان. بەڵام بەتاڵە لە ناوەرۆك پێم وایە کاتێکی زۆری بوێ کە شێعری کوردی لەم قەیرانە رزگاری بێ، لەوەش دا جاران یان لەهەر نەوەیەك دا ئەگەر پەنجا شاعیر لە مەیدان دا بووبێ هەمیشە دەنگی سواو هەبووە. دەنگێکی بەرز، دەنگێکی جیا لە دەنگانێکی تر بەڵام هەست دەکەم ئێستا لەناو گەنجەکان دا هەمووی وەکوو وتم بوون بە کۆرس و کۆمەڵێك کەسن بە یەکەوە گۆرانی دەڵێن. دەنگی تەنیا و دەنگی جیاوازیان تێدا هەڵنەکەوتووە. ئەگەر هێندی مەحاولات هەیە بۆ ئەوەی هێندێ گەنج هەن خۆیان لە دەنگەکان هاورییەکانیان جیادەکەنەوە. ئەمەش تا ئێستا بەرجەستە نەبووە.

سەبارەت بە شێعر لە رۆژهەڵاتی‌کوردستان دا من هەمیشە دووپاتە ئەکەمەوە لە برادەران و شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە چەند ساڵێك لەمەوبەریش ئەوان لاساکەرەوەی شێعری باشووری کوردستان بوون، ئەوان لەسەر میراتێك دەلەوەران ئەگەر وشەکە ناشیرین نەبێ. کە بریتی بووە لە شێعری ئێمە لە حەفتاکان دا بەڵام بەم دواییە هەست دەکەم جۆرێك لە جۆڵانەوە و حەرەکەیەکی تازە هەیە لەناو گەنجەکان دا کە نە لاساکەرەوەی شێعری فارسین، نە لاساکەرەوی ئێستا و حەفتاکانی ئێمەن، من دەمێکە گلەیم لە نووسەرو ئەدیبانی ئەودیو هەیە کە گەنجینەیەکی زۆر گەورەی وەك ئەدەبی فارسییان لەبەردەست دا بووە. کەمتر بەلای‌دا دەچن کەمتر شتی لێ هەڵدەهێنجێن، کەمتر لەو کانییە ئاو دەخۆنەوە. پێم وایە زۆرجار گەنجی روژهەڵاتی کوردستان پێی وابووە ئەگەر کەڵك لە ئەدەبی فارسی ببینێ، جۆرێکە لە خیانەتی نیشتمانی و بۆیە هەمیشە گەڕاوەتەوە سەر شێعری باشووری کوردستان. بەڵام وەکوو ئێستا گوتم من ناتوانم دەست نیشانی هیچ دەنگێك بکەم. ئەوە جیایە، بەڵام من کەباسی شاعیرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم "جەلال مەلەکشا" یەکێك لەو شاعیرانەیە کە هەمیشە من وەك شاعیرێکی گەورە سەیرم کردوە.

**پ: ئەمرۆ زۆر بیرورای جیاواز لەهەمبەر هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ خەڵکەوە هەیە؟**

و: من پێم وایە شێعریش وەکوو هەموو ژانرە ئەدەبیەکانی تر نامەی هەیە. ناکرێ هونەرێك یا ئەدەبێك بێ نامەبێ بەڵام نابێ لایەنی هونەریش فەرامۆش بکەین. زۆرجار دەڵێن شێعر نامەیەکە، بەڵام نامەیەکە بۆ کەسێکی نادیار. شێعر وەك ئەوە وایە نامەیەك بدەی بەدەمی شەپۆلی دەریایەکەوە بی‌با. بەڵام بۆ ناونیشانیکی نادیار، من پێم وانیە کە شێعر کە نامەبێت دەبێ ناونیشانەکەشی دیار بێت. من نامەیەکم پێ‌یە بەڵام کێ ئەو نامەیە دەخوێنێتەوەو کێ نامەکان لەباوەش دەگرێ، ئەم قەسیدەیە، ئەم شێعرە، ئەم نامەیە بۆ ئەم نووسراوە.



# کاراپێتێ خاچۆ:

## هەر کوردێك بە قەرا منی ئەرمەنی قەدری کلتووری کوردیی زانیبا ئێستا لەمێژبوو دەوڵەتی کوردی دامەزرا بوو

**ئا: ئەمیر شوعاعی‌وەند**



لە ئێوارەیەکی ساردی زستانی‌دا کاتێك کە هەواڵی مەرگی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردی لە دەرگای ماڵەکان دەدا، دەروونی هەر مرۆڤێك دەهەژێنێ و کەس رازی نابێ دەرگای دڵی خۆی لەسەر ئەو هەواڵە بکاتەوە، بەڵام مەرگ حەقیقەتێکی تاڵە!

کاتێك کە ناوی هونەرمەندی کورد "کاراپێتێ خاچو" دەبیسترێ مرۆڤ بە بێ ئیرادەی خۆی دەچێتە ناو عالەمی خەیاڵ و دەنگە بەسوزەکەی کاراپێت مێژووی دوور و درێژەی دەرد و مەینەتەکانی نەتەوەی کورد لە کوشتاری ئەرمەنی‌یەکانەوە بگرە تا شورشی شێخ سەعیدی پیران، شورشی ئاگری و دەیان رووداوی گرینگی دیکە وەك سەحنەیەکی زیندووی سینەما دێنێتە بەرچاو. ئەو هونەرمەندە کە بە یەکێك لە هەرە گەورە پیاوانی هونەری دەنگبێژی دەناسرێت لە رۆژی ٥شەمە ١٣٨٣/١٠/٢٤ی هەتاوی لە تەمەنی ١٠٣ساڵی‌دا چاوی لە ژیان بەست و مالاوایی لە کورد و کودستان کرد.

**ژیانی هونەرمەند:**

کاراپێت لە ساڵی ١٩٠٢ی زایینی لە گوندی "بلێدەری" سەر بە باژاری باتمان لە بنەماڵەیەکی هەژاری ئەرمەنی دا لەدایك بوو چیرۆکی ژیانی کاراپێت هەر لە منداڵیەوە بە نەهامەتی دەستی پێکرد، کاتێك کە کوشتاری ئەرمەنی‌یەکان بە دەستی تورکانی عوسمانی هاتە ئاراوە، کاراپێت دایك و باوکی لە دەست دا و ئەو لە تەمەنی ٨ساڵی‌دا لەگەڵ خۆشکەکانی ناچاربوون گوندەکەیان جێ بهێلن و بەرەو ولایەتی دیاربەکر را بکەن. دوای چەند ساڵێك کە فەرمانی دەرکردنی ئەرمەنی‌یەکان بە تاوانی یارمەتی‌کردنی کوردە چەکدارەکان دەدرێ کاراپێت بەرەو سوریە وەرێ دەکەوت و لەوێ بوو بە سەربازی فەرانسەوییەکان. ئەو ١٥ساڵی تەواو بۆ ئەرتەشی فەرانسە خزمەتی کرد و بە هاتنی ئینگلیزی‌یەکان بۆ سوریە کاراپێت دەست لە سەربازی دەکێشایەوە و لەسەر وەسیەتی دایك و باوکی بەرەو ئەرمەنستان وەرێ دەکەوت و لە گوندی کولهوزای چوارەم سەربە ناوچەی "ئیچمەزدین" نیشتەجێ بوو.

کاتێك کە دەنگبێژیی کاراپێت دەنگ دەداتەوە رەسمەن لەلایەن رادیوی ئێریڤانەوە وەك دەنگبێژی فەرمی بانگهێشت و ئیستخدام دەکرا. ئەو نزیکەی ٦٠ساڵ لە رادیوی ئێریڤان دا کاری کرد و لەماوەی ئەو ٦٠ساڵەدا بە سەدان گۆرانی لەو رادیویەدا تۆمار دەکا کە تا ئێستاش دەنگی کاراپێت خەمل و رەوشی ئەو رادیویەیە.

یەکێك لە تایبەتمەندی‌یە هەرە گرنگەکانی کاراپێت ئەوە بوو کە هیچ کات خۆی لە کوردەکان جیا نەدەکردەوە هەر ئەو تایبەتمەندی‌یە بوو کە کاراپێتی بە پردی نێوان کورد و ئەرمەنی ناودێر کرد. ئەو لە یەکێك لە وتووێژەکانی خۆی‌دا دەڵێ: **من پیاوێکی ئەرمەنیم و تەنیا شتێك کە منی وەك دەنگبێژێکی کوردی ناودێر کرد کولتووری دەولەمەندی کوردی بوو.** مامۆستا کاراپێت کە دوایین ساڵەکانی تەمەنی‌دا هەمیشە خەمی ئەوە بوو کە بۆچی ئێدی دەنگبێژی چاك لەنێو کوردان دا هەڵ ناکەون، ئەو دەیگوت بە مردنی من دەنگبێژیی کوردیش دەمرێ. ئەو هەر وەها دەیگوت کە ئەگەر هەر کوردێك بە ئەندازەی منی ئەرمەنی قەدری کلتووری کوردیی زانیبا ئێستا ساڵانێکی زۆر بوو کە دەوڵەتی کوردی دامەزرابوو.

مامۆستا کاراپێت بە دەنگ زەلالەکەی هێندە بەسۆزەوە گورانی کوردیی دەچری کە جگە لە کوردەکان لەنێو ئەرمەنی‌یەکانیش دا بە کەسایەتێکی بەرز دەناسرا. ئەو بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر ئەرمەنییەکان دادەنا کە ئێستا هەر لە ئەرمەنستان بە دەیان گورانیبێژی ئەرمەنی بە کوردی گورانی دەڵێن و یەکێك لە بەناوبانگترینیان مامۆستا "ئارام تیگان"ە کە یەکێك لە قوتابی‌یەکانی کاراپێت دەناسرێت.

کاراپێت ٩٠ساڵ گورانی گوت و لەو ماوە درێژەدا خزمەتێکی زۆر گەورەی بە زمان و فەرهەنگی کوردی کرد بەڵام قەت لە پێناوی گورانی گوتن دا پارەی لەکەس وەرنەگرت و ئەو بە تەواوی تەمەنی لە هەژاری‌دا ژیا و هەتا دوایین ساتەکانی تەمەنیشی موحتاجی نانی شەوانە بوو. خاچو بۆ ئەوەی لە ئوروپا دەرمان بکرێت زۆر پێشنیاریان پێشکەش کرد بەڵام هیچ کامیانی قەبول نەکرد و دەیگوت من دەمهەوێت لە گوندی خۆم دا بمرم, خاچو لەم ساڵانەی دوایی تەمەنی‌دا رەوشی تەندرووستی خراپ بوو تا لە ٢٤ی ئەم مانگە لە تەمەنی ١٠٣ ساڵی‌دا چاوی بە یەکجاری لێکنا و مالاوایی لە ژیان کرد. کوچکردنی مامۆستا کاراپێتێ خاچو غەمگینییەکی مەزنی لەنێو هەموو کوردانی جیهان دا ساز کرد.

# شنه درۆزنتره له زریان

رەسووڵ سوڵتانی

له شەرمەزاری عەشقێکەوه
کەتۆ
پەرداخ پەرداخ
پێکەنینێکی ژەهراویت بۆ سەردەمی ئاویلکەدانی هێناوه
باس له شنەیەک دەکەم
که به شاخت ناساند و به رەشەبا دەرچوو
شنەیەک
که تەنیا چیرۆکی هەڵوەرینی بۆ بەهار پێ بوو
لەسەردەمی کۆچەرییەکاندا
بەژنی درۆیەکی ئەزەلی و بەڵێنی‌یەکی بەهاریت بۆ زستان رازاندەوه
ئیره کۆتایی سەفەر نیه
سەفەر شان بەشانی سات و هەناسه ...
سات شان بەشانی مەرگ
مەرگ هەنگاو به هەنگاوی ژیان و
ژیان تا دێ
لەو وێستگەیه نزیکتر دەبێتەوه که لێی دەترسای...
دوایین وێستگەی ...
پەڕینەوه تەنیا بۆ ئەو کەسانەیه، پەساپۆرتیان ئیمزای مەرگی پێوه بێ.
پەساپۆرتم ئامادەیه
من خولیای سەفەرم بەرەو وڵاتێک که خۆشەویستی بۆنی درۆی لێ نەیه
هێشتا سەرەتای سەفەره
دوایین وێستگەم نەبریوه
دەڵێن لەو دیوی ئەم وێستگەیه
هیچ پاسارییەک له باخەوانی نەبیستوه
بەهار نامەی درۆی بۆ ئەرخەوان ناردبێ
لەو دیو ئەم وێستگەیه دەڵێن:

شنه رەساڵەتی فێنکی و
باخ رەساڵەتی سێبەر نادۆڕێنێ.
چ درۆزن بوو
ئەم سروەیەی سروودی بەهاری دەچڕی‌و
چ ڕوو زەرد بوو ئەم پاییزەی ناسنامەی عەشقی دزیبوو
عەشق شەرمەزاری لێ دەتکێ و
تۆش پەرداخی پێکەنینت لێوڕێژن له درۆی کەسک و سوور
له عەشقێکی شەرمەزارەوه هەتا بەڵێنی‌یەکی سەرلێ شێواو
هەتا من ... تۆ
مەودا...
پەشیمانیی هەموو شێعرێکی غوربەت ...
که هاتمەوه
لەباخەکان رادەسپێرم:
شنه درۆزنتره له زریان
بەڵێنی‌یەکانی کەم تەمەنترن له خەونی پەپووله
به پەپوولەکان دەڵێم:
که له ڕێی هەتاوو دەریا گەڕانەوه
سەرێ به هۆدەی غوربەتی شاعیر داکەن ....
پەرداخێکی بۆنی باران و ئێوارەی ژوانی دەریا بۆ بەرن.
به پێنوس دەڵێم:
بمبووره
له قامووسی عەشقمدا
هیچ شنەیەک
سەداقەتی بەهاری نەناسی
تەنیا درۆ
درۆ
درۆ
مانای عەشق کامڵ دەکا.

## بووژانەوە

ڕێبین

خەتمی مێژووت کرد و
کوز به کووز هەڵەت داچاند،
بۆ دروێنەی خەونەکانت
تا وەرینی گەڵاکانیش
لەسەر گۆنای گوڵ و چرۆ
تەرزەت باراند.
خەتمی هەڵە!
ئەم تاوانە هەروا ناڕوا،
ئەو پەلانەی سەرتەوێڵت
بۆ بڕوایان نەهێشت مەودا.
سەیری هەڵاتی خۆرم که
غونچە و چرۆی ئەم بەهارە
پڕ بارانە،
هەڵناوەرن
بەتاوان و تەرزە و تانە.

## بێزارم لێت

سەلاح ڕەمەزانی

هەناسەیەك له ئاسودەیی و
سێبەرێك بۆ حەسانەوه
له تۆدا بەدی ناکەم.

کام قیبلەی دڵدار پیرۆزه
بیروخێنی و
کامه وشه خاتوون و نازه
سەری ببری.
لەهەر دڵێك دا
تۆزێ سەوزەڵانی هەبێ
وشکی بکەی
لەهەر سۆمایەك دا
وێنەیەك له جوانی هەبێ
کوێری بکەی،
له کامه ژوان
گوێیەك بۆ گۆرانی رادێرابێ
کەڕی بکەی
لەهەر کوێ یەك
دەنگێك له ئازادی‌یەوه بێ
بیخنکێنی.
***
فەلسەفەی تۆ
جگە له سووتاندنی دڵی دایك و
رنینی
قژو کاکۆلی درەخت و
کوێر کردنی ئەستێره و
تاودانی دێوەزمەی تاریکی
چی خستۆته هەناوی
ئەم مێژووی مرۆڤەوه.

بێزارم لێت ...
بێزارم لێت....
بەقەد حەقیقەت له درۆ
بەقەد چاو له دوکەڵ
دیل له کۆت و زنجیرو
ئازادی له قەفەس
بێزارم لێت
بێزارم لێت .

# کتێبی
# ڕێنوێنی هونەری مۆدێرن
## (له سەرەتای سەدەی بیستەم دا)
## ٨

نووسینی:لۆردس سیرلۆت

و: ب. هانا

دادائیزم

دادائیزم تێگەیشتنێکی به تەواوی نوێی لەبواری واتای گشتیی هونەردا هێنایه گۆڕێ. هونەرمەندانی دادائیست له رەوتی بەربەرەکانی بەدژی بایەخه باوەکان دا، گۆڕانێکی هەمەلایەنەیان نەك هەر له بەرهەم خۆیدا، بەڵکوو له واتاکەیدا پێك هێنا. ئەوه که دادائیستەکان کاری خۆیان بەدژی هونەر ناو دەبرد، له رواڵەت دا شتێکی بەجێ بوو. چونکه به پێوانه باو و نەریتی‌یەکان، ئەم کارانه به بەرهەمی هونەری دانەدەنران.

دادائیزم له ساڵی ١٩١٦ له جەنگەی شەڕی جیهانیی یەکەم دا له زوریخ دەستی پێ کرد. دەست پێکردنی ئەم رەوته لەگەڵ کرانەوەی کابارەی ڤۆلتێر بەهۆی "هوگوبال"ی شاعیر و "ئێمی هێنینگس" پێوەندی‌یەکی نزیکی هەبوو. لەم شوێنەدا بەرنامه کەلتووری‌یەکانی وەك شێعر خوێندنەوه لەگەڵ پیانۆدا، سروود گوتن و شانۆ بۆ بەشداران بەرێوه دەبرا. هێندەی پێ نەچوو "تریستان تسادا" که به خەیاڵی داهێنەرانەی، شانۆ سەرسورهێنەرەکانی دەخولقاند، لەگەڵ هوگۆبال کەوت. برایانی یانکۆ، خەڵکی رومانییش هەر له سەرەتاوه تێکەڵاوی کاروباری کابارەکه بوون.

ئەم بەرنامه شانۆیی‌یانه بەهۆی تایبەتمەندیی قەڵسەکێرانەو بەربەرکانیخوازانەیان، خێرا ناوبانگیان دەرکرد. لەگەڵ بەرنامەی شێعر خوێندنەوەدا، دەنگی سەیر و سەمەرەیان بەهۆی ئامرازی سەیرو سەمەرەترەوه بەکاردێنا. هێندێك جار هونەرمەندان سیما و رواڵەتی خۆیان دەگۆڕن و هۆمەنیان دەبرد بۆ بینەران و هەڵلا هەنگامەیان دەخولقاند.

کابارەی ڤۆلتێر له زۆریخ زۆر نەمایەوه. بەڵام گیانی دادائیزم لەدایك ببوو. پاشی ماوەیەکی کورت هونەرمەندانی دادائیست و دنەدانی دەماری بینەر (مخاطب) و وروژاندنی ئەویان وەك هەوێنی سەرەکیی کاری خۆیان هەڵبژارد. تێکۆشانی دادائیستەکان لەسەرەتادا بێ ئامانج و بێهوودە دەهاته بەرچاو، بەڵام وادیار بوو مەبەست لەو وروژاندنە، ئاگایی‌دان به بینەران بوو.

تێگەیشتن له دادائیزم بەبێ ناسینی کەسیەتیی بناغەدانەری ئەم ڕێبازە، تریستان تسارا به زەحمەته. تسارا دەیگوت زاراوەی "دادا"ی بەرێکەوت له فەرهەنگی وشەکان (وشەدان) هەڵبژاردووەو، دادائیزم سەربە هیچ بنەما و گریمانەیەکی زاڵ نیه و، تەنیا نارەزایەتی دەربڕینێکه و هیچی‌تر.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا دادییزم به خێرایی له هەموو شارەکانی ئەڵمان بۆ وێنه بێرلین، هانۆڤێر و کۆڵن برەوی پەیدا کرد. له بێرلین رائول هاوسمان و هاناهۆگ چەندین کۆلاژ و فونۆمۆنتاژی سەرنجراکێشیان دروست کرد.

یەکێك له ئەندامه پایەبەرزەکانی بزووتنەوەی دادائیزم کورت شوایتێرز بوو که کۆلاژەکانی بۆ وێنه کۆلاژه بەناوبانگەکەی "وێنەکانی مێرتز" لەو کاره نوێیه بێ‌وێنانه بوون که له دارشتنی ئەوان دا، له کەلوپەلی بێ کەلك و توورهەڵدڕاو، کەلك وەرگیرابوو. شوایتێرز له خانووەکەی خۆی له هانۆڤێر بینایەیەکی نائاسایی بەناوی "بینای مێرتز" دروست کرد. ئەم بینایه له کەلوپەلی تایبەت به سازکردنی خانووبەره و موقەووا (کارتۆن) دروست کرا و رەنگێندرا. شوایتێرز یادگارەکانی دۆستانی هونەرمەندی خۆی له سەر تاقچەکانی ئەم بینایه دانا. گەڵاڵەی کارەکه بەرەبەره پەرەی گرت. بەڵام سەرجەمی بینایەکه له بومبارانەکانی سەردەمی شەڕدا تێك رووخا. تەنیا چەند وێنەیەك لەو بەرهەمەی سەرچاوەگرتوو له دادائیزم ماوەتەوه.

بڵاوبوونەوەی خێرای دادائیزم، له سەرێکەوه قەرزداری بڵاوبوونەوەی چەندین گۆڤاری وەك "دادا"،"دی شاماد" و "کار کردن به کامێرای وێنەگرتن" بوو. بڵاوکراوەی "کار به کامێرای وێنەگرتن" که زۆرتر دەپرژایه سەر فوتۆمۆنتاژ، له نیویورك بڵاو دەبۆوه. زۆر له دادائیستەکان، لەنێو ئەوان دا مەن دەی، فرانسیس پیکابیا و مارسێل دوشان، نیویورکیان وەك شوێنی کارکردنی خۆیان هەڵبژارد.

ماسێل دوشان له ئاڵاهەڵگرە گرنگترین بەرهەمی دوشان دابنێین. ئەم بەرهەمه که لەنێوان ساڵانی ١٩١٥و١٩٢٣دا لەدایك بوو، وێنەکێشان نیه، بەڵکوو قەوارەیەکه که خراوەته نێوان دوو چین شیشەوه. دوشان زۆر نووسینی لەبارەی ئەم کارەی خۆیەوه لەپاش بەجێ‌ماوه که له "قوتووی سەوز"دا کۆمەڵەیەك له نووسراوەکانی که ساڵی ١٩٣٤ بڵاو بۆنەوه - گونجێندراون. ئەم نووسینانەی واتای "شیشەی گەوره" که لەوانەیه له یەکەم بینین دا زۆر ناروون بێته بەرچاو، تا رادەیەك روون دەکاتەوه.

دادائیزم له پاریس ژمارەیەکی زۆر لایەنگری بۆخۆی پەیداکرد که چەندین نووسەریان لەنێودا بوون. رەنگه له هەموانیان بەناوبانگتر ئاندرێ بێرتۆن بوو که چەند ساڵ دواتر بوو به ڕێبەری مەعنەویی سووریالیستەکان.

لەنێوان دادائیزم و سووریالیزم دا چەند لایەنی هاوبەش هەن، ژمارەیەکی زۆر له سوریالیستەکان پێشتر تێکەڵاوی هونەر و ئەدەبیاتی دادائیستی بوون. لەگەڵ ئەوەش دا بێ ئینسافانه دەبێ ئەگەر تەنیا لایەنه هاوبەشەکانی ئەم دوو رەوته وەبەرچاو بگرین و جیاوازی‌یه بنەرەتی‌یەکانیان نەبینین.

تامەزرۆیی بۆ وێرانکاری و تێکدان که تایبەتمەندیی بەرهەمه دادائیستی‌یەکان بوو، هێچ کات بەشێك نەبوو له سوریالیزم. له ساڵی ١٩٢٢دا، تریستان تسارا، وێرای "وتاری بەخاکسپاردنی دادائیزم" که له چەند شاری ئەڵمان پێشکێشی کرد، کۆتایهاتنی بزووتنەوەی دادائیزمیشی راگەیاند.

بڕواپێکراوەکانی دادائیزم بوو. بەرهەمه "حازرو ئامادە"کانی دوشان له ساڵی ١٩١٣دا جیهانی هونەریان سەرسورماو کرد. هەروا که "چەرخی دووچەرخە"کەی که به شێوەیەکی سەرەوخوار (سەرنخوون) لەسەر چوارپایەیەکی سپی دانرابوو، ئەم دژکردەوەیەی پێك هێنا. کارەکانی دیکەی دوشان هی دوای" چەرخی دووچەرخە"ن. بۆ نموونه "تاقگەی سەرەوژوور"، کڵاودانی شێوه بوتری (Bottle Raek) و بەرهەمێکی دیکه که له قەفەسەیەکی کانزایی و پڕ له خشتەك (مکعب)ی مەرمەڕین پێك هاتبوو.

بەڵام "شیشەی گەوره" دەبێ به



رائۆل هاوسمان
سەری میکانیکی ٢٠-١٩١٩
کۆمەڵەی تایبەتیی خودی هونەرمەندەکە
بێرلین
ئەم پێکهاتەیە، بێزاریی دادائیستەکان بەرامبەر به ماشێن و رەتکردنەوەی هەر شتێك که پێوەندیی به ماشینەوه هەیه به روونی نیشان دەدا. هاوسمان به شێوەیەکی تەشەراوی سەرێکی دارینی لەگەڵ ئامرازێکی پێوانی هۆش لێك گرێ داوه. مەبەستی ئەوەیه بینەر لەبارەی هیندێك لایەنی پۆزەتیفی "پێشکەوتن" بکەوێته بیرکردنەوه.

# ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو — بەشی شەشەم

لە سۆنگەی گرنگایەتیی ئەم قۆناغەوە، حەوجەیە پتری لە سەر بچین و تا نەخشی خەباتی ناسیونالیزمی کوردی لە دیموکراتیزە کردنی فەزای سیاسیی ئەوکات دا باشتر بنرخێنین و بە خستنەرووی چەند لایەنێکی تێکۆشانی ناسیونالیزمی کوردی لەو پێوەندییەدا، بەرپەرچی زۆر ئیددیعای بێنێوەرۆك و ناڕەوا دەدەینەوە و ئەو ڕاستییەش ڕوون دەبێتەوە کە ئەو تۆمەت و بوختانە ناڕەوایانەی کە ئەو دەم یان ئێستا بۆ بزاڤی نەتەوایەتیی کوردی هەڵدەبەستران و هەڵدەبەسترێن تەنیا لە خزمەتی ئەقلییەتی شۆڤینیستیی دەسەڵاتداردا و بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هۆمۆژنکردنی (Homogenisation) نەتەوەکانی ئێران و ڕەتکردنەوەی باری سیاسیی خەباتی ئەوان و باسکردنی وەك یاخیبوونێکی خێڵەکیی رووت و بە گشتی چاونووقاندن لە هەمبەر حاکمییەتی نەتەوەیی ئەوان دا بوون. کاربەدەست و نووسەرە شۆڤینیستەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست بە لێدانەوەی قەوانی کۆنی ناوەندئاژۆیی و داکۆکیکردنیان لە دەسەڵاتی ئۆتوکراتیی ناوەندی و پێداگرتن لە سەر مۆدێلی شکستخواردووی دەوڵەت ـ میللەت و سەرکوت و خنکاندنی بزاڤە دیموکراتیکەکان، مەزنترین کۆسپیان لە سەر ڕێگای پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی ئێران دا ناوەتەوە و نەیانهێشتوە کونسێپتی دابەشکردنی دەسەڵات (Empowerment) وەك یەکێك لە مەرجەکانی گەشەپێدانی سیاسی بچەسپێ. لە ڕاستیدا ئەم دەسەڵاتدارگەلە تێگەشتنێکی لۆژیکییان بۆ حەوجەدارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵ نەبووە و ناسیۆنالیزم و دیموکراسییان بە باشی فام نەکردوە. هەر ئەم تێگەیشتنە چەوتەی ئەوان بوو کە ڕێگای بۆ ڕادیکاڵیزە بوونی فەزای سیاسی لە ئێراندا خۆش کرد و جێگای داخیشە کە هەتا ئێستاش لە لایەن هێندێك حیزب و ڕێکخراو گرووپی جۆراوجۆرەوە، بەرەڤانی لەو میتۆدە شکستخواردوەی بەڕێوەبردن دەکرێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە بزاڤە ڕەسەنە دیموکراتیکە ئازادیخوازەکان بە ئاسانی سەرکوت دەکرێن و تەمەنی سەرەڕۆییش درێژ دەبێتەوە.

## ١ـ خەباتی ناسیونالیزمی کوردی بۆ توکمەکردنی دیموکراسی لە ئێران دا(٣٢ ـ ١٣٢٠)

ناسیونالیزمی کوردی بە لێکدانەوەی دروستی دەستوداری ناوەکی و دەرەکیی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و گرتنەپێشی سیاسەتگەلێکی گونجاوو بە ئیمانێکی قووڵەوە کەوتە هەوڵدان بۆ پێکهێنان و تۆکمەکردنی دیموکراسی وەك دوو هۆکاری سەرەکی بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و دابینکردنی مافی بەرامبەر بۆ تێکڕای نەتەوەکانی ئێران. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە بەرنامە و ئەساسنامەکەی (خاڵی١) ڕا بگرە تا پێکهێنانی هەڤاڵبەندیی دیموکراتیك لە نێو حیزبە پێشکەوتنخوازو دیموکراتیکەکانی سەرانسەری ئێران تا ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی هەرێمی (دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان)، هەنگاونانی جیددیی بۆ پێکهاتن و وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا و هەروەها پاشتریش پشتیوانی لە هەنگاوەکانی د.موسەددیق بۆ کورتکردنەوەی دەستی دەربار لە کاروباری وڵات و پێکهاتنی هەندێ ریفۆرم، بەڕێوەبردنی ریفراندۆم و گرنگتر لەمانەش دژایەتیکردن لەگەڵ هەرچەشنە دەستێوەردانێکی بیانی لە کاروباری وڵات دەست پێکرد کە سەرجەم ئەو گرۆڤە و بەڵگانەی کە لەو قۆناغە مێژووییە ناسیونالیزمی کوردیدا بەجێ ماون، نیشاندەری واقعبینیی ڕێبەرانی ناسیونالیزمی کوردین لە ناسینی تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەیە.

لەو قۆناغەدا پێشەوا قازی محەممەد لە وتووێژێك دا کە لە گەڵ ئاژانسی فرانس پریس (A.F.P)داکردی، وتی: "کوردەکان بەوە ڕازی دەبن ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی لە تاران بەڕاستی بڕیار وەرگرێ، قانوونە دیموکراتیکەکان لە سەرانسەری ئێران دا بەڕێوەبەرێ، قانوونە بڕیاردراوەکانی کوردستان یانی خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی بە شێوەی خودموختارو هێزی پارێزگاری خۆماڵی بەرەسمی بناسێ. ئێمە لە حاڵیحازردا لەگەڵ شێوەیەکی چارەسەری ئەوتۆی مەسەلەکە ڕازی دەبین و ئامادەشین سەرلەنوێ پێوەندیمان لەگەڵ تاران ئاسایی بکەینەوە. بەڵام دیارە دەوڵەتی ناوەندی ناتوانێ یان نایهەوێ ئەو قانوونە بەڕێوەبەرێ. ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە سوورین کە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی مەجلیسی شوورای میللی هەرچی زووتر بەڕێوە بچێ. بەڵام بە مەرجێ کە لە کەشوهەوایەکی تەواو ئازاد دا بێ. بە بێ دەستێوەردان و فشاری هێزەکانی نیزامیی دەوڵەتی ناوەندی" هەروەها پێشەوا لە وتووێژێکی دیکەی خۆیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕەهبەری" ئورگانی حیزبی توودە دەڵێ: "نەهضەتی ئێمە لە ئازادیخوازانی تارانەوە ئیلهامی وەگیرکەوت". دیسان هەر لە درێژەی ئەو وتووێژەدا دەڵێ: "میللەتی ئێمە زۆریان دڵ بە نەهضەتی ئازادیخوازانی ئێرانەوەیە". لەبەرامبەر ئەمەدا خودی قازی محەممەد لە زمانی قەواموسەڵتەوە دەگێڕێتەوە کە: "نەهضەتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی گەورەی خۆمان دەزانین. ئومێدمان ئەوەیە کە بە هۆی ئێوەو دیموکراسی بە تەواوی ئێران دا بڵاوبێتەوە". بەڵام دیتمان کە ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە قەواموسەڵتەنە ڕاستی نەکردوەو هیچ ئیمانێکی بە دیموکراسی و پشتگیری کردنی نەبووەو بەڵکوو ناوبراو تەنیا سیاسەتەکانی بیانییەکانی لە ئێران دا جێبەجێ دەکردن کە دژی پەرەسەندنی دیموکراسی بوون و تەنیا بە مەبەستی شاردنەوەی نیازە کۆنەپەرستانەکانی خۆی بوو کە باسی دیموکراسیی دەکرد. چونکە هێرشی نیزامی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کۆمارو هەوڵدان بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجانداو دژایەتیکردنی سەربەخۆبوونی شاندی کوردستان لە وتووێژەکانی نێوان حکوومەتی ناوەندی هەر دوو کۆمارەکەداو دانی بەڵێنی درۆو تەفرەدەرانە بە کاربەدەستانی کۆمار بۆ سەلماندنی خۆیان بەسن بۆ سەلماندنی بێباوەڕیی ناوبراو بە قسەکانی خۆی، بەڵام بە پێچەوانەی قەوامەوە، قازی محەممەد هەروەك ڕۆژنامەی "کوردستان" نووسیویەتی، بڕوایەکی پتەوی بە ئازادی و دیموکراسی هەبوو. "کوردستان" دەنووسێ: "پێشەوای کوردستان تەنیا نەزەرێکی هەیەتی ئیسلاحی جامعە و دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسییە لە سەرتاسەری ئێران و بەهرەوەربوونی میللەتی کوردە لە حقووقی ئیجتماعی و بەشەرییەت و هەرکارێکی بە نەفعی دیموکراسی و ئازادی بێت، پێشەوای مەزن بەدڵ پێشوازی لێدەکاو بە شەهامەتێکی کە مەخسووسی زاتی وییە لە هەموو ئەسبابی بەندەیی و دیلیی میللەت نەفرەتی هەیە". لێرە جیاوازیی نێوان دوو ڕوانگەی شۆڤینیستانە و ئەقڵانیانەمان بۆ دەردەکەوێ و لە کرداری قازی محەممەددا بە ڕوونی دەبینین کە چۆن ئەو ماف و ئازادییە دیموکراتیکانەی کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەبوو بۆ نەتەوەو ئایینەکانی دیکە دابینیان بکا، دابینی کردن. کەچی کاربەدەستانی ڕەگەزپەستی پەهلەوی لە بنڕا بڕوایان بە وەها مافگەلێك نەبوو.

ناسیونالیزمی کوردی بە لێکدانەوەی ڕاستی دەستوداری ناوەکی و دەرەکیی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و گرتنەپێشی سیاسەتگەلێکی گونجاوو بە ئیمانێکی قووڵەوە کەوتە هەوڵدان بۆ پێکهێنان و تۆکمەکردنی دیموکراسی وەك دوو هۆکاری سەرەکی بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و دابینکردنی مافی بەرامبەر بۆ تێکڕای نەتەوەکانی ئێران

یەکێکی دیکە لە هەڵوێستە پڕ لە شانازییەکانی کۆمارو بە تایبەت سەدری قازی کە دەکرێ وەك بەڵگەیەکی بەهێز بۆ بەدرۆخستنەوەی تۆمەتی بێبنچینەی بەداردەستی بیانی لە قەڵەم دانی ڕێبەرانی کۆمار ئاماژەی پێبکەین، ئیمزا کردنی نامەیەك بوو دژی گەڵاڵەی کومیسیۆنی چاوەدێریی سێ لایەنەی ڕووسیە، ئامریکاو بریتانیا کە لە لایەن ١٨ کەس لە نوێنەرانی کەمینەی مەجلیسەوە بۆ ئەحمەدی حەکیمی سەرۆك وەزیری ئەوکات نێردراو سەدری قازییش یەکێك لەو نوێنەرانە بوو کە نامەکەیان لە ١/١٦/ ١٣٢٤ دا ئیمزا کردبوو. گەڵاڵەی سێ وڵاتی ناوبراو ڕاست ئێرانی دەکردە کولونییەك. بە ئیمزاکرانی نامەکە لەلایەن سەدری قازییەوە بەکردەوە دەرکەوت کە ناسیونالیزمی کوردی دەسکرد و دارەدەستی وڵاتانی ئیمپریالیستی نیەو ئامادەیە پشتیوانی لە هەر هەنگاوێکی دیموکراتیك بکا کە بە قازانجی ئازادی و دیموکراسی بشکێتەوەو دەستی وڵاتانی بیانی لە کاروباری نەتەوەکانی ئێران دا ببڕێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم هەڵوێستەی سەدری قازی نیشانی دا کە کاربەدەستانی کۆمار لێبڕاوانە لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردی لە نێوخۆدان و باوەڕی تەواویان بە لێك گەیشتن و وتووێژی دوولایەنە هەیە و هەرچەشنە مایی تێکردنێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆی هێزە دەرەکییەکانیان پێ قبووڵ ناکرێ. ئەمەش بۆ خوی ئەوپەڕی پەرۆشی و دڵسۆزیی ڕێبەرانی کۆماری بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی ئیرادەی نەتەوەکانی ئێرانی نیشان دەدا. بەرەنگێك کە ناکرێ و شتێکی نالۆژیکییە کە ئەم چەشنە هەڵوێستانە لەگەڵ هەڵوێستی شاو داروودەستەکەیدا بەراورد بکرێن. چونکە ئەوە شاو دەست و پێوەندەکانی بوون کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان ئامادە بوون یەکجێ وڵات بفرۆشن. جالێردایە کە دەردەکەوێ کە لە دادگای مێژوودا چ کەسگەلێك دەبێ موحاکەمەو تاوانبار بکرێن.

هەر پێش لە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و بۆ بەرپەرچدانەوەی نەخشەو پەلامارەکانی هێزەکانی کۆنەپەرستی بۆ سەر دوو میللەتی ئازەری و کورد و هەروەها بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی ئابووری، سیاسی و چاندنی نێوان هەر دوولا، ڕێککەوتننامەیەکی دوو لایەنەیان لە ڕێکەوتی (١٣٢٥/١/٣) لە چوار خاڵ دا ئیمزا کرد. ئەم ڕێککەوتننامەیە بوو بە مایەی ترس و توورەیی دەسەڵاتی پاشقەڕۆی ناوەندی. بۆیە دەستی کرد بە شەڕ فرۆشی بە کۆماری کوردستان و هەر جارەو لە لایەکەوە هێرشی دەکردە سەر. . .و نیشانی دەدا کە هیچ باوەڕێکی بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد و داننان بە مافە نەتەوەییەکانی میللەتانی دیکەدا نیە. سەرەڕای ئەمەش خودی کۆماری ئازەربایجانیش بە دنەدانی سۆڤیەت و کاربەدەستانی ڕێژیم زۆریش بە ڕێککەوتننامەی ناوبراو پێبەند نەبووو هەرجارەو بەجۆرێك و لە ژێر فشارو باندۆری ئەملاوئەولادا سەرئێشەی دروست دەکرد. کەچی قازی محەممەد دژی ئاڵۆزی و ناتەبایی بووو باوەڕی بە دیالۆگ هەبوو.

پێکهاتنی هەڤاڵبەندییەك لەلایەن شەش حیزبی دیموکرات و ئازادیخوازەوە کە بریتی بوون لە:١) حیزبی دیموکراتی کوردستان" ٢) فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" ٣) حیزبیتودە" ٤) حیزبی سوسیالیست" ٥) حیزبی دیموکراتی ایران" ٦) حیزبی ایران. بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی مەجلیش شوورای میللی بەشداریی کردو کومیتەی ناوەندیی حیزب بەو بۆنەیەوە برووسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ ڕێبەرانی ئەو حیزبانەنارد کە تێیدا دەڵێ: "بە بۆنەی یەکگرتنی شەش لایەنی ئەحزابی ئازادیخواز کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ریزی ئەو یەکگرتنەدایە پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین و بە شانازی دەزانین کە [حیزبی ئێمە] دەستی دەناو دەستی زۆربەی هاونیشتمانان ناوەو یەکیان گرتووەو دەتوانێ لەسەر ڕێی ئازادیی ئێرانی خۆشەویست دا لەخۆبردووانە تێبکۆشن و بە هۆی ئەوە کە شەش مانگە "ارتجاع" بە بۆمب و تانگ و تۆپ دای گرتووین و سەرقاڵی خەباتێکی خوێناوی بووین، پێشتر دەرفەتمان نەبوو لەسەر هاوکاریمان بۆ ئازادیی هاونیشتمانانی ئازادیخواز پێکەوە ڕاوێژ بکەین. داوای لێبووردن دەکەین، هیواداریین لەمەودوا لە قەدەر توانامان دەرهەق بەم ڕێککەوتنە کە بۆ پەرەپێدانی ئازادیی وڵاتە خۆشەویستەکەمانە لێهاتوویی تەواو نیشان بدەین و بۆ بن بڕکردنی "ارتجاع" دەورێکی گرنگ بگێڕین".

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پەهلەوی و وڵاتانی زلهێز بۆ پاساودانی سیاسەتە ناڕەواو زۆردارانەکانی خۆیان بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کە ناسیونالیزمی کوردی بە دەسکردی سۆڤیەت لەقەڵەم بدەن و ڕێبەرەکانیشی بە پیاوی ئەو وڵاتە، تا بەڵکوو بە داتاشینی ئەم بوختانە بەبێ هیچ ئاستەنگێك و بە دەستێکی ئاواڵاوە دەست بە قڕکردنی ئەو بزاڤە دیموکراتیکە ڕەسەنە بکەن. ئارچی بالدروزڤێڵت کە بۆ خۆی ئەوکات چۆتە مەهاباد و وتووێژی لەگەڵ قازی محەممەد دا کردوە، دەڵێ: " ڕابوونی قازی محەممەد ڕابوونێکی ناسیونالیستی بوو نەك کومونیستی" لە بەشێکی دیکەی وتووێژەکەدا قازی دەڵێ: " کوردەکان ناچارن یارمەتی هەموو کەسێك وەربگرن، بەڵام مل بۆ دەسەڵاتی کەس ڕاناکێشن". هەرچەند یەکیەتیی سۆڤیەت بە ڕواڵەت دژی مافەکانی کورد نەبووو پێی خۆش نەبوو کوردەکان لە ئازەرییەکان جیا بن. تەنیا ویستی میللەتی کورد ئەم دەسەڵاتەی چێ کرد و سەرەکیترین پشتیوانیشی هەر کۆمەڵانی خەڵك بوون. هەروەك سەعید هومایوون لە بیرەوەرییەکانی دا دەنوسێ: "دەبێ دان بەوەدا بنێین کە یەکیەتیی سۆڤیەت گەرچی بەردی دۆستایەتی و پشتیوانیی لە کوردان لە سنگ دەدا، بەڵام بە کردەکی پشتیوانی و یارمەتییەکی ئەوتۆی بە کوردانی نەکرد. ئەو سۆزو بەڵێنانەی کە لە مەڕ یارمەتیگەلی ماددی و چەك و چۆڵ بە کوردانی دابوون، شتێکی ئەوتۆ نەبوون لە حاڵێك دا ئازەربایجانییەکان هەر شتێکیان ویستبا دەیدانێ. پێشەوا قازی هیچکات نەیویست کوردستان وەك ئازەربایجان ببێتەدارەدەستی سۆڤیەتییەکان، سۆڤیەتییەکانیش سەرجەم ویست و مەبەستەکانی خۆیان لە حکوومەتی ئازەربایجان دا دەدیتن. هەرکات کێشە یان ناکۆکییەك پەیدا بوایە بەکردەکی لانی ئازەرییەکانیان دەگرت.

*

# فیدراڵیزم و دژایەتیی شۆڤینیستانە لەگەڵی (*)

یەدوڵڵا زەمانیڕاد

٢ ـ ١

پێشەکی:

هەروەك دەزانن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو یەکێك لە بەڕابردووترین حیزبە سیاسییەکانی ئێران، لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا دروشمی ئیستراتێژیکیی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نوێی کوردستان، ئێران و جیهان، گۆڕی و کردی بە فیدراڵی بۆ ئێران. ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ جووڵانەوەی دێموکراسی و فیدراڵیزم لە ئێراندا. لە ژمارەکانی رابردووی رۆژنامەی "کوردستان" بۆ تیشك خستنەسەر ئەو ئاڵوگۆڕە و هەڵگرتنی ئەو دروشمە، لایەنە گرنگەکانی فیدراڵیزم، لەلایەن دۆستانی حیزبی و کەسایەتییە خاوەن راوبۆچوونەکانەوە هێندێك بابەت بڵاو کراوەتەوە. منیش لەو کۆبوونەوەیەدا بە کورتی وەڵامی رەخنەی ئەو کەسانەی کە دژ بە "فیدراڵیزم"ن دەدەمەوە، بێ سەروبنبوونی دژایەتییەکانیان و هەروەها ئەوەی کە زۆرتر ئەو دژایەتییانە لە بیری شۆڤینیستیی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ دەخەمە بەرباس. بۆچوونی سەرەکی لەو باسەی مندا ئەوەیە کە "کۆماری فیدراڵیی ئێران" بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی، ئیتنیکی، کولتووری و جوغرافیایی ئێران، تەنیا "ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیکە" بۆ کۆماری ئیسلامی.

## بەرۆژبوونی فیدراڵیزم:

لەو ساڵ و مانگانەی دواییدا بنیاتنانی پێکهاتەیەکی فیدراڵ لە ئێراندا بووەتە سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیرییەکانی ئێران. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەو بارەوە دەدوێن، لایەنگری "فیدراڵیزم"ن، بەڵام ئەو مەبەستانەی کە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دروشمە هەڵگرن، پێکەوە جیاوازن.:

دەستەیەك فیدراڵیزمیان بەهۆی ئەوە کردۆتە دروشمی رۆژی خۆیان، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو پێکهاتەیە توانایی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان و وەڵامدانەوە بە داخوازی نەتەوەکانی ئێرانی هەیە.

دەستەی دووهەم فیدراڵیزم بە بۆنەی دێموکراتیکتربوونیەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی ناوەندگەرادا هەڵدەبژێرن.

دەستەی سێهەم لە لایەنگرانی فیدراڵیزم ئەو کەسانەن کە لەسەر ئەو باوەڕەن کە فیدراڵیزم توانایی باشتری بۆ بەڕێوەبەرێتیی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەیە.

هەروەها دەستەیەکی دیکە بە پان و بەرینی ئێران و حەشیمەتی روو لە زۆربوونی ئەو وڵاتە وەکوو هۆکارێك بۆ پێویستیی رێکخستنی وڵات بە پێی بنەماکانی فیدراڵیزم ئاماژە دەکەن.

راستییەکەی ئەوەیە کە هەرکام لەو مەبەست و هۆکارانە خۆی بە تەنیا دەتوانێ ببێتە هۆی بنیاتنانی فیدراڵیزم لە ئێراندا، بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات هەمووی ئەو خاڵانە لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەن. ئەو کەسانەی کە دژ بە "فیدراڵیزم"ن لەسەر یەك لە کەمایەتی دان و لە حاڵەتی بەرگری و کشانەوە دان. ئەوە بەو بۆنەیەوە کە هیچکام لەو هۆکارانەی کە بۆ رەتکردنەوەی فیدراڵیزم دەیهێننەوە، عەقڵانی نین:

گەورەترین تاقمی دژ بە فیدراڵیزم ئەو کەسانەن کەلەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێران یەك نەتەوەیە و نەتەوەکانی ئێران هەموویان "قەوم"ن و بەو پێیە باوەڕیان بە بێنێوەرۆكبوونی فیدراڵیزم هەیە. هێندێکیان تا ئەو جێگایە دەڕۆنە پێشەوە کە زۆر شۆڤینیستانە دەڵێن زمانی کوردی "زاراوەیەکە لە زمانی فارسی"، وەکوو "کۆچەر" سەیری عەرەبەکانی خوزستان دەکەن، زمانی ئازەری بە زمانێکی "بیانی" چاو لێدەکەن و دەڵێن کە تورکەکانی ئێران ئەو زمانەیان بە تێپەڕینی مێژوو وەرگرتووە و زمانی فارسییان لەبیر چۆتەوە... ئەو کەسانە بیری شۆڤینستیی خۆیان لەژێر ناوی "دێموکراسی"خوازی دەشارنەوە و ئەوە بە هۆکارێك بۆ رەتکردنەوەی "فیدراڵیزم" دێننە ئاراوە.

دەستەی دووهەم لە نەیارانی فیدراڵیزم تاقمەگەلێکی سیاسی توندڕەوی چەپی نوێن کە فیدراڵیزم بە خەیاڵی خۆیان لە روانگەی "پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار"(!!!) بە "دواکەوتوویی" دەزانن، کە لەو بوارەدا لەگەڵ شۆڤینیزم یەك دەگرنەوە.

دەستەی سێهەم لە نەیارانی فیدراڵیزم، نووسەران و رووناکبیرانی نێوخۆن کە هێندێکیشیان لەنێو قەوارەی کۆماری ئیسلامیدا پلۆرالیزمیان لە بەرامبەر فیدراڵیزم داناوە و رێگەچارەی مەسەلەی کورد لە پێکهێنانی ئەم یان ئەو پارێزگا دەبینن!!

هەروەها دەستەیەکی دیکە لە نەیارانی فیدراڵیزم، سەڵتەنەتخوازەکان، پان ئێرانیستەکان و کۆماری ئیسلامین، کە لە روانگەی "پاراستنی سەروەریی خاکی ئێران" و "بەرگری لە مەترسیی پارچەپارچەبوون" لەگەڵ فیدراڵیزم دژایەتی دەکەن. ئەو دەستەیەی دوایی بە سەرنجدان بە نێوەرۆکیان بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ باوەڕێکیان بە فیدراڵیزم، دێموکراسی و پلۆرالیزم و تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتدا نیە.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە چەپ و راستی سیاسیی ئێران لە دەوری ئەو چەمکەدا بەرامبەر بە یەکتری راوەستاون. زۆربەی هێزە سیاسییە چەپەکانی ئێران لە فیدراڵیزم و مافی نەتەوەکان، دێموکراسی، پلۆرالیزم و شتی لەو بابەتە پشتیوانی دەکەن. ئەوە لە کاتێك دایە کە هێزە سیاسییە راستەکان لە کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تاکوو سەڵتەنەتخوازەکان و نەتەوەگەراکان. چەپە نوێیە توندڕەوەکان لەگەڵ فیدراڵیزم و هەر شتێك کە بۆنی دێموکراسیی لێ بێ، دژایەتی دەکەن. لە دژایەتی لەگەڵ فیدراڵیزمدا راستترین باڵە هزری و سیاسییەکانی کۆمەڵگا و چەپ ئاماڵە بە وتەی خۆیان "رادیکاڵ" یان "کرێکار"ییەکان (وەکوو تاقمی کرێکار نەدیتوی بەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران) یەکیان گرتۆتەوە. هەردووکیان لەمەڕ نێوەرۆکی راستەقینەی فیدراڵیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی هەڵەکاری دەکەن.

**گەورەترین تاقمی دژ بە فیدراڵیزم ئەو کەسانەن کەلەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێران یەك نەتەوەیە و نەتەوەکانی ئێران هەموویان "قەوم"ن و بەو پێیە باوەڕیان بە بێنێوەرۆكبوونی فیدراڵیزم هەیە**

## باسی نەتەوە ـ قەوم

من لێرەدا ئامانجم ئەوە نیە کە باسێکی ئیتنیکی ـ مێژوویی بگرمە بەر، کە ئایا ئێران یەك نەتەوە یان پێك هاتوە لە چەند نەتەوە؟ بەڵام بۆ تێگەیشتن لە باسەکە تەنیا بەو خاڵە ئاماژە دەکەم کە بە رای من هەر گەلێك داخوازی و ویستی سیاسیی هەبێ و خوازیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بێ، بە واتایەکی دیکە "هوشیاریی نەتەوەیی" هەبێ، دەتوانین بڵێین ئەوە نەتەوەیە. ئەوە شتێکە کە لەمەڕ کورد، ئازەری، عەرەب، تورکەمەن و بەلووچ گونجاوە. ئەوەی کە هێندێك لە نەتەوەکانی ئێرانی لە بواری فەرهەنگی بەتایبەت زمان زۆر پێکەوە نزیکن، پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە نیە و گۆڕانێکیش بەسەر ئەو راستییەدا ناهێنێ. مەرجی نەتەوەبوون دووری یان نزیکی لەم یان لەو رەگەزی نەتەوە و گەلی دراوسێ نیە، بەڵکوو هەبوونی هوشیاری و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵێك مرۆڤ بەخاك، زمان و فەرهەنگی هاوبەش مەرجی سەرەکیی نەتەوەبوونە، ئەو وتەیە لەمەڕ کورد راستە. رووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی لە بەشەکانی کوردستان (ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە) بەڵگەیەکن بۆ راستیی ئەم وتانە:

ــ لە عێراق و کوردستانی عێراق یاسای بنچینەیی کاتیی فیدراڵ دەرچوو، هاوکات لە کوردستانی سووریە و بەتایبەت کوردستانی ئێران خەڵکی رژانە سەر شەقامەکان و دروشمی لایەنگری لە فیدراڵیزم لە کوردستانی عێراقیان وتەوە، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و لە مەهاباد بەرەو گڵکۆی رێبەری نەتەوەیی و شەهیدی گەورەی کورد، قازی محەممەد و رێپێوانیان کرد.

ــ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری رێکخراوێکی کوردستانی تورکیەیان لە ئافریقا رفاند، لەو کاتەدا خەڵکی سنە، مەهاباد، ورمێ، بۆکان و... تەنانەت کوردەکانی نیشتەجێی تاران رژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتیی خۆیان دەربڕی کە لە دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران لە مەهاباد و ورمێ و بەتایبەتی لە سنە بەهۆی پارێزەرانی کۆنەپەرستیی ئیسلامی ئێرانەوە کوژران.

ـ لە درێژایی مێژوودا لە زۆربەی جووڵانەوەکانی کورددا، هاووڵاتیانی کوردی وڵاتانی دراوسێ چالاکییان هەبووە. کێیە کە نەزانێ وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا مستەفا بارزانی، هاووڵاتیی عێراقی بووە؟ کێیە کە نەزانێ گەورەترین ئەدیب و شاعیری شۆڕشی کوردستانی عێراق، بەر لە ساڵی ١٩٧٥، هەژاری موکریانی، برای رێبەری شەهیدی کورد دوکتور سادق شەرەفکەندی، هاووڵاتیی ئێرانی بووە؟ وێنەی ئەوانە لە مێژووی خەباتی کوردستاندا زۆرن، یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێوان بەشە جیاکراوەکانی کوردستاندا هەموو کاتێك بەشێوەی راشکاو و شاراوە هەبووە.

ـ ئێستا ئەو هۆگرییە کە خەڵکی کوردستانی ئێران لەمەڕ چارەنووسی کوردستانی عێراق هەیانە، زۆرتر و روونتر لەوەیە کە بشاردرێتەوە. کام گۆڤاری کوردی و فارسیی کوردستانی ئێران دەتوانین دەسنیشان بکەین کە بەشی هەرە زۆری وتار و هەواڵ و شیکردنەوەکانی پێوەندی بە کوردستانی عێراق و تورکیەوە نەبێ؟ کام کۆبوونەوەی کورد دەتوانین دەسنیشان بکەین کە بابەتی سەرەکی باسەکەی، کوردستانی عێراق نەبێ؟...

ئەمانە بەگشتی هوشیاری و یەکگرتوویی نێوان کوردەکان پیشان دەدا و هەبوونی ئەوانەیە کە نەتەوەیەکی یەکگرتووی پێك هێناوە. بەڵام با بین بۆ ماوەیەکیش بووە ئەو باسە لەبیر ببەینەوە و وای دابنێین لەسەر یەك کۆمەڵێك "گەل"ن کە نەتەوەی ئێرانیان پێك هێناوە. بۆچی دەبێ لەو بوارەوە بەو ئامانجە بگەین کە ئەو گەلانە مافی ئەوەیان نیە کە چارەنووسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن؟ بە کەڵکوەرگرتن لە کام بەڵگە دەتوانین بڵێین کە قەومێك ناتوانی قەوارەیەکی سیاسی پێك بێنێ؟ بۆچی ئەو مافە بۆ وێنە بۆ قەومی ئازەربایجانی باکوور رەوایە، بەڵام بۆ ئازەربایجانی ئێران گوناهێکی گەورەیە؟ یان وای دابنێین کە ئێران لە یەك گەل بە یەك زمانەوە پێك هاتوە (بەو جۆرە کە چەند شۆڤینیستێکی فارس لەم دواییانە وتوویانە) بە پێی چ عەقڵانییەتێك دەبێ پێش بە جیابوونەوەی بەشێك لەو مرۆڤانە بگیردرێ؟

ئەگەر زمان و گەلێکی تاك هۆی بێئەملا و ئەولای پێکهێنانی دەوڵەتێك بێ، ئیتر چ پێویستییەك هەیە کە ٢٢ وڵاتی عەرەبی پێك بێ؟ یان چەند وڵاتێکی ئینگلیسی زمان، هەبێ؟... سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە شۆڤینیستە ئێرانییەکان لەو جێگایە کە سوێندی حەزرەتی عەباسیان برەوی نامێنێ و کلکی کەڵەبابەکەیان دەردەکەوێ، ناڕاستەوخۆ دەڵێن کە ئێران شتێکی جیاوازە و پرۆسەی پەرەگرتوویی و یاساکانی لەگەڵ جیهان جیاوازیی هەیە!!!

ئەوان هەر لەو بارەوە وا دەڵێن، ئەگەر لە جیهاندا بابەتێك بەناوی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان خراوەتە روو، ئەوە بۆ ئێران نیە و بۆ سەرانسەری جیهان بە کەڵك دێ بێجگە لە ئێران!! نەتەوەی فەلەستین دەتوانێ لەو یاسایە کەڵك وەرگرێ، بەڵام بۆ وێنە کورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمانی ئێرانی ئەو مافەیان نیە. "کێبێك"و "باسك" دەتوانن لەو یاسایە کەڵك وەربگرن، بەڵام نەتەوەکانی ئێران نا. "کەشمیر"، "تەبەت"و "تامیل" دەتوانن خوازیاری جێبەجێبوونی ئەو یاسایە بن، بەڵام نەتەوەکانی ئێران نا.

دیارە هێندێك لەو کەسانە رواڵەتی مەسەلەکە دەپارێزن و لە زمانە ئێرانییەکان حاشا ناکەن، بەڵام بەم جۆرەش لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان پێدادەگرن. بە ئەوانیش دەبێ بگوترێ کە کام عەقڵانییەت دەڵێ زمانگەلی بە وتەی خۆیان گەلانی ئێرانی کە لەسەر یەك زۆرینەی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، دەبێ لە پێکهاتە بەڕێوەبەرایەتی و فێرکارییەکاندا قەدەغە بکرێن؟ یانی کورد، ئازەری، بەلووچ و تورکمان و... دەبێ بێجگە لە فارسی، زمانی ئینگلیسی و عەرەبیش فێر بن، بەڵام هەمووی ئەو نەتەوانە ناتوانن کتێبێکیان بە زمانی خۆیان هەبێ. ئەوە فاشیزمی پلە یەکە. لە زانستگەکانی ئێران لە دەیەکانی پێشووەوە زمانەکانی چینی، ژاپۆنی، رووسی، فەرانسەیی، ئینگلیسی و ئاڵمانی و زمانەکانی دیکە دەخوێندرێن، بەڵام زمانی گەلانی ئێرانی قەدەغەیە!!! ئەوە گەورەترین بێعەداڵەتییە کە داهاتێك کە بەگشتی هی خەڵکی ئێرانە (لە فارسەوە بگرە تاکوو عەرەب، کورد، بەلووچ، ئازەری و...) تەنیا بۆ چاپەمەنییە فارسییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەرنامەکانی دەنگ و رەنگی سەرانسەری تەنیا بە زمانی فارسی بڵاو دەکرێنەوە. لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی نەتەوەکانی جیا لە فارس کەرەسەی سەرکوت دابین دەکەن و بۆ سەرکوتی ئەو نەتەوانە کەڵکیان لێوەردەگرن.

پێکهاتەی فیدراڵیستی، بەگشتی بەو بێعەداڵەتیانە کە لە ئاکامی بۆچوونە شۆڤینیستی و فاشیستییەکانی ئێران پاشایەتی و ئیسلامی پێك هاتوون، کۆتایی دێنێ. لە هەر ئەیالەتێکدا زمانی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە زمانی رەسمیی پەروەردە و فێرکردن، بەڕێوەبەرایەتی و چاپەمەنییە. کەسایەتییە زمانی و نەتەوەییەکانی نێوخۆی ئەو وەلایەتانە مافی فێربوون بە زمانی زگماکیی خۆیانیان هەیە. بێجگە لە زمانی یەکەمی ئەو ئەیالەتە، هەر زمانێکی دووهەم و سێهەم شێوەی دڵخوازانەی هەیە، بەو مانایە نە زمانی فارسی و نە هیچ زمانێکی دیکە نابی زۆرەکی بێ. ئەگەر زمانی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە فارسی نەبێ، سروشتییە کە دەسەڵاتی هەر ئەیالەتێك هاندەری ئەوەیە کە خوێندکاران بۆ خۆیان و بە هەڵوێستی خۆیان زمانگەلی ئێران (فارسی، ئازەری، کوردی و...) لە پاڵ زمانی یەکەمی ئەو ئەیالەتە فێر بن و لەو پێناوەدا دەسەڵاتی ئەیالەتی تەواوی ئەو ئاسانکارییە پێویستانە بۆ ئەو کارە پێك دێنێ. بەم جۆرە ئەگەر منداڵێکی بۆ وێنە فارس زمان لە شاری تەورێز نیشتەجێ بێ، لە پاڵ زمانی ئازەریدا، زمانی فارسییش فێر دەبێ.

❋

*) ئەم نووسینە کورتکراوەی باسێکە کە ماوەیەك لەوە پێش لەلایەن نووسەرەوە، لە یەکێك لە ئەیالەتەکانی ئاڵمان لە کۆڕێکدا پێشکەش کراوە.

# بنەڕەتخوازی دژکردەوەیەك لە بەرامبەر مۆدێرنیتەدا

**ئاراس یارانی**

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە کە لە هەموو بوارەکاندا رووبەڕووی گۆڕانکاریی قووڵو هەراو بۆتەوە. شەپۆلی زانیاریو گەشەکردنی مۆدێرنیتەو ئاوڕدانەوە لەسەر کەسیەتی تاکەکەسو بیروباوەڕی پێشێلکراوی گشتی کە نەریت لە زۆر شوێنو جێدا بڕست بڕی کردووەو دەسەڵاتی خۆی بێ بەسەردا سەپاندووەو بە سەرکوتکردنی ئەوان خۆی راگرتووە، تەنگەژەیەکی گەورەی رووبەڕووی نەریتو سەلەفییەت کردۆتەوە لە هەموو بوارەکاندا. هەرەسی سۆڤییەتی پێشووو گەشەکردنی گیانی نەتەوەخوازی لە ناوچەکانی ئاسیای ناوینو تەشەنەکردنی خواستی دەوڵەتی نەتەوەیی لە زۆر گۆشەو کەناری جیهان دا، (کە لە کۆتایی ئەم رەوتەدا وەك قالبی گونجاوی ئەو نەتەوانە خۆی دەنوێنێ کە مێژوویان پڕبوو لە گرێو خواستی دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانو کەشو هەوای دوای هەرەسی سۆڤییەت تا رادەیەك ئەو هەلەی بۆ رەخساندبوون کە بەم ئاواتە مێژوویییەی خۆیان بگەن،) زۆر دەرەنجامی لێکەوتەوە. یەك لەو دەرەنجامانە چەکەرەکردنو زیندوو بوونەوەی گیانی بونیادگەرایی بوو لای سەلەفییەکان. بۆیە لە پێش دا ئاماژە دەکەین بە بونیاگەرایی ئایینی، "چون خوێندنەوەی ناعەقلانییەتی ئایین یان ئایدیۆلۆژیایەك بەرەی سەلەفی ساز ئەکا. بونیادگەرایی لە ئایین یان ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت کە یەکەو گشتگیری دەکاو دروست کردنی رێبەرێك کە دەسەڵاتی سیاسیی پێ دەبەخشێ تا کاریگەریی مەزنی لە سەر زەینو دەروونی کۆمەڵگا هەبێ کە دەتوانێ حکومەتێکی توتالیتەریش پێك بێنێ."[(١)]

بونیادگەرایی ئایینی جۆرێك پەرچەکردارە بە نیسبەت مودێرنیزمو مۆدێرنیتەو ریشەکانیشی لەوێوە دێ. ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی بۆ بکەین دەتوانین بڵێین گەڕانەوەیە بۆ بنەڕەتەکانو فەندەمێنتالیزمی نوێ سەرەتا لە دنیای مەسیحیدا سەری هەڵدا، پاشان لە لایەن ئایینەکانی دیکە وەك ئیسلامو یەهوودییەتەوە قواسترایەوە. لە دنیای مەسیحیدا بە دەسپێکردنی پیرۆزی سڕینەوە لە دینو تابۆگەلی دینیو سوننەتی، پەرچەکرداری رادیکالو بە مانایەك ئورتۆدۆکسیان بۆ گەڕانەوە بۆ بنەڕەتەکان دەردەخست. بونیادگەرایی سەرلەنوێ خوێندنەوەی رادیکاڵی چەمکە سەرەکییەکانی دین وەك چەمکی جیهادو وەك روانینێکی تایبەت بۆ حەقیقەت کە هەموو حەقیقەت لای ئێمەیەو ئێمە حەقی موتڵەقین، لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. بنەمای سەرەکیی بونیاگەرایی لێرەوە شکڵ دەگرێ، یانی لە حەقیقەت ناسیو بوون ناسیی تایبەتەوە. بونیادگەراکان پەرچەکارنواندن لە بەرامبەر دنیای مۆدێرندا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بنەڕەتانەی کە لە روانگەی ئەوانەوە پیرۆزو حەقیقەتی موتڵەقن. هەربۆیە دەڵێین دەبێ بەرگرییان لێبکرێو چەمکی جیهادیش سەرلەنوێ لێرەوە سەرهەڵ دەدا کە خاڵی زەقو بەرچاوی ئەو پرۆسەیەش دەبێتە کردەوەیەکی خۆکوژانە (ئینتحاری) کە لە هێندێك قۆناغی تایبەتیشدا لە دنیای مەسیحیدا بووە. کەوابێ بونیادگەرایی لە سەرەتاوە پەرچەکردارێکی فیکری ـ مەعریفی‌یە کە دەرەنجامی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ کەلتووریی لێدەکەوێتەوە.

دوای رووبەڕوو بوونەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی لەگەڵ مودێرنیتەو مودێرنیزم دا، بەگشتی دوو رەوت لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا سەری هەڵدا: رەوتی سیکۆلار، رەوتی نەریتخواز. رەوتە سیکولارەکە زۆرتر لە چوارچێوەی وەك ناسیونالیزمو لیبرالیزم دا خۆی نیشان داو نەریتخوازییەکەش زیاتر بونیادگەرایی بوو، زۆربەی نوخبەکانیشی بە سەر ئەم دوو بۆچوونەدا دابەش بوون. ئەوەی بە دوای بونیادگەرایی دا هات وەك پەناگایەك دەڕوانێ لە بونیادگەرایی ئیسلامی، رەنگە وای هەست دەکرد لە چوارچێوەی سیکۆلارەکاندا نەگەیشتایەتە شوێنێك یان ئەو مەبەستەی دەیەویست پێی وابوو لەو رێگەیەوە پێی ناگا. لە ئاستێکی بەرینتریش دا بەشێکی دیکە لەو کەسانەی روویان دەکردە بونیادگەرایی کە کەسانێکی هەژارو نەتوانا بوون کە وەك هیوایەكو هومێدێك دەیانڕوانییە بونیادگەرایی کە رەنگە وەك دیاردەیەکی رزگارکەر یارمەتییان بدا. کەوابێ لایەنی نوخبە لە لایەکەوەو خەڵکی هەژارو ساکار لەلایەکی دیکەوە پشتگیرییان لە بونیادگەرایی دەکردو بونیادگەرایی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە پێویستی بوو بە دەستی هێنا. ئەوەش جێی باسە کە بونیادگەرایی لە یەکەم قۆناغ دا بە بابەتێکی فیکریو بوون ناسی دادەنرێو دواتر کە دێتە پلەی پراکتیکەوە دەتوانرێ وەك دیاردەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی سەیری بکەین. لە سۆنگەی زیدەڕۆیانە بوونی بونیادگەرایی دەتوانین بڵێین تیولۆژییەکی سیاسییەو خوێندنەوەیەکی زیدەڕۆیانەی سیاسی دەکاو لە رووی ئەو خوێندنەوەشەوە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتەکەی زەوینی نیەو لە ژوور زەوینەوە وەر دەگرێ. هەروەها هێندێك خسڵەت بۆ بونیادگەرایی دیاری کراوە کە هێندێك بنەڕەتی مەعریفی تایبەتی هەیە، "بۆنموونە لە باری تیۆلۆژییەوە خوایەکی قەهارو عەزابدەر وێنا دەکەنو لە باری حەقیقەت ناسییەوە بڕوایان بە حەقیقەتێکی تاقانە هەیە کە تەنیا لەلای خۆیانەو لە باری مرۆڤ ناسییەوە مرۆڤ بە کەسێکی تاوانبارو لە زاتی خۆیدا خراپ وێنا دەکەن، دنیاش وەك بۆ بە سزاگەیاندنی کەسە تاوانبارەکان دەبینن"[(٢)] لە لایەکی دیکەشەوە ناکرێ بونیادگەرایی تەنیا بونیادگەرایی ئایینی بێ، بەڵکوو بونیادگەرایی نائایینیش دەتوانێ بوونی هەبێ کە ئەگەر دوو خسڵەتی موتڵەق گەراییو بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژتر بۆ بونیادگەرایی دابنێین، دەتوانین لە چەپە توندڕەوەکانیش دا بیدۆزینەوە، جا چ لە وڵاتەکانی بلوکی رۆژهەڵاتی پێشوودا بووبێ یان شوێنی دیکە، یان هەروەها لەلای ئانارشیستەکان. کەوابوو بونیادگەرایی بەتەنیا نابەسترێتەوە بە ئایدولۆژیایەکی ئایینی، چونکە دەکرێ هەرچەشنە بۆچوونێکی دەرهەستو زەینی بە دوو خسڵەتی موتڵەق گەراییو بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژ لەگەڵ دیاردەکان دا بونیادگەرایی بێ.

لێرەدا با باس لەوە بکرێ کە ئایا بونیاگەرایی پێشتر بوونی بووە؟ ئەگەر بووە چ جیاوازی گەلێکی لەگەڵ بونیادگەرایی لە ئەمڕۆدا هەیە؟ پێش ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە پێویستە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان مرۆڤو دینو هەروەها کاریگەریی دین لە سەر مرۆڤ لە بواری مێژووییەوە باس بکەین. مرۆڤی دینی کەسێکە کە لە زەینی دا هێندێك بابەتی پیرۆزو سکرێت هەیە کە ئەگەر ئەو بابەتە پیرۆزو قودسییانە بکەونە بەر هەڕەشەو هێرش، چونکە بە حەقیقەتیان دەزانێو بڕوای پێیان هەیە پەرچەکردار نیشان دەدا. بەڵام ئەم پرۆسەیە بۆی هەیە بۆ تاکێك یا بۆ کۆمەڵگایەك یان داخوازێك روو بدا کە ئەمە خاڵێکی گرینگە.

بۆ تێگەیشتنو روانینی زیاتر لە بونیادگەرایی پێویستە باسێکی مێژوویی بکەین. لە سەردەمی ئوستوورەدا، مرۆڤ لەگەڵ ئوستوورەکاندا دەژیاو بابەتە قودسیو پیرۆزەکانی، ئوستوورەکان بوون. لە چوارچێوەی ئوستوورەکان دا ژیانی خۆیو نیگای سەبارەت بە خۆیو سروشتو بوون پێناسەو راڤە دەکرد. ئەگەر بێننو بە دیدێکی هێرمنوتیکی سەرنجی خواکانی ئەوکات بدەین، دەبینین شتێك نەبوون جگە لە ئامراز گەلێك کە مرۆڤەکان بتوانن ژیانی پێتێپەڕێننو هەستی پێدەرك بکەن. بۆ نموونە باو بارانی پێ تەفسیر بکەنو بەگشتی رووداوەکانی هەستیی پێ تەفسیر بکەن. دوای سەردەمی ئوستوورە دەگەینە سەردەمی ئایینەکان، مێژووی دین بەم جۆرە شکڵ دەگرێ، یەکەم جار لە جادوو، لە پیرۆزایەتی بابەتە جادووییەکان دەست پێدەکاو دواتر دەچێتە سەردەمی ئوستوورەو دواتر دەچێتە سەردەمانی چەند خواییو سێ خودا دەمێنێتەوە، دواتر دەگەینە سەردەمی دوو خوایی (سەنەوییەت) بۆ وێنە ئایینی مانەوی، ئایینێکی دوو خودایییە کە خواکان، رووناکیو تاریکین. لەوێدا هەم تاریکی و هەم رووناکی هەردووکیان خودانو پیرۆزایەتییان هەیە. دوای ئەم سەردەمە دەگەینە سەردەمی تاقە خودایی، کە ئایینی ئیسلامو جوولەکە ئایینی تاقە خودایانن. یانی دەتوانین بڵێین ئەم ئەندیشەیە بەرەو کامڵبوون دەڕواو نیشان دەدا کە مرۆڤ خەریکی چاککردنی بیرو ئەندیشەی خۆیەتی. لە دوای ئیسلامەوە ئەم پرۆسەیە شکڵێکی دیکە وەردەگرێ، پاساودارترو مەعریفیتر دەبێتەوەو دەبینین موسوڵمانەکان لە چاو پێشوو کەسانی پراکتیرو لە باری کردەوەوە چالاکترن، بۆیە بە وتەی خۆیان دەست دەکەن بە شارستانییەت دانانو لە سەدەی دووهەمی کۆچیدا شارستانییەتێك دادەمەزرێنن. ئەمە گرینگە چونکە پێوەندی بە بونیادگەرایییەوە هەیە. "سەردەمی شارستانییەتی ئیسلامی تا سەدەی سێهەمو چوارەم درێژەی دەبێ، لەو سەردەمەدا گەلێك بکەری ئیسلامی وەك زماننناسی ئیسلامیو تیولۆژی ئیسلامی سەرهەڵدێنن، بەتایبەت لە سەردەمی مەئموونەدا کە گرنگترین رووداوی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە گەورەترین سەرچاوە مەعریفەتییەکانی دنیای رۆژئاوا وەردەگێڕدرێتەوە سەر زمانی عەرەبیو زۆریش کاریگەری لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی دادەنێ".[(٣)] ئەمەش دەسپێکی هاتنی فەلسەفەی یونانییەو زۆر زانستی وەك شیمیو فیزیکەو نجووم لە میسرو یۆنان دێنە ناو شارستانییەتی ئیسلامییەوە. لێرەوە ماڵێکی رێكو پێك بە ناوی شارستانییەتی ئیسلامی چێ دەکرێ کە تا دڵی ئورووپاش کە ئەندۆلۆس بێ رۆیشتوە. لەو لاوە ئەفریقای گرتووە، لەملاوە لە سەدەکانی دواتر (هەڵبەت نە لە رێگای شەڕەوە) دەچێتە ئاسیای دوور.

بەم زانیارییەوە دەتوانین بڵێین بونیادگەرایی ئیسلامی نۆستالۆژیاو حەسرەتێکە بۆ ئەو شارستانییەتە ئیسلامییە، واتە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە دیسانەوە زیندوو بێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین، بونیادگەرایانی ئیسلامی لە سەدەی بیستەمدا، لە زۆربەی باسەکانیاندا باسی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەکەن. دەکرێ بڵێین بونیادگەراکان خەونێکیان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتای ئیسلام، خۆشیان دەڵێن جیهادی سەرەتاییو موسڵمان کردنی دیتران چەمکێکە کە بونیادگراکان لەو سەردەمەیان وەرگرتووە.

> **لە نێوان بونیادگەرایی بە شێوەی ئیسلامیو بونیادگەرایی لە شێوەی ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان دا. لە بونیادگەرایی ئیسلامیدا باسی بان زەوینی لە ئارادایە، ڕەهەندێکی یوتوپیایی کە باس لە زاڵبوونی جیهانێکی دیکە دەکا، بەڵام لە ئایدیۆلۆژیای مودێرندا ئەگەر یۆتۆپیا بێ یوتوپیاکە ئەم دنیاییە. ئەم جیاوازییە وا دەکا، شەڕئەنگێزیی فیزیکی لە بونیادگەرایی دا لە تەشقی خۆیدا دەگا بە خۆکوژیو ئەویترکوژی یانی بۆ گەیشتنو چوونە دنیای داهاتوو کۆتایی کردەکە ئەو جیهانییە نەك ئەم جیهانە**

هەروەها جیاوازی گەلێکیش هەیە لە نێوان بونیادگەرایی بە شێوەی ئیسلامیو بونیادگەرایی لە شێوەی ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان دا. لە بونیادگەرایی ئیسلامیدا باسی بان زەوینی لە ئارادایە، رەهەندێکی یوتوپیایی کە باس لە زاڵبوونی جیهانێکی دیکە دەکا، بەڵام لە ئایدیۆلۆژیای مودێرندا ئەگەر یۆتۆپیا بێ یوتوپیاکە ئەم دنیایییە. ئەم جیاوازییە وا دەکا، شەڕئەنگێزیی فیزیکی لە بونیادگەرایی دا لە تەشقی خۆیدا دەگا بە خۆکوژیو ئەویترکوژی یانی بۆ گەیشتنو چوونە دنیای داهاتوو کۆتایی کردەکە ئەو جیهانییە نەك ئەم جیهانە. ئەمەش لە نێو بونیادگەرا مۆدێرنەکاندا بەو شێوەیە کە لە نێو بونیادگەرایی ئایینیدا بوونی هەیە، بوونی نیە. خاڵێك کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە بونیادگەرایی سوننەتی لە دنیای خواوەندو خوا تەوەردا بووە، بەڵام بونیادگەرایی مودێرن لە دنیای هۆمانیستیو مرۆڤ ناوەندایە. بونیادگەرایی ئیسلامی ئێستا کە لە دنیای مۆدێرندا سەری هەڵداوە لە باری ئەندیشەو بیرەوە سوننەتییە، بەڵام لە مۆدێرنترین ئامرازەکانیش کەڵك وەردەگرێ، تیرۆریزمێکیش کە لەو بونیادگەرایییەوە سەرهەڵ دەدا دەبینین لە پێشکەوتووترین ئامرازی تێکنۆلۆژیا کەڵك وەردەگرێو بە مانایەکی سنوورداریش لە زانست کەڵك وەردەگرێ، لە هەر کوێدا بزانێ زانستو دۆزینەوە تازەکان بە قازانجیەتیو مۆری تەئید لە روانگەکانی ئەم دەدا بە شێوەیەکی (هەڵبژاردەیی) وەری دەگرێو لایەنگریی لێدەکا، لە هەر شوێنێکیش دا زانست خەوشێك بخاتە ناو بایەخەکانیەوە رەتی دەکاتەوە.

ئەگەر بێنو لە روانگەی حوقووقیشەوە بڕوانین دەبینین بونیادگەراکان لە بنەماکانی حوقووقی ئیسلامی بە قازانجی خۆیان زۆر کەڵکیان وەرگرتوە. ئەگەر بڕوامان بەوە بێ کە وڵاتە ئیسلامییەکان سیستمێکی حوقووقی تایبەت بە خۆیان هەیەو سەرچاوە مەعریفییەکانی ئەو سیستمە تایبەتە، لە لایەکی دیکەشەوە سیستمی حوقووقیی دنیای مودێرنو مافی مرۆڤ هێندێك بنەڕەتی مەعریفیی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیاوازە لەو سیستمە سوننەتییەی زیاتر جەختی لە سەر (ئەرك) دەکرد نەك (ماف)و هەروەها بڕواشمان بەوە بێ کە راستە یاسای بنەڕەتی وڵاتە ئیسلامییەکان بە چاولێکردنو وەرگرتنی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ سازکراوەو لە نێوان بنەڕەتە مەعریفییەکانی ئەو سیستمە حوقووقیەداو بنەڕەتەکانی بیروڕای خەڵك جیاوازی هەیە، بەڵام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا دەتوانین بڵێین جیاوازیو هێندێك جاریش دژایەتیی نێوان ئەو سیستمە جیاوازانە رێگە دەکاتەوە بۆ شەڕئەنگێزی؟ دەتوانین بڵێین جیاوازییەکە لە پێناسەکردنی مرۆڤ دایە، "لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ دا، ناوەند مرۆڤەو دیارە وەك دیاردەیەکی سەردەمی مۆدێرن پێوەندیدارە بە مرۆڤگەرییتیەوە."[(٤)] بە رای هێندێك لە یاسازانەکان پێناسە لە مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرن دا جیاوازە لە پێناسە لە مرۆڤ لە ئیسلامیدا. دەبێ پێگەی مرۆڤ روون بکرێتەوەو لەسەر ئەوە مافەکانی بۆ دابین بکرێ، هەروەها لە سیستمی حوقووقیی هێندێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان دا کەسانێك پێیان وایە لەبەر شەڕئەنگێزییەك کە هەم لە یاسادا هەیەو هەم لە نووسینی یاساداو مانای هێندێك چەمکی وەك "مرتدو مهدورالدم"و... رێگەی ئەوە هەیە هێندێك کردەی شەڕئەنگێزانە سەر هەڵ بدا کە بەشێکی پێوەندیی بە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەو دوو سیستمە جیاوازەوە هەیەو بەشێکیش کەمو کورتییەکانی سیستمی یاساییو حوقووقی دەگەیەنێ.

ئایدۆلۆژیاو روانینی ئایدۆلۆژیك بۆ ئایین هێندێك تایبەتمەندیی تایبەتی هەیە، یەکیان ئەوەیە لە هێندێك قۆناغ دا کردەیەك کە لە لایەن ئەو ئایدۆلۆژییەوە یان بە ناویەوە ئەنجام دراوە وەری ناگرێو دەڵێ ئەمە لە من نیە، بەڵکوو ئەندیشەی من پاکەو ئەو کردەگەلە لە من ناوەشێتەوە، ئەو کەسەش ئەو کردەیەی کردوە دوورە لە پرۆگرامی ئایینەکەی من. دەبینین "مهدورالدم" لە یاسای سزادانی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام پێناسەیەکی روونی لێنەکراوەو لە پراکتیك دا سنوورێك نیە بۆ دیاری کردنی کە بڵێین ئەم "مهدورالدم" بوونە لەگەڵ بەرنامەی ئەو ئایینە دایەو ئەویتر لەگەڵ نامەو پرۆگرامی ئەو ئایینە ناتەبایە. روانینی ئایدیۆلۆژیك ناتوانێ سنووری بڕواپێکراو بۆ ئەو دوانە دیاری بکا. کەوایە ناشکرێ یەکیان وەربگرێو یەکیان بە پێی بەرژەوەندی رەت بکاتەوە، یا دەبێ هەردووکیان وەربگرێ یان رەتیان بکاتەوە یاخۆ پێناسەیەکی روونی لێبکا. دیارە ئەمەش پێوەندی بە سیستمی یاساییەوە هەیەو بونیادگەراکان لە زۆر بواردا لەو شتانە کەڵك وەردەگرن. کەوایە بونیادگەرایی پێداگرتنو بەڕێوەبردنو قەناعەتە بۆ کۆمەڵێك بنەماو باوەڕو بێجگە لەو کۆمەڵە بنەماو باوەڕە، بونیادگەراکان هیچ جۆرە بنەماو باوەڕو فکرێکیان قەبووڵ نیەو خوازیاری جێبەجێ بوونی تەنیا حەقیقەتێکنو پاراستنی ئەو حەقیقەتە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن. کەوابوو بونیادگەرایی داخستنی دەروازەکانە لە سەر باسو توێژینەوەو شیکاری زانستیانەو ملکەچییە بۆ سوننەتی رابردوو کە بە میرات پێیان گەیشتوەو بە پاكو پیرۆزو بێ خەوشی دەزانن.

سەرچاوەکان:

١ـ "روشنفکری، مدرنیزم، فرامدرنیزم، مجله قبسات، شماره اول، گفتگو با محمد آرکون"

٢ـ بۆچوونێك لەمەڕ بە سیاسی کردنی ئیسلام، عەلیڕەزا

٣ـ پێشەکی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ

٤ـ "قانون مجازات اسلامی بخش ارتداد"

*

# هەواڵە وەرزشییەکان



## کەماڵ عەلی خائازەر قارمانیی جیهان

کەماڵی عەلی خائازەر یـاریزانی بۆکـانی کیـك بوکسـینگی ئێران لە یارییەکانی نێونەتەویی کیك بوکسینگی جیهان دا پلـەی یەکەمی وەدەسـت هێنـا. ئـەم یارییانـە لـە رێکـەوتی ٩تـا ١٢ بەفرانبار لـە وڵاتـی بـلارووس بـە بەشـداریی رووسـیە، ئاڵمـان، ئیتالیـــا، ئـــوکراین، رۆمـــانی، ئێـــران، قەزاقســـتان، ئەرمەنستان،ئازەربایجان، تاجیکستانو بلاروس بەرێوە چوون.

کــەماڵیخائازەر یــاریزانی بۆکــانی کێشــی ٦٧ کیلــوی بوکسینگی ئێران بە دوای سەرکەوتن بە سەر رەقیبـەکانی خـۆی لە وڵاتانی ئاڵمان، ئەرمەنستان، ئوکراینو ئیتالیا میـدالی زێـرو پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هێنا.

## پلەی یەکەمی پینگ پونگی ئێران بۆ رەحمەت پەنا

بێهنام رەحمەت پەنا یاریزانی سـنەیی پیـنگ پـونگ، پلـەی یەکەمی قارەمانیی ئێرانی وەدەست هێنا. ئەم یارییانە لە شـاری تاران دەستیان پێ کردو رۆژی ١٨ی بەفرانبار کوتاییان پێ هات و لە ئاستی تیمی دا کوردستان پلەی سـیهەمی ئێرانـی بەدەسـت هێنا و لە ئاستی تاکەکەسی دا کە بە بەشداریی ١١٦ یاریزان بـە رێوەچوون، رەحمەت پـەنا بـە دوای سـەرکەوتن بـە سـەر تـەواوی هەڤرکەکانی دا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. پێویسـتە بگـوترێ رەحمەت پەنا لە یاری پێش کوتایی دا (٣ـ٠) لـە بـارامپور و لـە یاری کوتاییش دا ٣ـ٢ لە مێهران ئەحەدیی بردەوە.

## ئێران ـ بەحرەین یەکەمین یاری سەرەتایی جامی جیهانی ٢٠٠٦



قوناغی دووهەمی یارییە سەرەتاییەکانی لە ئاسیا بۆ بەشداری جامی جیهانی لە لایەن کونفدراسیونی فووتبـاڵی ئاسـیاوە دیـاری کران. لەم قوناغەدا هەشت وڵاتی سەرکەوتوی قوناغی یەکەم لە دوو گروپدا بە شێوەی چوونو گەڕانەوە (رفت و برگشت) یاری دەکـەن و یەکەم و دووهەمی گرووپەکان راستەوخو بۆ جامی جیهانی سەردەکەون و سێهەمین گروپەکانیش پێکەوە یاری دەکەن تا سەرکەوتوی ئـەم یارییە لەگەڵ تیمی چوارمی کونگا کاف یاری بکا و دوای سەرکەوتن لە جامی جیهانی دا بەشداریی بکا.

پێویستە بگوتری لە یارییە سەرەتاییەکانی جامی جیهانی ٢٠٠٢ دا لە دواین یاری گرووپی خۆی دا لە مەنامە ٣ـ١ لە بـەحرەین شکستی خواردو نەیتوانی لە جامی ٢٠٠٢ بەشداریی بکا. ئیسـتا بـە دوای چـوار سـاڵ دیسـان ئـەم یارییـە دووپـات دەبێتـەوە بـەو جیاوازییە کە ئەم جارەیان یەکەمین یارییە، بەحرەین دەباتەوە یا ئێران؟ تا رۆژی ٢١ی رێبەندان چاوەڕوان بن.

گرووپی یەکەم: کورەی باشور، کوێت، عەرەبستان، ئوزبەکستان

گرووپی دووهەم: ژاپۆن، ئێران، بەحرەین، کورەی باکوور

٨٣/١١/٢١

| | |
|---|---|
| بەحرەین ـ ئێران | کورەیای باشور ـ کوێت |
| ژاپون ـ کورەیای باکور | ئوزبەکستان ـ عەرەبستان |

## لیگی زورانی ئێرانو پلەی سێهەمی نەوتی کرماشان

رۆژی ١١ی بەفرانبار تیمی نەوتی کرماشان لە نوهەمین یاریی خۆی دا لە لیگی یانەکانی زۆرانی ئێـران لـە شـاری کرماشـان لـە بەرامبەر لاوانی سەلام ١٨ـ١٢ سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

رێزبەندی تا کۆتایی یارییەکانی رۆژی نۆهەم

١ـ پاسی تاران٩یاری ١٥ خاڵ
٢ـ پرێسپۆلیسی تاران ٩یاری ١٢ خاڵ
٣ـ نەوتی کرماشان ٩ یاری ١٢ خاڵ
٤ـ ئاهەنی بافوق ٩ یاری ٧خاڵ
٥ـ لاوانی سەلام ٩ یاری ٦ خاڵ
٦ـ ئادونسی خوراسان ٩ یاری ٢ خاڵ

## پلەی دووهەمی زۆرانی ئێران بۆ کرماشان

یارییەکانی زۆرانی ئازادی قارمانبی ئێران لە کوتاییـەکانی مانگی سەرماوەز لە شاری کرماشان بەرێوەچوو کە لـە کوتـایی دا یاریزانانی کرماشان چـەندین سـەرکەوتنیان وەدەسـت هێنـا. لـەم یارییانەدا لە کێشی ٦٦ کیلۆدا: ماشاڵڵا حوسـینی لـە کرماشـان پلەی سێهەمی بە دەست هێنا.

ـ لە کێشی ٨٤ کیلۆدا: فـەرهاد مونتـەزریانی لـە کرماشـان پلەی یەکەمیبەست هێنا.

لە کیشی ٩٦ کیلـۆدا: جەعفـەر دلێـری لـە کرماشـان پلـەی یەکەمی بەست هێنا.هـەر لـەم کێشـەدا سـەعید تەهماسـبی لـە کرماشان (B) پلەی سێهەمی بەست هێنا.

لە ئاستی تیمیدا: ١ـ مازندەران٦٤/٥، ٢ـ کرماشان ٤٤/٥، ٣ـ هەمەدان ٤٢ خاڵیان وەدەست هێنا.

## باشترینەکانی فووتبال لە ساڵی ٢٠٠٤

لـە لایـەن فیدراسـیۆنی نێونەتـەوەیی فووتبـالی (فیفـا) لـە دانیشنتێکدا کـە بـە بەشـداریی پسـپۆڕانو راهێنـەرانی فووتبـال بەرێوە چوو، باشترینەکانی فووتبالی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٤ دیاری کران.

باشترین یاریزانی پیاو: رۆنالدێ ینهۆ (برێزیل)
باشترین یاریزانی ئافرەت: بریگێت پرتیز (ئاڵمان)
باشترین تیمی ساڵ: برێزیل
باشترین یاریزانی فووتبال: فالکائو (برێزیل)
یاری جوامێرانە: برێزیل
زۆرترین پێشکەوتن: چین
خەڵاتی تایبەتی: بۆ فیدراسیۆنی هائیتی

درێژەی لاپەڕەی ٣

## کومیتەی یەکیەتیی لاوان لە درامن، رێورەسمێکی بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ساڵـی نوێی زایینییەوە بەڕێوەبرد

پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممۆ، رێکـەوتی ٢٠٠٥/١/٨ی زایینـی، کومیتـەی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران لـە شـاری درامـن، رێـورەسمێکی بـە بۆنەی کۆتاییهاتنی ساڵـی نوێی زایینیو بە مەبەستی پێکهێنانی دیـدارێك لـە نێـوان دۆسـتانو لایـەنگرانی یەکیەتییەکەو سەرجەم ئەندامانو لایـەنگرانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، لـە ناوچـەکانی "بوسگەروود"، پێك هێنا.

رێوڕەسمەکە بە سروودی "ئەی رەقیـب"و راگرتنـی بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شـەهیدانی کوردسـتان دەسـتی پێکرد. پاشان بـەڕێزان مەنسـوور عـەزیزی، بەرپرسـی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو مەجیـد یارحوسێنی قسەیان بۆ بەشداربووان کرد. لـە بەشـێکی دیکەی رێوڕەسمەکەداکێبەرکێیەك لەنێوان دوو دەستە لە لاوەکـاندا بەرێوەچـوو. دوابەشـی رێوڕەسمەکـەش بـە گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردی رازایەوە.

## ئاگرکەوتنەوەیەك بوو بە هۆی سووتانی ١٣ قوتابی لە گوندێکی چوارمەحالوبەختیاری



وێنەی قوتابییەکان لەگەڵ مامۆستاکەیان

بەیانیی رۆژی پێنج شەممە ٢٤ی بەفرانباری ئەمساڵ، لـە رووداوێکـی دڵتـەزێندا ١٣ منداڵی قوتابی لە ئاکامی ئاگرێکدا کە بەهۆی تەقینـەوەی کـوورەی نـەوتی پۆلەکـەیان، هەڵگیرسـابوو، سـووتان. ئـەو کارەسـاتە لـە دێـی "سـپیدران"ی سـەر بـە چوارمەحالوبەختیاری، رووی دا.

قوربانییەکان ٧ کچو ٦ کوڕی قوتـابیی پۆلـەکانی چـوارو پێنجـی سـەرەتایی بـوون. مامۆستاکەشیان کە لاوێکی ٢٠ ساڵەی "سربازمعلم" بە ناوی "شیروان خوسـرەوی"یـە، لە ئاکامی سووتانی زۆردا، حاڵی خراپەو لە نەخۆشخانەیەکی تایبـەت بـە سـووتاوان لـە ئیسفەهان، لەگەڵ مەرگ دەستو پەنجە نەرم دەکا.

### نۆروێژ

## سمینارێك بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەدژی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان

بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکان سـەبارەت بـە دەنگـدانی رەوەندی کورد لـە هەڵبژاردنـە چاوەڕوانکراوەکانی عێـراقدا و هـەروەها هەڵوێسـتی ئـەو کۆمسـیۆنە بەرامبـەر بەشداریی کوردە گەڕاوەکانی کەرکوك و بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆریـان لـە فۆرمـەکانی دەنگـدان، ڕێکخـراوی (ئاڕ.کەی.ئاڕ) کە ڕێکخراوێکی نۆروێژییە و پشـتگیریی لـە کـورد دەکـا، سـیمینارێکی لـە شـاری "ئۆسـلۆ"ی پایتەخت بۆ پارت و لایەنە کوردستانییەکان ساز کرد.

لەلایەن بەشداربووانی سیمینارەکەوە چەندین قسەوباس لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنەکان کراو چـەندین لیژنـە، لەوانە "لیژنەی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان" دامەزران بۆ ئەوەی کارەکان بەڕێوە ببەن.

دواتریش بڕیار درا یادداشتنامەیەك بە ئیمزای کوردەکانی نۆروێژەوە دابڕێژرێو داخوازییەکانی رەوەندی کـورد لەو وڵاتە بگەیەنرێتە شوێنی مەبەست .

پارتە بەشداربووەکان بریتی بوون لە:

پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، پـارتی دیموکراتی کوردستان/ باکوور، کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول

سەرچاوە: سایتی "پەیامنێر"

## ڕێژیمی ئێران بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، هیچ بنکەیەکی دەنگدان لە ئوستانی کوردستاندا ناکاتەوە

نووسینگەی گشتیی هەڵبژاردنی عێراق، ناوەندەکانی دەنگدانی لە ئێـراندا رایگەیانـد بـەو پێیـە ئوسـتانی کوردستان کە دەگوترێ هەزاران کوردی عێراق تێدا نیشتەجێن، هـیچ سـندووقێکی دەنگـدانی تـێدا دانـانرێ. کارناسە سیاسییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هۆی رێگانەدانی رێژیمی ئێران بە دامەزرانی بنکەکانی هەڵبـژاردن لە ئوستانی کوردستاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو رێژیمە پێیخۆشە رێژەی دەنگدەرانی کـورد لـە هەڵبـژاردنی داهاتووی عێراقدا بێتە خوارەوە، ئەوەش خۆی نیشانەیەکی دیکەیە لە دوژمنایەتی ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە لەگـەڵ مافو ئازادییەکانی گەلی کورد، تەنانەت لە وڵاتانی دراوسێشدا.

# KURDISTAN

**Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan**

**No: 405 19 Jan 2005**

**ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:**

www.kurdistanmedia.com e- mail: info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org e- mail: pdkiran@club-internet.fr

www.rdki.com e- mail: rdk_iran@yahoocom




# بەهمەنی قوبادی بوو بە داوەری چەند فستیڤاڵی نێونەتەوەیی

بەهمەنی قوبادی دەرهێنەرو فیلمسازی بەناوبانگی کورد، بوو بە ئەندامی دەستەی داوەرانی فستیڤاڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی ڕوتێردامی هولەند، "جۆنجۆ"ی کوریای باشوورو "لادوکەندە"ی پورتەغال. فستیڤاڵەکانی "ڕوتێردام" لە ٧ تا ٨ی ڕێبەندان دا، "جۆنجۆ" لە ٨ تا ١٦ی بانەمەڕداو "لادوکەندە" لە ١٢ تا ٢٠ی پووشپەڕی داهاتوو بەڕێوە دەچن.

"کیسەڵەکانیش دەفڕن" تازەترین بەرهەمی بەهمەنی قوبادی هەر ئێستا لە فستیڤاڵەکانی ئەکادیمیای هونەری "هۆنۆلوولوو"، هاوایی ئەمریکاو فیلمی "ترومۆ"ی نوروێژدا بەشدارە. فستیڤاڵەکانی فیلمی: ڕوتێردام (هولەند)، یوتوبوری (سوئێد) میامی (ئەمریکا)، پۆرتلەند (ئەمریکا)، منداڵان (بێرلین)، نات (دانیمارك)، منداڵان (ڕۆم)و "ئەلیس لە نێو شار"(ئیتالیا)، دەبنە خانەخوێی ئەم بەرهەمەی قوبادی. فیلمی تازەی قوبادی پێشتر لە بەشی بەرهەمە دەرەکی‌یەکانی خەڵاتی ئوسکاردا، ناسێنرابوو. **Gooyanews**

# بۆ پێشگیری لە ئاکامە دڵتەزێنەکانی دیاردەی سونامی



حەوتوونامەی "نێونەتەوەیی" چاپی پاریس لە زمانی گۆڤاری "نیوزویك"ەوە نووسی: ڕاهێنانی مێشکەکان بۆ پێشگیری لە ئاکامە دڵتەزێنەکانی دیاردەی "سونامی"و بەربەرەکانی لەگەڵ مەترسی‌یەکانی، لە پێشەوەی هەموو هەنگاوێکی پێویستی دیکەیە.

"نیوزویك" بۆ سەلماندنی کاریگەربوونی ڕێگاکانی پێشگیری، ئاماژەی بە بوومەلەرزەی ٤ی ئوکتوبری ١٩٩٤ی باکووری ژاپۆن کردوە کەسەرەڕای ئەوەی توندی‌یەکەی ٨/٤ پلەی ریشتێر بوو، چونکە ڕێگاکانی پێشگیری لەو وڵاتە ڕەچاوکراون، تەنیا ١٠ کوژراوی لێ‌کەوتەوە. "نیوزویك" هەروەها نووسیویە: ئەگەر پشت ئەستوور بە زانست، کاتی پێویست بۆ وریاکردنەوەی مێشکەکان‌و فێرکردن‌و ڕاهێنانە تایبەتی‌یەکانی تەرخان بکرێ‌و لە ئیمکاناتی تێکنۆلۆژیك بۆ کەمکردنەوە لە هێزی وێرانکەری شەپۆلەکانی دەریا کەڵك وەربگیرێ، ئەو کاتەش کە "سونامی"ی وەك ئەوەی ٢٦ی دیسامبری ڕابردوو ڕوودەدا، دەتوانین هیوادار بین کە ژمارەی قوربانی‌یەکان زۆر کەم دەبێ. ڕۆژنامەی ئەڵمانی "دێرشپیگل"یش کە لە هامبورگ بڵاودەبێتەوە، لە زمانی توژەرە جوغرافیایی‌یەکان نووسی: ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ئاوەکانی ئوقیانووسی ئەتڵەسیش بۆ وێنە لە دورگەکانی قەناری‌دا، سونامی ڕوو بدا.



# شێلگیربوونی فەرانسە لە سەر بەکارهێنانی زمانەکەی

ئاکادیمیی فەرانسە بەرامبەر بە هاتنی وشەی نوێ‌و بێگانە بۆ نێو زمانی فەرانسە، هەستیارەو، هاتنی وشەی بێگانە بۆ نێو ئەو زمانە دەبێ لە ڕێگای قانوونی ئەو وڵاتەوە، پەسند بکرێ. بەو حاڵەشەوە، بەجیهانیبوون‌و بوونی جیهان بە گوندێك وای کردوە بەرە بەرە زمانی ئینگلیسییش ببێ بە زمانی ئەو گوندە جیهانی‌یەو باڵادەستیی ئەم زمانە بۆ وتووێژە ڕەسمی‌یەکان لە وڵاتانی جیهان دا، ئەوەندە بەهێز ببێ کە تەنانەت زمانی فەرانسەش پاشەکشەی لەبەرامبەردا بکا. دادگایەکی خۆجێیی لە ڤێرسای ژانویەی ئەمساڵ ڕای‌گەیاند کە خەباتی فەرانسە بۆ گونجێندرانی وەرگێڕاوی فەرانسەیی داواکاریی شتومەك لە پێوەندی‌یە بازرگانی‌یەکان‌و دامەزاوە فەرانسەیی‌یەکان لەگەڵ ئورووپادا، سەرئەنجام بەئاکام گەیشت. دادگا کردوویە بە ئەرك کە وەرگێڕاوی فەرانسەیی دەبێ لە هەموو ئامرازە نەرمەکانی کامپیوتێرو بەڵگەنامەکانی ئەو کەلوپەل‌و شتومەکانەی پێوەندییان بە سلامەتی‌و خاوێنیی نەخۆشخانەکانەوە هەیە، بگونجێندرێ.

**رادیو فەردا**



# ساڵی ٢٠٠٤، ساڵی فرمێسك‌و خەم، ساڵی تۆڵەو تەقینەوە

شەیدا بامداد ـ تۆرێنتۆ

## ساڵی ٢٠٠٤ ساڵی نائەمنی بۆ منداڵان

ساڵی ٢٠٠٤، ساڵێك بوو کە دیسان بەشێکی زۆر لە منداڵانی دنیا، هەژارانەترو لێقەوماوانەتر لە پێشوو لەگەڵ برسیەتی‌و بەدخۆراکی، بێبەشی لە ئاوی خاوێنی خواردنەوەو بێبەشی لە خوێندن‌و لەشساغی‌دا، ژیانیان بردە سەر. ساڵی ڕابردوو، ساڵی بەڕێوەچوونی تووڕەیی‌و توندوتیژیی بەرنامە بۆدانراو لە دژی منداڵانی جیهان بوو. لە قوتابخانەیەکی شاری بێسلان لە باشووری ڕووسیەو لە جێژنی یەکەم ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانەدا، زیاتر لە هەزار منداڵ بە بارمتەگیران، پاش تێپەڕکردنی ٣ شەوو ڕۆژ لە نێو ترس‌و وەحشەت دا، لەلایەن بارمتەگرانەوە کران بە سپەرێکی مرۆیی‌و درانە بەر ئاگری گوللە، دروێنەکران‌و . . . ئەوانەش کە گیانی خۆیان بۆ دەرباز کرا، هەتا لە ژیان دا ماون دەبێ لەگەڵ مۆتەکەی لە خوێن گەوزانی هاوپۆلەکانیان، مامۆستاکانیان‌و دایك‌و بابەکانیان دا بژین.

لە ئەندونێزی، تایلەند، تایوان، چین، فیلیپین‌و زۆر وڵاتی دیکەی ئاسیایی‌و ئەفریقایی، جەستەی هێشتا نەپشکوتووی منداڵانەیان، زیاتر لە ساڵانی پێشوو لە لایەن کڕیاران‌و فرۆشەرانی شەرەف‌و کەرمەتی ئینسانی‌یەوە ساتوسەودایان پێ‌کرا تا لە بازارەکانی کاڵای سێکس دا، بفرۆشرێن.

هەزاران منداڵ، لە ناوچە هەژارو شەڕلێدراوەکانی ئاسیاو سەرزەویی دێرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی تووڕە، لە عێراقی خوێناوی‌دا، لە ئەفغانسانی زۆر لێکراو، دارفووی قەیرانی، لە ڕواندای ماتەمبارو تەنانەت لە پێنج شەمۆی خوێناویی شەمەندەفەرەکانی مادریددا، لە نێو ئاگرو تەقینەوەدا هەڵپڕووکان، یا بە بێدەنگی‌و بەستەزمانی‌یەوە، شایەدی دەستدرێژی بۆ سەر دایکان‌و خوشکانیان بوون.

بە میلیۆنان، لە ئاکامی شەڕە نێوخۆیی‌یەکان‌و هێرشی سوپای بێگانەدا، ئاوارەو بێ‌ماڵوحاڵ بوون تا هەروا ببن بە نیچیرێکی باش بۆ کەسب‌و کاری باندەکانی ئینسانفرۆشتن.

نەخۆشیی ئەیدزو شوێنەوارە دڵتەزێنەکانی، لە سایەی ٣ دیاردەی شەڕو هەژاری‌و نەزانی‌دا بە تایبەتی لە نێو منداڵان دا پتر پەرەیان گرت. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە لە ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ڕاستەوخۆ تووشی ئەو نەخۆشی‌یە بوون، یا دایکوبابیان بە هۆی ئەو نەخۆشی‌یەوە لە دەست داوە بە ١٥ میلیون کەس دانا.

سەرئەنجام لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی پاردا، زەوییش ئەو هەمووە توندوتیژی‌و فەلاکەتەی بۆ تەحەمول نەکراو وەها تووڕە بووو هەژا کە شەپۆلە وێرانکەرەکانی ئاوەکانی ئەقیانووسی بەگژ چوار هەزار کیلومیتر لە لێوارە بێ‌بەرگری‌یەکانی ئەندۆنێزی، سریلانکا، تایلەند، هیندو . . . دا کرد. یارمەتیدەران‌و فریارەسان باسی مردنی زیاتر لە ٥٠٠٠ منداڵ‌و ئاوارەبوونی یەك میلیون‌و ٥٠٠/٠٠٠ منداڵی دیکە دەکەن.

**ماڵپەڕی "شهروند"**




## مرواریی دەریای وشە

**مرۆڤی پێگەیشتوو، هەڵەیەك دوو جار دووپات ناکاتەوە. (ئەشۆ)**

**شادی بەرزترین دەسکەوتی مرۆڤە. (ئێریك فرۆم)**

**ئەگەر خەتایەك بۆ عەقل هەبێ، لە خۆ ڕازیبوونە. (کوری موقفەع)**

**بیرمەندیی، جەوهەری بلیمەتی‌یە.(ژان پول سارتێر)**

**باڵادەستیی خوێندەوەران بە سەر نەخوێندەواران دا، وەك باڵادەستیی زیندووەکان بە سەر مردووەکان دایە. (ئەرەستۆ)**

# ڕێبەرو پەیرەو یا ئیمام‌و ئۆممەت؟!

**بەرلەماڵاوایی**

**ئەم دەقەی لەبەر دەستتان دایە، هەڵبژاردەیەکە لە پێشەکیی وتاری "سێهەم برادەرانی سوشیانت"ی نووسەرو ڕەخنەگری بەناوبانگی ئێرانی ئاغای ڕەزا بەراهەنی کە لە بەرگی دووهەمی کتێبی "طلادرمس"دا (لەبارەی شێعرو شاعیری‌یەوە) بڵاو بۆتەوە. مێژووی نووسینی وتارەکانی ئەم کتێبە بۆ نزیکەی چل ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوە. بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی چوار دەیە لە نووسرانی کتێبەکەو لەگەڵ ئەوەشدا کە مەبەستی بەراهەنی لەم نووسینەی‌دا جیهانی ئەدەبیات‌و کەلتوورە، بەڵام هەر وابزانە بە زمانێکی ئەدەبی، جۆری پێکهاتەو پێوەندی‌یەکانی هێندێك ڕێکخراوی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی جیهانی سێهەم، هەر ئەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ناوچەو وڵاتەی خۆمان، ئەویش لە ڕۆژگارێکی ئەمڕۆدا باس دەکا.**

**من لەو دەقەدا کارێکم بە مەبەست‌و داوەریی چل ساڵ لەمەوبەری ئاغای بەراهەنی لەبارەی کەسێکی دیاریکراوەوە نیە. ئەوەم بەلاوە گرنگەو دەمەوێ سەرنجی ئێوە خوێنەرانی بەڕێزیشی بۆ ڕابکێشم کە ئەو قسانە بەڕاستی پڕ بە پێست‌و "وصفالحال"ی زۆر "ئیمام‌و ئۆممەت"و "ڕێبەرو پەیڕەو"ن کە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا تێیان هەڵدەنگووین: ع. وریا**

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە هێندێك جار هەڵدەکەوێ لە پڕ نەفەرێك، لە ماوەی چەند ساڵی کەمدا، ببێ بە ئیمامزادەیەك، پیری موغانێك، ئاڵا هەڵگرێك یا ڕێبەرێك. دەمارگرژان‌و نەزانان‌و منداڵ ڕەوشتان، هێندێك جار بەشێوەیەکی ئەوەندە گەرم‌و گوڕ ـ جا بە ساختەچیەتی بووە یان هەر بەڕاستی ـ وەها دەوری پیاوێك دەدەن کە ئیمکانی خەوشدارکردنی هەرێمی پیرۆزی‌و گەورەیی ئەو کابرایە دەکەن بە کارێکی لە کردن نەهاتوو. ئەم جۆرە کەسانە قەڵایەکی قایم لە وشە جوان‌و ڕەنگاڵەیی‌یەکانیان بە دوری ئەو پیاوەدا هەڵدەچنن‌و ڕیزەکانی دەمارگرژیی خۆیان ئەوەندە ڕێکوپێك‌و چڕو پتەو دەکەن کە هەر هێرشبەرێکی خاوەن گومان، نەك هەر هەرگیز نەوێرێتەوە هێرش بکا، بەڵکوو نەشوێرێ لە نزیکەوە سووکە ئاوڕێك لەو دیوی ڕیزە چڕو پتەوەکان بداتەوە هەتا بزانێ لە پشت ئەم هەمووە سەرنێزەی پێکەنینی تێکەڵ بە سووکایەتیی دەمارگرژانەوە، ئەرێ بەڕاستی ئەو کەسەی خۆی لە چاوان نەدیو کردوە، بەڵام دەیهەوێ فەرمانڕەوای هەرێمی ئەوسەر نادیار بێ، کێ‌یە؟

لە جیهانی ئەدەبیات‌و کەلتووردا، کە نابێ بێجگە لە هەقیقەت، هیچ ڕێوشوێنێکی دیکەی بەسەردا زاڵ بێ، هەوڵی هەموو فەرهەنگسازان‌و بەرهەمهێنەرانی ئەدەبیات‌و کەلتوور، دەبێ بنیاتنانی حەقیقەت بێ. ڕەنگە بکری جارجارە چاوپۆشی لە هێندێك شت بکەین، بۆ وێنە لە ژمارەیەك لە نێزەبەدەستانی ڕیزی پێشەوەی [پارێزەرانی] قەڵاکانی دەمارگرژی، سەبارەت بە جەهالەت‌و نەزانی‌و بێبەشبوونیان لە توانای تێگەیشتن ببوورین‌و پێنووسی لێخۆشبوون بەسەر تاوانە زامخولقێنەکانیاندا بێنین، بەو هیوایە ڕۆژگارێکی ئەوەندە زۆر نەخایەنێ کە تیشکی بینایی‌و زانین بچەقێتە تەوێڵیان‌و، ئەگەر دارستانێکی باڵا بەرز لە ئاوەزو ڕوانینی مرۆڤانەش لە هەناویاندا سەرهەڵ نەدا، لانیکەم دارێك یا نەمامێك لە نەمامە شلك‌و لاوێنەکان لە نێو دڵیاندا بڕوێ‌و، ئەگەر ئەم نەمامە، دەردی کەسانی دیکەشی دەرمان نەکرد، هەر نەبێ تاریك‌و ڕوونی ئۆقرەیەك بخاتە سەر ڕوومای تاریکیان.

بەڵام تاوانی ئەو کەسەی لە پشت ئەم ڕیزە چڕو پڕانە، چۆتە نێو قەپێلکی حەکیم‌و چازانان، بەکجار گەورەو گرانترە. چونکە ئەم شوعووری هەیەو بەم شوعوورەی، لە جیاتی بێ شوعووری لەنێو ببا، لە بێ‌شوعووری بە قازانجی خۆی کەڵك وەردەگرێ. خۆی وەها هەڵخستوە کە ئەگەر لە دوورەوە لێی بڕوانی وا دەزانی قەبای پیری موغانی هەر بە بەژنی وی بڕاوەو، ناتوانی هیچ گومانێك لە گەورەیی‌و مەزنایەتی‌یەکەی بکەی، چونکە ئەو بەجۆرێك خۆڵی کردۆتە چاوی کەسانی دی‌و بەهەڵەی بردوون، هەر کە سەری لە شوێنێك وەدەرنا، ئەوەندە پاك‌و بێگەردو گەورە دەنوێنێ، ڕۆڵی دلۆڤانی‌و خاکەڕایی‌و دەروێشیی ئەوەندە پسپۆڕانەو بەجوانی بەجێ دێنێ، هەر وابزانە پیری موغان لە توێی شێعرەکانی حافزەوە هاتۆتە دەرو بەرامبەرمان وەستاوەو، ئێمەی زیارەتکەرانی ئەم ئیمامزادە پاکەو مەرقەدی موبارەکی، شەوو ڕۆژ دەبێ سەر وەلاشیپانەی دەرگاکەی بکەین‌و خۆمان بە کۆیلەو نۆکەری ئەم بوونەوەرە دابنێین‌و، خزمەتکارو خۆڵماڵی ئاستانی پیرۆزی بین.

هەموو کاتێك، قسەی گڕنی‌گڕنی‌و دەمشکێن دەکرێ بکرێ، هەموو کاتێك دەکرێ قەبە خاکەڕا، قەبە عەقڵمەند، قەبە ڕەوشتزان‌و لە ئاوی شەوێ پاکتر بین یا وا بنوێنین لە ئاوی شەوێ پاکترین، بەڵام حیسێبی حەقیقەت لەم قسە قەبەوگڕنی گڕنییانە، جیایە. حیسێبی حەقیقەت، حیسێبی حەقیقەتەو، نە دەتوانی پێشکێشی دەروێشی مسکینی کەی، نە دەگونجێ بە دیاری بیدەی بە دەرۆزەکەرێکی ئاماڵ دەروێش. حەقیقەت، تەنیا دەتوانی بە حەقیقەت خۆی‌و تامەزرۆیانی ڕاستەقینەی، بیبەخشی، دلۆڤانانەو شێلگیرانە بە قەڵەمبازی گەورە بۆی بگەڕێی، بیدۆزی‌یەوەو بەبێ هیچ دڵپێوەبوونێك، بە ئازادیی تەواوەوە پێشکێشی بکەی. باوەڕ بکەن حەقیقەت وایە، وەك پێوەدانی هەر دووك تای دەروازەی ئاسمان وایە، دەنگی هەیە. چلۆن دەکرێ دەنگی نەبێ؟